گوڵان
www.gulan-media.com
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com


■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
پشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

گوڵان
ژمارە (٧٣٥)
٢٠٠٩/٦/١




مستەفا ئەحمەد:
مەگەر بە قودرەتی قادر بەرنامەی بەرنامە بەرەو پێش بچێتەوە


نەزۆک بوو و دوو منداڵیشی هەبوو!!


بە ئەنجام و ئاست یانەی هەولێر گەیشتە قـــۆناغی هەشت


وەفا ئەلکیلانی:
هەموو کارێک بەووەو خۆشە کە ئەرک و ماندووبوونی تێدا بێت


تەکنەلۆژیای تازە تا چەند حاڵەتەکانی نەزۆکی ئافرەتان چارەسەر دەکات؟


ئەڤین ئاسۆ:
ئارامۆ شۆڕشێکی خستە نێو میدیای کوردی


گەورەترین پشیلەی جیهان

# بەشداری کورد لەگەمەی نەوتدا
# مافی نەتەوەیەکی یاریزانی دەداتێ لەسەر هەردوو ئاستی ئەقلیمی و جیهانی



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

بەمەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە غازی روسی، چوار کۆمپانیا کە دوانیان ئەورووپین و دوانەکەی تریشیان عەرەبین کۆنسورتیومێکی هاوبەشیان دروستکرد، بۆ ناردنی غاز لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەورووپا.

دوو کۆمپانیا ئەورووپییەکە بریتین لە کۆمپانیای OMV کە گەورەترین کۆمپانیای پیشەسازی نەمساوییە و رابەرایەتی گرووپی نەوت و غاز دەکات لە ئەورووپای ناوەڕاست و ، کۆمپانیای MOL بۆ نەوت و غاز کە ئەویش گەورەترین کۆمپانیایە لە هەنگاریا و رابەرایەتی گروپی نەوت و غاز دەکات لە ئەورووپای خۆرهەڵاتدا و هەریەکێکیشیان چەند کۆمپانیایەکی جیهانی لەخۆ دەگرێت.

دوو کۆمپانیا عەرەبییەکەش بریتین لە کۆمپانیای دانە غاز کە گەورەترین کۆمپانیایە لە بواری وەبەرهێنانی غازی سروشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، کۆمپانیای نەوتی هیلال کە کۆنترین کۆمپانیای بەرهەمهێنانی نەوتە لە رۆژهەڵات، وا بڕیارە غازەکەی هەرێمی کوردستان لە رێی هێڵی گواستنەوەی (ناپوکۆ) وە رەوانەی ئەورووپا بکرێت، کە بڕی ١٠ ملیار دۆلاری تێچووە و بەهۆی ئەو پرۆژەیەش ئەورووپا دوور لە روسیا دەتوانێ بەشێکی پێداویستییەکانی خۆی لە غازی سروشتی دابین بکات.

ئەورووپا تا ئێستا یەك لەسە چواری پێداویستی خۆی لە غازی سروشتی لە روسیا دابین دەکرد، بەڵام بڕینی ئەو بڕە غازە لەلایەن روسیاوە، بەهۆی کێشەی ئۆکرانیاوە، وای لە ئەورووپا کرد کە بە دوای سەرچاوەیەکی هەمە جۆردا بگەڕێ.

هەردوو کۆمپانیای دانە غاز و نەوتی هیلال لە مانگی نیسانی ٢٠٠٧ گرێبەستێکی درێژخایەنیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆرکرد، بۆ بەرهەمهێنانی غاز، ئاستی وەبەرهێنانی ئەو دوو کۆمپانیایە نزیکەی ٦٠٥ ملیۆن دۆلارە و ئێستا رۆژانە ٩٠ ملیۆن پێی سێجا غاز بەرهەم دەهێنێ و واچاوەڕوانیش دەکرێ لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ دا بڕی بەرهەمهێنانەکەیان بگاتە ٣٠٠ ملیۆن پێ سێجا، بەڵام پاش مۆرکردنی ئەو کۆنسورتیۆمە وا دانراوە کە توانای کۆتایی بەرهەمی رۆژانە بگاتە ٣ ملیار پێ سێجا، بەمەیش ئەو پرۆژەیە و بەو فراوانییەی بە گەورەترین پرۆژە دادەنرێ لە مێژووی عێراقدا، کە دەکرێ بە دەستکەوتێکی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابنرێ، ئەمە سەرەڕای پرۆژەی شاری غاز کەوا مەزندە دەکرێ بە تەواوبوونی ٧٠ هەزار کارمەند لە خۆبگرێت، کە ئەمەیش کاریگەری خۆی دەبێ لە چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری لە هەرێمی کوردستاندا.

سەرەتا گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دوو کۆمپانیا عەرەبییەکە بوو، بەو بڕە کەمەی غاز کە ئێستا دەریدەهێنن توانیان تا رادەیەك کارەبا بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکەن، بەمەیش حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی نزیکەی ٢ ملیار دۆلار ساڵانە گل بداتەوە کە دەبووایە وەك پارەی سووتەمەنی بیداتە چەند کۆمپانیایەك کە ئەمەیش جێی دەستخۆشییە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان حکومەتی هەرێم نیازی وابوو ئەو پرۆژەیە فراوانتر بکات و ئەو فراوانییەش پێویستی بەوە دەکرد کە کۆمپانیای تر بەشداری تیایدا بکەن، چونکە ئەو فراوانییە پێویستی بە ٨ ملیار دۆلاری تر هەبوو، کە ئەوەیش نە لە توانای دوو کۆمپانیا عەرەبییەکە بوو، نە لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بوو، مەبەستیش لەو فراوانکردنە بەرز کردنەوەی بەرهەمی غاز بوو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەرێم و هەناردنی زیادەکەش بۆ وڵاتانی دراوسێ، کە ئەمەیش سوودێکی ئابووری گەورەی هەیە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی ناوخۆ و ئەقلیمی و ئەورووپیدا.

روسیا بەم پرۆژەیە زۆر تەنگاو بووە، راستە ئەمە رەت دەکاتەوە کە ئەو پرۆژەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆ بکاتە سەر هەناردەکەی خۆی لە غازی سروشتی بۆ ئەوڕوپا، بەڵام واقیعەکە وا ناڵێ و ئێستا روسیا لە هەوڵی ئەوەدایە پرۆژەکەی خۆی کە بە ساوث ستریم ناسراوە پەرەی پێ بدات، بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا بتوانێ هاوچاوی پرۆژە

نوێیەکە بکات و ڕەخنەگرتنی مۆسکۆش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەندێ لە وڵاتانی سۆڤییەتی پێشوو و بە هۆی پشتگیرییان لەو پرۆژە نوێیە گەورەترین بەڵگەیە کە ڕوسیا لەو پرۆژە نوێیە نیگەرانە و زۆریشی لێی نارەحەتە.

ڕوسیا بە گەورەترین هاوبەشی بازرگانی تورکیا دادەنرێ و تورکیاش بە سێیەمین وڵات دادەنرێ لە بەکاربردنی غازی ڕوسی و دوا ڕێککەوتنی هەردوو وڵاتیش لە ساڵی ٢٠١٢ کۆتایی پێ دێت.

هەر چەند ڕوسیا حەز دەکات ئەو ڕێککەوتنە درێژبکرێتەوە، بەڵام وا پێدەچێ ئەو پرۆژە نوێیە وا لە تورکیا بکات کە ئەو ڕێکەوتنە درێژنەکرێتەوە.

بەپێی پرۆژە نوێیەکە، تورکیا سوودێکی زۆر گەورەی لێ دەکات و توانایەکی زیاتری دەداتێ بۆ سەوداکردن لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپی بۆ ئەوەی وەك ئەندام لەو یەکێتییەدا وەربگیرێ، ئەمەیش بە حوکمی پێگە جوگرافییەکەی کە کەوتۆتە نێوان ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناڤین و ئەورووپا کە ئەمەیش وای لێ دەکات ببێتە هاوبەشێکی ستراتیژی لە بورای وزەدا، هەروا ئەم هێڵە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا پتەوتر دەکات ، چونکە ئەو غازەی کە لەمەودا تورکیا پشتی پێ دەبەستێ لەدابینکردنی پێداویستییەکانی سەرچاوەکەی هەرێمی کوردستانە، ئەو هەرێمەی کە بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە دەبێتە یاریزانێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی وزەی جیهانیدا، کە ئەمەیش بە تەئکیدەوە کاریگەری خۆی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و هەروا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا کە هەمیشە سەرچاوەی ناسەقامگیری بووە بۆ ئەو وڵاتەو بەربەستێکیش بووە لەبەردەم چونی تورکیا بۆ ناو یەکێتی ئەورووپاوە.

هەناردەی کوردستان دەتوانێ پێداویستییەکانی ئەنقەرە لەغازی سروشتی دابین بکات و ئەو بەربەستەش لابدات کە ئێستا لەبەردەم هێڵی ناپۆکۆدایە.

لەوانەیە هەناردەی غازی کوردستان بۆ بازاڕی تورکیا بگاتە ملیار پێ سێگا، کە ئەمەیش ٪١٠ ی توانای ناپوکۆ پێك دەهێنێت، کە هەر وەکو گوتمان لە دوا قۆناغیدا دەگاتە ٣ ملیار پێ سێگا، بەمەیش تورکیا دەتوانێ بەشێکی دیکەی پێداویستی خۆی پێ دابین بکات، ئەم هەناردەیە لە غازی سروشتی وا لە کوردستان دەکات، کە پێگەیەکی هەبێ لە گۆڕەپانی وزەی جیهانیدا.

هەناردەی ١٠٠ هەزار بەرمیل لە نەوتی کوردستان و لە ڕێی هێڵی باکوورەوە بە ڕووداوێکی مێژوویی دادەنرێ، بەو هەناردنە هەرێمی کوردستان یەکەم بەشداری خۆی لەو گۆڕەپانە ڕاگەیاند و بوو بە بەشێك لە بازاڕی نەوتی جیهانی.

با ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەناردنی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە دەبێتە هاندەرێك بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا، بەتایبەتی سەبارەت بە هەردوو یاسای نەوت و غاز و دابەشکردنی داهاتی نەوت، چونکە حکومەتی فیدراڵ لە تەنگژەیەکی داراییدا دەژیت و ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە پارەیە.

بەرای من پرۆژەی (ناپوکۆ ) یارییەکی شەترەنجی ئاڵۆزە کە تەختەکەی بریتییە لە جیهانێکی بچووك، واتە یارییەکی جیهانییە و بەشداری هەرێمی کوردستانیش لەو یارییە مافی نەتەوەیەکی یاریزانی دەداتێ لەسەر هەردوو ئاستی ئەقلیمی و جیهانی، گەمەکەش لێرە ململانێیەکی جیوپۆلیتیکیە دەربارەی دەرخواردنی پرۆژەکە بە غازی کوردستانەوە.

لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو یەدەگی ناوچەکە لە غاز و نەوت بەشێوەیەکی سنووردار ئاشکرا کرابوو، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتێکی نەوتی ئەو یەدەگە زۆرترە لەوەی کە دانرابوو.

کۆمپانیای نەوتی هیلال پێی وایە کە ناوچەکە دەتوانێ ڕۆژانە و بۆ چەند ساڵێکی داهاتوو زیاتر لە ٣ ملیار پێ سێگا ڕەوانە بکات، نیوەی ئەو برە بۆ پرۆژەکەی (ناپەکۆ ) دەبێت، کە ئەمەیش بۆ پڕکردنەوەی قۆناخی یەکەمی ئەو هێڵە بەسە.

بێجگە لە لێدوانەکەی وتەبێژی فەرمی حکومەتی فیدراڵ، وەزارەتی نەوتی عێراق تا ئێستا لێدوانێکی دژی ئەو پرۆژەیەی نەداوە، پێشتر ئەو وەزارەتە ڕەخنەی لەو گرێبەستانە دەگرت کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی مۆری کردبوو و بە نایاسایی وەسفی دەکردن.

لە ڕاستیدا ئەو ناکۆکییە بۆ ئەو ململانێ سیاسیانە دەگەڕێتەوە کە لە عێراقدا ڕەچاودەکرێن، بەتایبەتی سەبارەت بەوەی کە کێ کۆنترۆڵی سێیەم وڵات دەکات لە ڕووی یەدەگی جیهانییەوە.

ئێران چەند جار ئەو حەزەی خۆی نەشاردۆتەوە تا ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە بازاڕی هەناردەی غازی جیهانی، بۆیە ئەویش لە هەوڵی ئەوەدایە بەشداری لە پرۆژەکەی (ناپوکۆ ) بکات.

ئەم هێڵە پێویستی بە غازێکی زۆر هەیە، بۆیە تارانیش دەتوانێ ببێتە لایەن لە دوا ڕۆژدا، بەڵام کڕیارە ئەورووپییەکان ئێران بەسەرچاوەیەکی ئەگەری غاز دانانێن، تا لە ئایندەدا پشتی پێی ببەستن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەند کۆمپانیایەکی ئەورووپی پلانە وەبەرهێنانەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران ڕاگرتووە، ئەویش بەهۆی فشاری سیاسی و ئەو سزایانەی کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەسەر ئێران سەپێنراون، بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

**پرۆژەی ناردنی غاز لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەورووپا بە گەورەترین پرۆژە دادەنرێ لە مێژووی عێراقدا، کە دەکرێ بە دەستکەوتێکی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابنرێ**

# ئەمن و ئاسایش شانازیەكی دیكەی حكومەتی كوردستانە



سامی شۆڕش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

یەك لە پێوانە گرنگەكانی حوكم دان بە سەر راستی و چەوتی، جێگیری و ناجێگیریی، بەرەوپێش چوون و پاشەكشە كردنی هەر هەلومەرجێكی سیاسی، لە هەر وڵات و هەرێمێكی جیهان دا بێت، باری ئەمن و ئاسایشی ئەو وڵات و هەرێمەیە. ساغی و سەلامەتی و سەقامگیریی ئاسایش، لە جەوهەردا، بەڵگەی ساغی و سەلامەتی تەواوی بەرنامەكانی حكومەتە بە تایبەتی لە بواری سیاسی و ئابووری و ئەمنی دا.

وەك لای هەمووان ئاشكرایە، یەك لە كێشە هەرە گەورەكانی دەوڵەتی عێراق، لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا، بارودۆخە خراپ ئاڵۆزكاوەكەی ئەمن و ئاسایشە لە بەغداو لە شارەكانی دیكەی عێراقدا. ئەم بارودۆخە خراپە، تەگەرەیەكی زۆر گەورەو ناخۆشی لەبەردەم پرۆسەی بوژانەوەی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیریی ئەو وڵاتەدا دروست كردوە. بگرە تا رادەیەكی زۆریش پردەكانی متمانەی نێوان خەڵك و حكومەتی بەغدایشی تووشی شلۆقی و تەنگژەو رووخان كردووە. ئەمە راستە ئەگەرچی ئەمریكاو بریتانیاو دەوڵەتانی ئەورووپاو چەندین وڵاتی دیكەی جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەموو شێوەو شێوازێك یارمەتیی بەغدا دەدەن بۆ ئەوەی بتوانێت پێوانە سیاسیەكانی خۆی راست بكاتەوە. بەڵام چونكە بارودۆخی ئاسایش لە وڵاتەكەدا تەواو نییەو ئاڵۆزە، ئەوا هیچ كام لەو یارمەتی و پشتگیریانە جێگەی خۆیان ناگرن و لەنگەری بارودۆخی سیاسیی عێراقیان پێ راناگیرێت.

دەوڵەتی ئەلجەزائیر نموونەیەكی دیكەی ئەو راستییەیە كە ئەوا حەڤدە ساڵە بە هۆی ئاڵۆزییەكانی بارە ئەمنیەكەی، تەواوی حاڵەتە ئابووری و سیاسیەكەی ئەو وڵاتە كەوتۆتە ناو گرێژنەو كێشە كێشی قووڵەوە. نموونەی سێیەم لوبنانە كە ئەوا سی و پێنج ساڵە ئاسایشی خراپ رێگەی لە سیاسەت و بوژانەوە گرتووە. چوارەم، پاكستان و ئەفغانستان و سوودانە. پێنجەم، دەوڵەتی توركیایە كە تا ئێستاش اری ئاسایش یەك لە خەمە گەورەكانیەتی. شەشەم، سۆماڵ و ئێران و چەندان دەوڵەتی دیكەیە كە هەلومەرجی ناوخۆی هەر هەموویان مەودای پەیوەندیەكانی نێوان سیاسەت و بوژانەوەی ئابووری و هەلومەرجی ئاسایش روون دەكەنەوە. لەو وڵاتانەدا، زۆر جار كە درز دەكەوێتە دیواری ئاسایش، درزەكە درێژدەبێتەوەو دەچێتە ناو بواری بژێویی خەڵك و هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی وڵاتەكانەوە.

لەو بەرامبەرەدا كوردستان، بە هۆی سەقامگیری بوونی كەشوهەوا ئەمنیەكەی، كە یەك لە دەستكەوت و شانازیە گەورەكانی حكومەتەكەیەتی، وا خەریكە لە بواری ئابووری و سیاسیشدا هەنگاوی كاریگەرو بەرچاو دەهاوێژێت بۆ پێشەوە. ئەم قسەیە راستە، ئەگەرچی كوردستان تا ئێستا نە دەوڵەتێكی سەربەخۆیەو نە وەك دەوڵەتی سەربەخۆیش دەجوڵێتەوەو نە ئامرازو توانستەكانی دەوڵەتیكی سەربەخۆی پەیدا كردوەو نە مێژوویەكی درێژیشی هەیە لە بواری ژیانی نەتەوەیی ئازاددا.

لێرەدا، رەنگە جێگەی خۆی بێت ئاماژە بۆ ئەو راستیە بكەین كە یەك لە كێشەكانی كورد، زۆر جار، ئەوەیە خەڵكانەكەی بە تەنگ دروست كردنی پرسیارەوە نین و زۆر بەلایانەوە مەبەست نیە بپرسن: چۆن ئەم سەقامگیریە دروست بووە؟ لە چییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە؟ كێ دروستی كردوە؟ چۆن دەپارێزرێت؟ ئەم جۆرە پرسیارانە لە راستیدا كەم دەكرێت ئەگەرچی ئەوە ماوەی دوو ساڵ و نیوە، ئەوەی ناوی تەقینەوەی تیرۆریستی و كاری تێكدەرانەیە لە كوردستاندا رووی نەداوە؟ هەروەها، ئەگەرچی ئەوا چەندین ساڵە، خەڵكی كوردستان لە سای حكومەتەكەیان، بەوپەڕی ئارامی و دڵەحەتی و ئاسوودەیی، لە بواری ئاسایشدا، ژیان بەسەر دەبەن؟ ئەگەرچی، زۆر جار لە میدیاكانی بێگانەدا، كوردستان وەك نموونەی دوورگەیەكی ئارام و بوژاوەو زیندوو لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە عێراقدا لە قەڵەم دەدرێت؟

بە هەر حاڵ، بۆ ئەوەی بایەخی ئەو حاڵەتە ئارامەی كوردستان بە دیقەت بزانین و هەروا بە ساكاری تەماشای نەكەین، رەنگە وا چاك بێت، لێرەدا، چەند لایەنێكی گرنگ لەبەر چاو بگرین كە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی بە بەرچاو روونیەكی زۆرترەوە ئەو زەحمەتیانە ببینین كە حكومەتی كوردستان لە بواری پاراستنی ئاسایشدا روو بە رووی دەبێتەوە:

یەکەم، کوردستان کەوتۆتە هەڵکەوتەیەکی جوگرافی و ستراتیژیی گەلێك سەخت و زەحمەت و ئاڵۆز. لە لایەك عێراق بەو هەموو ئاڵۆزیە ئەمنیەی تێیکەوتووە. ئێران و سوریا بەو هەموو کێشەو گرفتانەی هەیانە لە گەڵ ئەمریکاو عێراق و کوردو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. تورکیا بەو هەموو هەڕەشەو لەشکرکێشی و توندوتیژیانەی هەیەتی و زۆر جار یەخەی کورد دەگۆێتەوە. بێگومان، بەڕێوەردن و دامەزراندنی پارچە زەمینێکی هێمن و ئارام و پڕ ئاسایشی وەکو کوردستان، لە ناوەندی هەڵکەوتەیەکی جوگرافی و سیاسیی وەها ئاڵۆزو پڕ کێشە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە.

دووەم، بێجگە لە تەوقی ناوچەیی، کورد لە ناو عێراقیشدا چەندین جۆرە دوژمنی سەرسەختی هەیە کە هەر هەموویان هەوڵ بۆ شکست پێدانی تاقی کردنەوە دیموکراسیەکەی دەدەن و دەیانەوێت بیسەلمێنن کە کورد بە بێ سەرپەرشتی کردنی راستەوخۆی عێراق توانستی پاراستنی ژیانی رۆژانەی خۆی نیە. ئەم جۆرە دوژمنانە وا نەبێت هەر تەنیا لە دەرەوەی پڕۆسەی سیاسیی عێراق و لە دەرەوەی سنووری عێراقدا مەوجودیەتیان هەبێت، بەڵکو هەندێکیان لە ناو کورد خۆی دان، یان لە تەك کورد دەژین، وەك لە شاری موسڵ و کەرکوك و خانەقین دەبینین. هەندێکیان لە ناو ریزەکانی حکومەتی فیدرال و پەرلەمانی فیدرل دا هەن. هەندێکی دیکەشیان لە ناو سوپاو دەزگا ئەمنیەکان و میلیشیاو هێزە سیاسیەکانی عێراق دا دەجولێنەوە. ئەوی راستی بێت، کۆنترۆڵ کردن و رێگە گرتن لەی نەخشەو پلانی رەشی ئەو دوژمنانە، هەروا کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو زۆر زەحمەت و ئاڵۆزو قورسە.

سێیەم، سوپای کوردستان و هێزی پۆلیسی کوردستان کە کاکڵەکەیان لە هێزی شکۆداری پێشمەرگە پێك هاتووە، تا ئێستا، بە هۆی هەندێك حسێبی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و عێراقی، نەبۆتە خاوەنی بونیادو بەرنامەو چەك و جبەخانەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێت بە هۆیانەوە پێوانەی هێزو هاوتەریبیی خۆی لەبەرامبەر دوژمنانی ناو عێراق رابگرێت.

چوارەم، لە رووی باری بژێوی و ئابووریەوە، کوردستان تا ئێستا نیشتمانێکی بوژاوەو گەشەدارو لە پێشە، بەڵام بە هۆی کێشە سیاسییەکانی لەگەڵ بەغدا، تا ئێستا، بۆی نەلواوە دڵنەواییەکی ئەوتۆی ئابووریی و بژێوی بە دەستەوە بهێنێت. بگرە بەغدا زۆر جار هەوڵی ئەوە دەدات ئەوەندە ئابووری و دارایی و ئیمکانیاتەی لە کوردستان دا هەیە ئەویشی لێی بسێنێتەوەو بێ بەشی بکات لە سەرچاوەکانی سامانی خۆی. ئەمە لە کاتێکدا دوژمنان خۆیان تەڕان تەڕانێ بە پارەو پوول و سامانی عێراق دەکەن و جار جارە بەشێکیش لەو سامانە بۆ دوژمنایەتی کردن و پلانگێڕان لە دژی کوردستان تەرخان دەکەن.

پێنجەم، راستە لە بواری نێودەوڵەتیدا کوردستان توانیویەتی هەنگاوی بەرچاو بچێتە پێشەوە. بەڵام تا ئێستا ئەو پشتگیریە تەواوەی مسۆگەر نەکردوە کە، ێگومان، یارمەتیدەری دەبێت لە بواری کۆکردنەوەی هەماهەنگیەکی نێودەوڵەتی لە مەیدانی شەڕی دژە تیرۆردا. بە کورتی جیهان وەکو پێویست، تا ئێستا، یارمەتیەکی کاریگەری کوردستان نادات لە مەسەلەی روو بە روو بوونەوەی تیرۆرو تیرۆریستاندا.


ئەو هۆیانەو دەیانی دیکە، وا دەکەن، حکومەتی کوردستان بە ئیمکان و دەرفەتێکی کەم و زەحمەتیەکی زۆرەوە، کار بۆ دابین کردنی ئەمن و ئاسایش بکات لە کوردستاندا. لە راستی دا، هەر ئەو حاڵەتەشە، وای کردوە زۆر لە ناوەندە نێودەوڵەتیە ئاگادارەکان لە هەلومەرجی ئاسایش لە کوردستاندا دەستخۆشی لە حکومەت بکەن بۆ ئەو کارامەیی و ژیری و لە خۆوردوویيەی لە بواری دابین کردنی ئاسایشی رۆژانە بۆ خەڵکی کوردستان دەینوێنن.

خۆ ئەگەر هەندێك بە چاوی ئینسافەوە سەیری ئەو هەموو کونسڵخانەو ئۆفیسی دیپلۆماسی و بنکەی نوێنەرایەتیی دەوڵەتان ز چووست و چالاکیە دیپلۆماسیانە بکەین کە لە کوردستان دان، بە تایبەتی لە هەولێری پایتەخت، ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگای جیهانی و نێودەوڵەتی چ بایەخێکی گەورە بە کوردستان و بە جێگیریی بارودۆخە ئەمنیەکەی دەدەن. هەروەها چ گەواهیەکی گەورەش بۆ سەقامگیریە سیاسیەکەی دەدەن. ئەمەش، خۆی لە خۆی دا، نەك هەر نیشانەی ئەو راستیەیە کە حکومەتی کوردستان زۆر دڵگەرمانە و لە خۆوردووانەو ژیرانە کارو بەرنامەکانی خۆی رادەپەڕێنێت، بەڵکو ئەو نیشانەیەش دەردەخەن کە خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و پێکهاتەو توێژەکانیەوە دەێت شانازی بەو کارامەییەی حکومەت بکەن.

هەندێك ناوەندی سیاسی و میدیایی، لەوانەی چاویان بەرایی ئەوەیان پێ نادات شتەکان وەکو خۆی ببینن، نەك هەر بە لایانەوە گرنگ نیە باس لەو دەسکەوت و شانازیە گەورانەی خەڵك و حکومەت بکەن. بگرە بەلاشیانەوە گرنگ نیە هەڵسوکەوت و قسەو رەفتارەکانیان چەند زیان بە کوردو دیموکراسیی کوردستان دەگەیەنێت. بۆیە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن دڵی کۆمەلانی خەڵك لە بەرامبەر حکومەتەکەی خۆیان کرمێ بکەن و نەهێڵن کارو بەرنامەو خزمەتە مەزنەکانی ئەو حکومەتە ببینرێت.

راستە، کوردستان هێشتا زەحمەتی و سەختیی زۆری لە پێشە. راستە، کەموکورتی، لێرەو لەوێ زۆرە. راستە ئێمە میللەتێکین ئەوا چەندساڵێکی کەمە بووینەتە خاوەنی خۆمان و تا ئێستا ئەو شارەزاییەمان لە لا کەڵەکە نەبووە کە بتوانین بێ کەموکورتی چالاکی و کارەکانمان رابپەڕێنین. بەڵام زۆر لەوانە راستتر ئەوەیە کە دەبێت لەم قۆناخە ناسکەدا پشتگری ئەو ئازادی و دیموکراسی و بوژانەوەو بەرەوپێشەوە چوون و ئەمن و ئاسایشە بین کە حکومەتی کوردستان و جەنابی سەرۆك وەزیران رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ کوردو کوردستانیان دابین کردووە.

**یەک لە کێشەکانی کورد، زۆر جار، ئەوەیە خەڵکانەکەی بە تەنگ دروست کردنی پرسیارەوە نین و زۆر بەلایانەوە مەبەست نیە بپرسن: چۆن ئەم سەقامگیریە دروست بووە؟ لە چییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە؟ کێ دروستی کردوە؟ چۆن دەپارێزرێت؟**



# بەئەقڵی داخراو
# کۆمەڵگەی کراوە دروست نابێت

ئەوانەی عاشقی ئازادین، وەک منداڵ سەیری ئازادی دەکەن، خێزان وەک دەوڵەت سەیر دەکەن

ڕەخنەگرتنیش پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی هەیە

گوڵان
ژمارە (٧٣٥)
٢٠٠٩/٦/١

کاتێك لە کۆمەڵگەی کراوە دەدوێین، مەبەستمان ئەوەنییە بڵێین لەبەرئەوەی لەهەرێمی کوردستان ئازادی بیروڕای سیاسیی هەیەزۆر فەراهەمە، ئیدی دەبێت واز لە رەخنەگرتن بهێنین و، هەمووشمان دەستەو نەزەر رابوەستین و ستایشی بارودۆخی خۆمان بکەین، یان ستایشی ئەو دەسەڵاتە بکەین کە ئەو باردۆخەی هێناوەتە ئاراوە یان رۆڵێکی کاریگەر و لێهاتووی بۆ هێنانەکایەی ئەو بارودۆخە گێڕاوە، یان لەبەرئەوەی ئازادی سیاسیی بوونی هەیە ئیدی دەبێت چاو لەهەموو شتێك بپۆشرێت، هەتا ئەگەر لایەنێکی سیاسیش بەخراپ سوود لەو ئازادییە سیاسیەی بوونی هەیە وەربگرێت و بەرنامە و ئەجیندای دەرەکی و دژە دیموکراتی پیادە بکات، یان ئایدۆلۆژیەتێکمان لێ بکەن بەمەزهەب و بە کلیلی ئەو ئایدۆلۆژیەتە کۆمەڵگەکەمان لێ دابخەن و بیکەنە بەندیخانەی ئەقڵ و، کاری ئەقڵ بێجگە لە جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەی ئایدۆلۆژیەتە هیچ کارێکی دیکەی نەبێت، ئەمەش دروست وەك ئەو بەندیخانانەی کە بەیانیان بەندییەکان دەبەن بۆ کاری قورس ( اشغال الشاقە ) و ئێوارانیش کە دەگەڕێنەوە بۆ بەندیخانەکە رێگەی وتوێژ و ئازادی رادەربرینیان لێدەگرن، بەپێی ئەو خشتەیەی سەجانی بەندیخانەکە بۆی داناون دەبێت زوو بخەون بۆئەوەی بەیانی زوو هەڵبستن و بچنەوە سەر ئەو کارە قورسەی بەندیخانەکە بەسەریدا سەپاندوون. لەم بەندیخانەیەدا هەموو شتێك بوونی هەبێت کەرامەت و ئازادی ئینسان بوونی نییە، بۆیە ئێمە کە باسی کۆمەڵگەی کراوە دەکەین باسی شکاندنی کۆمەڵگەی داخراو دەکەین، باسی شکاندنی ئەو قەفەسە زێڕینە دەکەین کە هەندێك دەوڵەمەند بۆ باڵندەیەکی دەنگخۆشی دروست دەکەن، بۆئەوەی کاتێك ئەو باڵندەیە دەخوێنێت، بەدەنگە خۆشەکەی حەزە شێتە غەریزییەکانی پێ دابمرکێتەوە. ئەمە فێرمان دەکات کاتێك دەست بۆ ئەو قەفەزە زێڕەی دەوڵەمەندەکە دەبەین و دەمانەوێت بیشکێنین بۆ ئەوەی ئەو باڵندە دەنگ خۆشە ئازاد بکەین و چیدیکە بوار نەدەین ئەو سۆزە خۆشەی لە گەرووی ئەو باڵندەیە بۆ ئازادی لەدایك دەبێت، حەزێکی شێتی غەریزەیی دەوڵەمەندێکی بێ ویژدانی پێدابمرکێتەوە، بێگومان هەموو کات بە بێ قوربانیدان ئەو قەفەزە لە زێڕ دروستکراوە نەشکێنراوە، دەزانین ئەو دەوڵەمەندە هەوڵدەدات سوودی خراپ لەیاسا وەربگرێت و دەیەوێت بە خەڵکی بڵێت دەستێك هاتووە دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر ئازادیەکانمان، داوا لە یاسا دەکات ئازادیەکانی بۆ بپارێزێت، کە لەبنەڕەتدا پاراستنی ئازادی ئەو دەوڵەمەندە چاوچنۆکەیە کە باڵندەیەکی ئازادی لە قەفەسێکی زێڕدا بەند کردووە (پێشێلکردنی ئازادییە) ئەمەیە گرفتی ئەوانەی خەو بە کۆمەڵگەی داخراوەوە دەبینن، دەیانەوێت یاساکانی وڵات بەوشێوەیە بن کە بەرگری لە پێشێلکردنی ئازادی بکات، دەیانەوێت بانگخوازانی ئازادی لەرێگەی یاساوە دەمکوت بکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك گوڵان ئەم پرسە گرنگە دەوروژێنێت، ئایا ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونی هەیە، یان گوڵان یش دەیەوێت بە فەنتازیای وشە و دروشمی بریقەدار کۆمەڵگەیەکی داخراو دروست بکات و لەسەری بنووسێت کۆمەڵگەی کراوە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە بۆئەوەی خوێنەرانی ئەم گۆڤارە بزانن، مەبەستمان لە ئەقڵی داخراو و بەندیخانەی ئەقڵ و کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراو چییە، راشکاوانە بەبێ ئەوەی سڵ لە هیچ شتێك بکەینەوە دەڵێین:

١- لە کۆمەڵگەی کراوەدا هەموو ئەو شتانەی کە بەرهەمی تەفسیر و لێکدانەوەی ئەقڵی مرۆڤن پیرۆزو موقەدەس نین، چونکە هەموو بەرهەمێکی ئەقڵی مرۆڤ قابیلی هەڵەکردنە و کاری ئێمەش گەڕانە بەدوای هەڵەکانی کۆمەڵگەی خۆمان و، رێز لەو بیروبۆچوونانەش دەگرین کە هەڵەکانی خۆمان پیشاندەدەن، ئەمەش واتە ئازادی بیر و فیکر لە رێگای گفتوگۆکردنی یەکترییەوە، ئامادەباشی بۆ دانپێدانان بە هەڵەکان و هەوڵدان بۆ راستکردنەوەیان،لە هەموو دونیاشدا وەهایە کاتێك تیۆرێك بۆ پرسێك دێتە ئاراوە، چەندین تیۆری تری بەدوادا دێن بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی . ئەو ئەقڵەی ئامادە نەبێت رێز لەو بیروبۆچوونانە بگرێت کە هەڵەکانی خۆی پیشاندەدا، واتە ئامادە نییە دان بە کۆمەڵگەی کراوەش بنێت، واتە ئامادەنییە ئیعتراف بە ئەقلانیەت و رۆشنگەریی کۆمەڵگە بکات، کە دەبێتە ئەو فەزایەی ئازادی سیاسیی تێدا لەدایکدەبێت و تاك بە ئازادانە ئەقڵی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی راستیەکان ببینێت و ئازادانە بڕیار بدات، هەر بۆیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا تەیارێکی سیاسیی یان گرووپێکی سیاسیی ئیدعای ئەوەبکات هەموو هەقیقەت لای ئەوە، مانای وایە ئامادەنییە ئەقڵە ئازادەکان رەخنەی لێبگرن و هەڵەکانی خۆی پیشانبدا، واتە ئەو تەیار و ئایدۆلۆژیەتە سیاسییە بەرهەمهێنەری ئەقڵی داخراوە و دژی ئەقڵی کراوە و ئازادە، بەمەش ئامانجی دروستکردنی بەندیخانەی ئەقڵە.

گوڵان پێی وایە، مادام لەم وڵاتە قسە لەسەر رۆشنبیر و رۆشنبیریی دەکرێت کەواتە رەخنەش دەبێت،کە رەخنەش هەبوو واتا هەموو شتەکان قابیلی گفتوگۆن(بێگومان بۆ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك نان و پیازی پێوە نەخوات، مەبەستمان ئایینی پیرۆزی ئیسلام نییە، چونکە ئەم ئایینە ئایینێکی ئاسمانییە)، بەم حاڵەتەش هیچ شتێك ئەوەندە موقەدەس نابێت تا قسەی لەبارەوە نەکرێت، بەتایبەتی هەموو ئەو شتانەی لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە بەرهەمی ئەقڵی مرۆڤە. ئا لێرەدا گوڵان بە ئەرکی خۆی ئەزانێت گفتوگۆی جیدی لەسەر بونیادی کۆمەڵگەی کراوە بکات، رۆشنبییریش تەنها لە ژینگەی کۆمەڵگەی کراوەدا بوونی هەیە،ئەوانەی بڕوایان بە گفتوگۆی جیدی لەسەر پرسە جیدییەکان نییە بیانەوێ یان نەیانەوێ دەمانگەڕێننەوە سەدە تاریکەکان، کە پێمان وایە ئەمە بەسەرچووەو گەڕانەوەی ئەم ئەقڵییەتە تەنها لە زبڵدانی مێژوودا هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت .

پارتی وەکو سەرەکیترین پارتی سیاسی و حوکمڕان ئەو کەش و هەوا سیاسییەی هێناوەتە ئاراوە کە گفتوگۆ بکرێت، چونکە هەقیقەت تەنها لە یەك لا کۆنەبۆتەوە، بەڵکو ئەوەی بەرامبەریش رەنگە هەندێك هەقیقەتی لا هەبوبێت، بۆیە ناکرێ دەرگای لەسەر دابخرێت، ئەمەش بەخاڵی بەهێزی ئەم ئەزموونە سیاسیەی کوردستانە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەربڵندییەوە رەخساندوویەتی، چونکە پارتی خۆی ژینگەیەکی سیاسیی لەبارەبۆ بەرهەمهێنانی رەخنە و دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان هەر لەبەر ئەوەیشە بیر و رێبازی پارتی دیموکراتی کوردستان رێگە نادات هیچ ئەندامێکی پارتی دەست لە ئازادی وەربدات، ئەمەیە وای لە گوڵان

چۆن رۆشنبیر ئەو مافە بەخۆی دەدات خەڵک بە هەرە نەخوێندەوار تۆمەتبار بکات، باشە ئەمە جیاوازی چییە لەگەڵ فەتواکەی بن لادن، کە هەموو رۆژئاوا بە کافر دەزانێت

تکایە ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوەمان بۆ ئاشکرا بکەن، کە رێژەی هەژاری لەخوار هێڵی هەژارییەوە لەکوردستان بە ٣٠٪ داناوە؟

کردووه راشکاوانه رووبکاته حکومەتی خۆیی و بە مانشێتی سەرەکی بنووسێت (چۆن لەشەڕی گەندەڵی سەرکەوتوو نابیت، لە کاتێکدا تۆ لەشەڕی تیرۆر سەرکەوتوو بوویت) ئەمەش واتە چۆن حکومەتێك ناتوانێت رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە کە بوون و نەبوونی خۆی لە ئازادیدا ببینێتەوە.

**کێشەی وڵاتی ئێمە، کێشەی وڵاتانی دەوروبەر و جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژهەڵاتی نییە، هەربۆیە نابێت کێشەی رۆشنبیر و دەسەڵاتیش لەوڵاتی ئێمە لەکێشەی رۆشنبیران و دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە بچێت**

ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە ئەو خاڵەی کە گوڵان دەیەوێ دەروازەی گفتوگۆ فراوانتر بکات، چونکە پرسیارەکان زۆر زۆرن، کەچی ئەوانەی لە هەوڵی داخستنی کۆمەڵگەن و نایانەوێ کۆمەڵگەیەکی کراوە بوونی هەبێت، بەتایبەت ئەوانەی لەناو حزبی سیاسیشدا خۆیان کۆ کردۆتەوە،جورئەتی گفتوگۆشیان نییە چونکە باش دەزانن بەم گفتوگۆیانەیە کۆمەڵگە دەکرێتەوە، ناچار راپۆرتە رەخنەیەکانی ئێمە بە قسەی منداڵانە پێناسە دەکەن (بێگومان باسی ئەو کەسە دیلانە ناکەین کە لەزیندانی ئەقڵدان و بەرگری لە سەجانەکانیان دەکەن، ئەوانە لە میتۆدی رەخنەدا جێگەیان نابێتەوە ئاماژەیان پێبکەین، لەبەرئەوەی ئەقڵی ئەوان توانای ئەوەی نییە رەخنە لەخودی خۆی وەك مرۆڤ بگرێت)، لەوەڵامی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە قسانە هەڵدەبەستن سەربەرزانە پێیان دەڵێین، ئەو وشەی منداڵەی جەنابتان وەك ئەقڵێکی داخراو دەتانەوێت دیالۆگی پێ بگۆڕێت بۆ لێکتێنەگەیشتن و بەرهەمێك کە بەبۆچوونی هەردوولا چارەسەرێك بۆ ئەو هەڵانەتان بدۆزینەوە کە ئێمە رەخنەمان لێگرتووە، کە ئێوەش وەك ئێمە ئازادن رەخنە لە ئێمە بگرن و ئەگەر بەدیدی ئێوە هەڵەمان هەیە هەڵەکانی خۆمان پیشانبدەن، ئەوا لەو وشەی (منداڵەوە) کە ئەو برادەرانە لێی تێناگەن، منداڵ واتە ئازادی و سووکایەتی بەمنداڵ دەکەن، بەدەنگی بەرز پێیاندەڵێین، دەبێت ئێمە و ئێوە و ئەوانەشی بەرپرسی تۆن، لە بەرائەت و پاکی و گریانی منداڵێکەوە فێری مانای ئازادی بین و دەبێت بێگەردی منداڵ فێرتان بکات رێزگرتن لەمانای ئازادی چییە، لەبەرئەوەی ئەوە منداڵە کە هێشتا زاری نەپژاوە بە گریان نارەزایی دژی ئەو دەسترازانە دەردەبڕێت، کە گەرووەکان ئازادیەکانی پێشێل دەکەن، بۆیە بۆ ئێمە شانازیە وەك منداڵ داوای ئازادی بکەین و لەدژی دەسترازەی ئایدۆلۆژیەتی حزبەکانتان دەنگمان لێ بەرز بێتەوە.. هیچ ئایدۆلۆژیەتێك نەبووە و هەتا ئەو رۆژەی ئەقڵی مرۆڤیش لەپێشکەوتن بەردەوام بێت، ئایدۆلۆژیەتیك دروست نابێت، کە بتوانێت ئەقڵی منداڵێك بەند بکات، لەبەرئەوەی منداڵ ئازادی لە هەناسە بەگرنگتر دەزانێت، بۆیە دەتوانێت هەناسەی منداڵەکە ببڕێت، بەڵام ناشتوانیت ناچاری بکەیت دەست لە ئازادیەکەی هەڵبگرێت، بۆیە ئێمە ئەو منداڵەین کە هیچ ئایدۆلۆژیەتیك ناتوانێت دەنگی ئازادیمان کپ بکاتەوە. ئەوانەی عاشقی ئازادین، وەك منداڵ سەیری ئازادی دەکەن، خێزان وەك دەوڵەت سەیر دەکەن، بۆیە لەناو وڵاتی خۆمان بوونمان لەگەڵ ئازادیمانە، مێژوو پێماندەڵێت: دوژمنانی ئازادی ئەم میللەتە توانیویانە ئازادیخوازەکانمان وەك لاشە بەند بکەن، توانیوانانە ئازادیخوازانمان وەك لاشە لەناومان دووربخەنەوە، بەڵام نەیانتوانیوە، بەزیندانەکانیان ئەقڵەکانمان بەند بکەن، ئازادیخوازانی ئێمە تەنها لاشەیان بەند بووە، ئەقڵیان ئازاد بووە، باشترین وانە بۆ ئێمە شیعرە بەرزەکەی قانعی شاعیرە کەدەڵێت: (گەرچی دوژمن وا دەزانێت من بە دیلی لاڵ دەبم، باش بزانێت کونجی زیندانم قوتابیخانەیە) .

نیشانەیەکی دیکەی بێدەسەڵاتی دوژمنانی ئازادی و کۆمەڵگەی کراوە بووە لەمێژووی گەلی ئێمەدا، تیرۆری دامەزراوەیی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بووە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو، هەوڵیاندا بەکوشتن و لەسێدارەدانی ئازادیخوازەکانمان، ئەقڵمان بکوژن، بەڵام هەڵەیان کرد لەهەر گۆڕستانێکی ئەم کوردستانە گۆڕی ئازادیخوازێك هەبێت، ئەو گۆڕستانە قوتابخانەیەکی سەربەخۆی فێربوونی ماناکانی ئازادی بووە، بۆیە بۆ ئەوانەی لە ئازادی لە زاری منداڵەوە ناگەن، هەقە خۆیان ماندوو بکەن، لە زمانی مێژوو بگەن، ئەمەیە جیاوازی نێوان ئەقڵی داخراو و ئەقڵی کراوە، ئەمەیە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی کراوە و کۆمەڵگەی داخراو، ئەمەیە جیاوازی ئەو ژینگەیەی کە ئەقڵ بە ئازادی بیری تیادەکاتەوە و لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە دەبێتە بەندیخانەی ئەقڵ. ئەمەیە جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوان.

**باشترین وەڵام و بەدەنگەوەهاتنی حکومەت بۆ رووبەڕووبوونەوە گەندەڵی، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەرییە**

## ئایدۆلۆژیەتی شمولی دۆستی کۆمەڵگەی کراوە نییە

مەرج نییە ئایدۆلۆژیەتی شمولی هێما بێت، بۆ بیروبۆچوونێکی سیاسیی، بەڵام هەر بیربۆچۆنێکی سیاسی هاودژ بێت لە کۆمەڵگەی کراوە، یان هەوڵبدات بە تاکتیکی سیاسیی ژینگەی کۆمەڵگەی کراوە بگۆڕێت بۆ ژینگەی کۆمەڵگەیەکی داخراو یان کۆمەڵگەی کراوەی سەقامگیر بگۆڕێت، بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاژاوە و ناسەقامگیر، ئەوا دۆستی تۆتالیتار و دیکتاتۆرە و دوژمنی ئازادی و دیموکراتیە، ئەمە بۆ هەموو ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی راستە و بەتایبەتیش، ئاراستەی هیچ ئایدۆلۆژیەتێکی سیاسیی ناکرێت، ئەمە بۆ چوونی هەڵە و ئامانج لێکجیادەکاتەوە، هەربۆ نموونە لەوانەیە حزبێکی دیاریکراو لەکوردستاندا یەکێك لە رەفتارەکانی دژی ئازادی و دیموکراتی بێت، کە ئەمە دەکرێت رۆشنبیر یان رۆژنامەنووس، وەك هەڵە دەسنیشانی بکات، بۆئەوەی ئەو هەڵەیە راستبکرێتەوە، بۆیە ئەمە وەك هەڵە و رەخنەگرتن لە هەڵە لەپێناوی چارەسەرکردنی هەڵەکە لەقەڵەم دەدرێت، هەتا ئەو ئایدۆلۆژیەتە سیاسییە بەرگری لەو هەڵەیە ناکات، کە کەوتە بەرگریکردن لە هەڵەکە و پاکانەی بۆ دۆزیەوە، یان لەلایەن هەوادارانیەوە، بە ئیمەیل یان بە مەسجی مۆبایل هەڕەشە لە رۆژنامەنووسەکە یان رۆشنبیرەکە کرا، یان پەنا بۆ ئەوە برا لەبری دیالۆگ و لێکتێگەیشتن پەنا بۆ درۆ و دەلەسە و ئاگربەردان لە کەرامەتی رۆشنبیر یان رۆژنامەنووسەکە ببرێت، ئەوا ئیدی بمانەوێت یان نەمانەوێت، شەڕی نێوان ئازادی و دیکتاتۆریەت و نێوانی دیموکراتی و تۆتالیتاری دەست پێدەکات، واتە دەرگای لێکتێگەیشتن و موناقەشە دادەخرێت و، شەڕ لە پێناوی ئازادی و کەرامەتی ئینسان دەست پێدەکات، ئەگەر مەزندەی سەرکەوتنی بەرەی ئازادیخوازانیش زۆر کەم بێت، ئەگەر بگەینە ئەو ئاستەی وەك چەرچڵ لەشەڕی دووەمی جیهاندا بە بەریتانیەکانی راگەیاند: (لەم شەڕەدا، کە شەڕە لە پێناوی ئازادی ناتوانم بەڵێنی سەرکەوتنتان پێبدەم، ناتوانم بێجگە لە خوێن و گریان هیچ بەڵێنێکی دیکەتان پێبدەم) ئەم راستگۆییەی چەرچڵ بووە هاندەر و هیوا بۆ ئەوەی گەلی بەریتانیا

بەردەوامبن لەســـەر شەڕ لەپێناوی ئازادی و سەربکەون.

## ئایا ئەو نموونانە لەکۆمەڵگەی کوردستان هەن بەرگری لە هەڵە بکەن؟

دەستنیشانکردنی هەڵە، وەك دەستنیشانکردنی نەخۆشـــی وایـــە، بۆیـــە کـــە هەڵەکـــە دەستنیشـــانکرا، دۆزینەوەی چارەســـەرەکە ئاســـان دەبێت، ئەگەر نەخۆشەکە ڕێنمایی دکتۆرەکە لەبەرچـــاو بگرێت، بەڵام ئەگەر دکتۆرەکە وەفای بۆ ســـوێندی هیپۆکرات نەبێـــت و لـــە پێنـــاوی ئایدۆلۆژیەتیکی سیاســـیی (وەك ئەو دکتۆرانەی سەردەمی ڕژێمی بەعس، کـــە وەك کادرێکی حزبی بەعس — نـــەك دکتۆر- مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆشـــەکانی زیندانە سیاسییەکان دەکرد) و، دەرزیەکی ژەهراوی لە نەخۆشـــەکە دەدا و هۆکاری مردنی نەخۆشەکەی دەبەستەوە بە بەنەخۆشیەك کە بوونی نەبووە، ئەوا لەو ژینگەیەدا کەرامەتی ئینسان بوونی نییە، چۆن دەتوانرێت باس لە سوێندی هیپۆکرات و پیشەی پیرۆزی پزیشـــك و مرۆڤایەتی بکرێت، کەواتە کە ئامانجی ڕۆژنامەنووس یان ڕۆشنبیر یان ئەوانەی دەیانەوێت لەژێر ماســـکی ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر ڕۆڵی ئەو دکتۆرە بگێڕن، لەبری دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە، دەرزی ژەهراوی لە نەخۆشەکە بـــدەن، ئیدی ناتوانرێت بـــاس لەئازادی و دیموکراتـــی و چارەســـەرکردنی هەڵەکان بکەینـــەوە، لێـــرەوە کێشـــەکە لـــە هەڵە و ڕەخنەگرتن لە هەڵە دەردەچێت، بۆیە دەبێت ئەو ســـیمایانە بخرێنەڕوو، کە هەڵەکان بۆ ئامانجی کۆمەڵگەی داخراو دەخرێنەگەڕ، هەر بۆ نموونە:

١- هەندێك ڕۆشـــنبیر، کە ڕەخنە دەگرن وا پیشاندەدەن ئەوان ســـەرچاوەی هەقیقەتن، هەر بۆ نموونە چەند رســـتەیەك بەدەق وەك خۆی دەنووسینەوە:

أ- ســـیستـــمی سیاســـیی لە کوردســـتان تاقـــە ســـیســـتمێکە لـــە ناوچەکـــەدا کە بەبـــێ ئۆپۆزســـیۆن دەژی، تەنانـــەت ئەزموونە سیاســـییە تۆتالیتاری و نیمچە تۆتالیتاریەکانی ناوچەکە ئۆپۆزســـیۆنیان هەیە، لایەنی کەم ئۆپۆزســـیۆنێکی ڕاونراو بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان، کەچی ئەزموونی کوردی ئەزموونێکی بێ ئۆپۆزسیۆنە.

ب- ئەوەی ئەم دۆخی بێ ئۆپۆزســـیۆنەی دروستکردووە پاوانکردنی بواری سیاسی و ئابووری کوردستانە.

ت- نوخبەی سیاســـیی کوردی یەکێکە لە نوخبە هەرە نەخوێندەوارەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، نوخبەیەکە نە ڕۆشـــنبیری سیاسیی هەیە، نە ڕۆشنبیری گشتی.

ث- ئەو پرۆســـەیەی ڕۆژانـــە ڕاگەیاندنی حزبی دەیکات لە هزر ڕشتن و ئاراستەکردن و چاندنی حوکمی پێشوەخت، لەسەر هەموو شتێك، ترسناکترین دیاردەی ژیانی سیاسیی ئێمەیە.

ج- ئەمڕۆ ئەزموونی سیاسیی کوردی بەر لەهەرکەسێك لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان خۆی کەوتووە.

ح- ڕێژەی ئەوانەی لە کوردســـتاندا لە ژێر هێڵی هەژارییدان، واتە لەهەژاری ئاسایی هەژارتـــرن نزیکـــەی ٣٠٪ دانیشـــتوانی وڵاتەکەیە، کە دەکاتە نزیکەی یەك ملیۆن ئینسان.

ئەم چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن بەدەق لە ناميلكەى (نیگایەك لە ئێســـتا خەونێك بۆ سبەی) هاتوون.

٢- یەكێك لـــە بانگخوازەکانی یەکگرتووی ئیسلامی ڕاشکاوانە لەســـەر تەلەڤزیۆنەوە دەڵێت:

أ- پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیـــا کەڕ و لاڵی کردووین.

ب- مۆبایـــل هۆکارێکە بۆ تەڵاقدان و ٢٦ ئافرەت لەسەر مۆبایل تەڵاقدراون.

ت- حکومەتی هەرێمی کوردستان سانسۆر ناخاتە سەر هێڵی ئەنتەرنێت.

ث- حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ڕێگە دەدات ئەو ســـەتەلایتانە بێتە کوردستان کە کەناڵی موشەفەر دەکاتەوە.

ج- موسەلســـەلەی تەلەڤزیۆنـــی و فیلم بوونەتە هـــۆکاری جیابوونـــەوەی خێزان و تێکدانی ئەخلاقی کۆمەڵگە.

ح- نامـــەی مۆبایل کە بۆ تەلەڤزیۆنەکانی دەنێرن ئەخلاقی گەنجی تێکداوە.

خ- لـــە چین و ئەڵمانیا ڕێگە نادەن هەموو کەناڵێك و هێڵێکی ئەنتەرنێت بکرێتەوە.

د- منداڵەکانتان فێر مەکەن فێری گۆرانی (سەوزەڵی خانم) ببن.

ذ- شاشەی تەلەڤزیۆنەکانتان بۆ کاری خێر بەکاربهێنن، سەیری کەناڵە ئیسلامییەکان بکـــەن، هەموو د و عـــا بکەن کەناڵی ئیسلامی زیاتر بێت.

ر- زانکـــۆکان بوونە شـــوێنی عیشـــق و هەوەسبازی و پانتۆڵی تەسك لەبەرکردن.

ز- ئەو دەوڵەمەندەی ئامادە نەبێ یارمەتی تەلەڤزیۆنی ئیسلامی بدات، غیرەتی نیە.

ئەم خاڵانەش تەنهـــا لەماوەی یەك هەفتە لەتەلەڤزیۆنی یەکگرتوو ڕاشکاوانە بەخەڵکی کوردستان ڕاگەینراون، ئەمە بێجگە لەوەی هێرشێکی ناشرینیش کراوەتە سەر یەکێك لە کەناڵە ئاســـمانییە کوردییەکان، کە یەکێك لـــە بەرنامەکانی خۆی بە میوانانی خۆی گووتووە، هەڵپەڕن.

٣- ئەو لایەنەی شەو و ڕۆژ سەری زمان و بنی زمانی گۆڕان و چاکسازیە، دەڵێت:

أ- حکومەتـــی عێراق شـــکاتی لەســـەر ڕۆژنامەیەکـــی بەریتانی تۆمـــار کردووە لەبەرئەوەی تەشـــهیر بە د. نوری مالکی کراوە بـــەوەی ڕەفتارەکانـــی دیکتاتۆرییە، داوای قەرەبووی ١ ملیۆن دۆلار دەکاتەوە.

ب- نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەمەبەســـتی بنبڕکردنـــی گەندەڵی خۆی بەشەخســـی کاروباری وەزارەتی بازرگانی بەڕێوەدەبات و سەردانی وەزارەتی ناوبراوی کرد و کۆبوونەوەی لەگەڵ ستافی وەزارەتی ناوبراو کرد.

ت- باســـکردنی کارە خزمەتگوزاریەکانی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان کارێکی نەشیاوە و ئەوانە کاری حکومەتن و پێویست نییە ئاماژەیان پێبکرێت.

ث- وەزارەتێکی هاوپەیمانی کوردستان لەسەر گەندەڵی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت، ) بەڵام بۆ وەزارەتەکانی دیکە گوێمان لێ نەبووە، بڵێن وەزارەتێکی ئیئتلافی شیعە یان سونە)

ئەمانەش بەدەق لەم هەفتەیە

> **ئەگەر حکومەتی کوردستان پێی لەسەر ئەوە داگرت، دەسەڵاتی دادوەری بێ کەموکورتیە، ئەوا ڕۆشنبیران هەقی خۆیانە چی خراپە بە حکومەتی خۆیانی بکات**



**کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە، کێشەی ئیسماعیل بێشکچی نییە، داوا لەحکومەتەکەی بکات مافی نەتەوەیەک لەبەرچاو بگرێت و وەڵامی نەداتەوە، کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێران نییە، وەک سوهێلە وەحدەتی لە دژی توندوتیژی و زیندە بەچاڵکردنی ئافرەت سایتی ستۆن ئەیج بکاتەوە و حکومەت وەڵامی نەداتەوە، کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە کێشەی ڕۆشنبیرانی وڵاتانی عەرەبی نییە، ڕۆشنبیرانی وەک صادق جەلال ئەلعەزەم و هیشام شەرابی و ئیدوارد سەعید و مەهدی عامل ودەیانی دیکە، یا وڵاتی خۆیان لێ قەدەخەکرابێت، یانیش شەهید بکرێن**

لە تەلەڤزیۆنی KNN ئاماژەیان پێکراوە.

ئەگەر سەرنج تەنها لەم ٣ ئاراستەی ڕەخنەیە بکەین، کە یەکەمیان پۆلێك ڕۆشنبیر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی پێدەبینن و ئەوی دووەمیان کۆمەڵێك کادری یەکگرتووی ئیسلامی، سێیەمیشیان لیستێك کە بانگەشەی گۆڕان دەکات، سەیرکەن ئەو ٣ بۆچوونە زۆر لێکجیاوازن، بەڵام ئامانجی هاوبەشیان ئەوەیە هەر سێ لایان دەیانەوێت بەلایەنگرانی خۆیان بڵێن، ئەم حکومەتە و ئەو پارتە سیاسیانەی ئەمڕۆ لەدەسەڵاتدان دەبێت بڕووخێن، نەك دەستاو دەستی دەسەڵات بکەن.

بەهەرحاڵ بۆئەوە ئاماژەمان بەسێ لایەنی جیاواز کرد تا جیاوازی ڕەخنەکان بۆ خوێنەری خۆمان ئاشکرا بکەین و پێیان بڵێین، ئەم ٣ بۆچوونە ڕەخنەیەی کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەگیرێن، ڕەخنە نیین لەپێناوی دەستنیشانکردنی هەڵە و چارەسەرکردنی هەڵەکان، بەڵکو هێرشن بۆ ڕووخاندن، بێگومان ئەوەی تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو و KNN، ئاشکران پێویست بەوە ناکات شرۆڤەی بکەین، بۆیە وەك خۆیان بە جێیان دێڵین بۆ خوێنەر خۆی حکومی لەسەر بدات، بەڵام ئەوەی ڕۆشنبیرەکان هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، ڕۆشنبیرەکان لە سیاسەتمەدارەکان پشوو فراوانترن و ئەگەر ڕەخنەشیان لێبگرین، خودی ڕەخنەکە بە شێوەیەك لە ئەقڵانیەت وەردەگرن و لەوەش بێ ئاگانین، ڕەخنەگرتنیش پێویستی بە پاشخانێکی مەعریفی هەیە، بۆیە ڕەخنەکانمان بە چەند پرسیارێك دەخەینەڕوو:

أ- جارێ با بپرسین ئەرێ بە ڕاستی لە کوردستاندا ئۆپۆزیسیۆن نییە؟؟ ئەو ڕۆژنامانە بە ناو ئەهلییانەی سنووری ئۆپۆزیسیۆنیشیان تێپەڕاندووەو لە پەنای باڵێك حزبێکەوە تەڕو وشك دەسووتێنن ئەمانە چین ؟ ئەو حزبەی سەری زمان و بنی زمانی ڕەخنەیە لە پارتی و یەکێتی و تەنانەت لە حکومەتی هەرێمیش ناوی چی لێدەنێن ؟ ئەو لیست و قەوارانەی دەیانەوێ حکومەت هەڵتەکێنن و حکومەتێکی تر دابمەزرێنن ئەمانە ئۆپۆزیسیۆن نین ؟ لە کام وڵاتی دەوروبەر گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئاوا بەرامبەر حکومەت وەستاونەتەوە ؟ سەرباری هەموو ئەوانەش هۆکاری نەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا ئایا لەبەرئەوەیە پارتی و یەکێتی دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری کوردستانی پاوانکردووە، یان نەبوونی ئۆپۆزسیۆن، بەرنامەیەکی تەوافقی بووە، بۆ قۆناخێکی دیاریکراو، بێگومان لەپەرلەمانی عێراقیشدا ئۆپۆزسیۆن نییە.

ب- کاتێك دەڵێین نوخبەی سیاسیی کوردستان، یەکێکە لە نوخبە هەرە نەخوێندەوارەکانی ئێمە، نە ڕۆشنبیری سیاسیان هەیە نە ڕۆشنبیری گشتی.

پرسیاری ئێمە تەنها ئەوەندەیە، ئایا ڕۆشنبیر هەیە وا بەموتڵەقی قسەبکات، ئایا ئەمە جاڕدانی ئەوە نییە، کە بەڕێزتان سەرچاوەی هەقیقەتن، ئایا ئەگەر ئێوە سەرچاوەی هەقیقەت بن، ئەگەر زەحمەت نەبێت ئەقڵانیەت لەکوێیە؟ چۆن ڕۆشنبیر ئەو مافە بەخۆی دەدات خەڵك بە هەرە نەخوێندەوار تۆمەتبار بکات، باشە ئەمە جیاوازی چییە لەگەڵ فەتواکەی بن لادن، کە هەموو ڕۆژئاوا بە کافر دەزانێت، باشە کە نوخبەی سیاسی کوردستان یەکێکە لە نوخبە هەرە نەخوێنداوەرەکان، واتە نوخبەی دیکەش هەن، بە پلەی جیاواز نەخوێندەوارن، ئێمە داوای ئەوەتان لێ ناکەین ڕۆشنبیرمان بۆ دیاری بکەن، ئایا نوخبە خوێندەوارەکان کێن؟ برایان لێمان زویر نەبن، تەنها لە بیرکاری بەڵگە بۆ گەیشتن بە ڕەها و موتڵەق بە کاردێت، لە مەعریفەی زانستی کۆمەڵایەتی موتڵەق نییە.

ج- باسی ئەوە دەکەن نزیکەی ٣٠٪ کوردستان لەخوار هێڵی هەژاریەوەن، خۆتان تەقدیرتان کردووە نزیکەی ١ ملیۆن.

بۆ ڕاستکردنەوەی مەزندەی نزیکەی یەك ملیۆن، واتە شتێك کەمتر لە ملیۆنێك، بەڵام بەڕێزان بەپێی ئەو زانستەی لە بیرکاری فێربووین، بەپێی ئەو ئامارەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ دانیشتوانی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە، ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەسەرووی ٤ ملیۆنەوەیە، ئەگەر هەڵە نەبین بە نزیکەی ٤ ملیۆن و دووسەد هەزار مەزندە کراوە، ئینجا، ئەگەر لە ٣٠٪ دانیشتوانی هەرێم لەخوار هێڵی هەژارییەوە بن، ئەو ڕێژەیە زۆر لە ملیۆنێك زیاترە، یاسایەك لەبیرکاری هەیە، هاوتەمەنەکانی ئێمە بە دەستووری سێ لانەی سادە خوێندوویانە، بێ ئەوەی توڕەببن فەرموو تاقیبکەنەوە، بزانن زیاتر لە ملیۆن و چارەکە ملیۆنێك زیاتر ناکات، ئێ خۆ ناکرێت، بۆ نەخوێندەواری نوخبەی سیاسیی بە زانستی بیرکاری شرۆڤە بکەن و بۆ هەژاری بەگۆترە، برایان نابێت لەدەرهێنانی ڕێژەی هەژاریشدا، ڕێژەی گونجاو بەهەژارەکان ڕەوا نەبینن، خۆ کفر نەبوو خوا ئەو خەڵکانەی بە هەژاری دروستکرد، دەبێت ئێوەی ڕۆشنبیر ڕێژەشیان پێ ڕەوا نەبینن، تکایە لە چاپی دووەمدا ئەو ڕێژەیە لە بەرخاتری ئێمە نا، لەبەر خاتری هەژارەکان ڕاست بکەنەوە.

لایەنێکی دیکە، ئەوەیە نابێت ڕۆشنبیر، بەبێ بەڵگەی زانستی قسە بکات، بێگومان ئەوە ئێمە نین گومان دەخەینە سەر ئەو زانیاریەی ئێوە بەکارتانهێناوە، بەڵکو ئەوە مەعریفەیە هەردوولامانی فێرکردووە، ئەقڵانی بنووسین و ئەقڵانی ڕەخنە بگرین، کەواتە ئەقڵانیەت فێری کردووین بۆ هەرگومانێك، داوای بەڵگە لە خاوەنەکەی بکەین، بۆیە ئەگەر بە ئەرکی نازانن، تکایە ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوەمان بۆ ئاشکرا بکەن، کە ڕێژەی هەژاری لەخوار هێڵی هەژارییەوە لەکوردستان بە ٣٠٪ داناوە؟ هەروەها ئەگەر ئەرك نییە بۆ بەڕێزتان، پێمان بڵێن ئایا مانای هەژاری خوار هێڵی هەژاری چییە؟ دیسان ئەگەر ئەرك نابێت، شوێنی ئەو زیاتر لە ملیۆن و چارەگێك لەو هەژارانەمان پیشان بدەن، بۆ ئەوەی خێرخوازێك عەریزەیەکیان بۆ بنووسێت بە زمانی ئینگلیزی و بیخەینە بەردەم ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان، برایان ویژدانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا بەو ئاراستەیەش مردوو نییە، لەسەر ملیۆن و چارەگێك مرۆڤ لەکوێ تەنها ٤ ملیۆن و شتێك دانیشتوان لەخوار هێڵی هەژایەوە




بژیــن و بێدەنگ بن، ئێمــە لەگەڵ ئێوە هاوڕایــن، دەزانین ئەگــەر وڵاتێك ٣٠٪ دانیشـــتوانەکەی لەخوار هێڵی هەژارییەوە بێــت، حکومەتەکەی بەکەڵکی ئەوە نایەت تەکلیفی لێ بکرێــت، بەڵام خۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان لایەکمـان لێدەکەنەوە. بەڕێزان، هــەر بۆ زانیــاری بەڕێزتان، ئێســتا ئەم کارە ئاســانە، چەند ســاڵێك لەمەوپێش، مەترســییەك لەســەر یەکێك لە ڕێگاکانی کوردســتان هەبوو، بە ڕێکخــراوی بانکی جیهانــی ڕاگەینرا، ئەو ڕێگەیە پێویســتە بکرێت بە دووساید، لەبەرئەوەی ساڵانە دەیان کەس دەکاتە قوربانی، ئەوەبوو، داوایانکرد، وێنەی کارەســاتەکانی ئــەو ڕێگایەیان بۆ بگرین و بۆیان بنێرین، ئێستا وەك مژدەیەك بۆ ئێوە ئەو ڕێگایە لەسەر بودجەی بانکی نێودەوڵەتی لە جێبەجێکردندایە و بە بەڵگە ٤٠٪ی کارەکانیشی تەواو بووە، بۆیە ئەگەر بۆ مەترسی لەســەر ژیانی چەند کەسێك بانکی نێــو دەوڵەتی ئامادەبێت یارمەتیمان بدات، بروا بکەن بۆ چارەســەری کێشەی ملیۆن و چارەگێك مرۆڤ زۆر زوو فریامان دەکــەون. برایان ئەمــە بۆچوونەکانی ئێوە پتەوتر دەکات، بەتایبەتیش ئێوە گەیشتوونەتە یەقیــن و هەقیقەتی ڕەهــا (ئەگەر یەقین و هەقیقەتــی ڕەها لــە مەعریفەدا بوونی هەبێت) کە خەڵکی کوردستان لەم دەسەڵاتە گەندەڵەی ئەمڕۆی کوردستان بێئومێد بووە، ئەوە کاری ئێوە، بۆ ڕووخانی ئەم ئەزموون و قەوارەیــەی کە دڵــی هەموو دوژمنانی کوردی ڕەنجاندووە ئاسانتر دەکات و، دڵتان لەبەرامبــەر بەرپرســیاریەتی ئەخلاقیتان ئاسوودە و حەساوە دەکات، ئێوە لەو ئاستەن چاوەڕێی ئــەو هیمەتەتان لێ بکەین، بۆیە بێ ئومێد نین.

## کۆمەڵگەی کراوە دانانە بەراستییەکان

لە کۆمەڵگەیەکدا دەســەڵات پێش خەڵك دان بــە کەموکورتییەکان نەنێــت، واتە بۆ نموونــە، ئەگەر خەڵك، ڕۆشــنبیران یان لایەنی سیاســیی ئۆپۆزسیۆن، میدیا ئازا و ئازادەکان، ئاماژەیان بەوە کرد، لەم وڵاتە گەندەڵی هەیە. ئەگەر بانگەشــەی ئەوە کرا ژن کوشــتن هەیە و توندوتیژی دژی ژنــان پیادە دەکرێت، ئەگەر بانگەشــەی ئەوە کــرا، لەم وڵاتە گەنــج مەغدوورە و بوارەکانــی بەردەمی کەمن، ئەگەر گوترا لەم وڵاتە لایەنە سیاســییە سەرەکییەکان، دەست لەکاروباری دادگا وەردەدەن، ئەگەر لەبەرامبەر هــەر یەکێك لەمانە حکومەت یان دەســەڵاتی سیاسی گوتی درۆیە ئەم شــتانە لەوڵاتی مندا بوونی نییە، مانای وایە لەو وڵاتەدا کۆمەڵگەی کراوە بوونی نییە، بەڵام کاتێك دەســەڵاتی سیاسیی و حکومەت دان بە هەڵە و کەموکوڕییەکان دەنێت و ئامادەباشــی دەردەبڕێت، ئەوانە گرفتن و دەبێت ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و هەنگاویش بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگرێت، ئەگەر ڕۆشنبیران دان بەو لایەنە ئێجابییەی دەسەڵاتی سیاســیی و حکومەتی خۆیان نەنێن، واتە لەو وڵاتە ڕۆشنبیر بوونی نییە و، ئەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە ڕۆشنبیر، بێجگــە لە دۆســتی کۆمەڵگەی داخراو و دوژمنانــی کۆمەڵگــەی دیموکراتی شــتێکی دیکە نین، بێگومان ئەم قسەیە ئاراســتەی نەخوێندەوار ناکەین، لەگەڵ ڕۆشنبیر و ئەو کەســانەمانە کە بەخۆیان دەڵێن ڕۆشنبیر، لێمان تێدەگەن مەبەستمان لەوە چییــە کە دەڵێین ڕۆشــنبیر دان بە ڕاستییەکاندا نەنێت، ڕۆشنبیر نییە.

لێــرەوە کێشــەی وڵاتی ئێمە، کێشــەی وڵاتانــی دەوروبــەر و جیهانی عەرەبی و ئیســلامی و ڕۆژهەڵاتی نییە، هەربۆیە نابێت کێشــەی ڕۆشــنبیر و دەسەڵاتیش لەوڵاتی ئێمە لەکێشــەی ڕۆشــنبیران و دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە بچێت، زیاتر لەمە کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە، کێشەی هێرانت دینــك و دەوڵەتی تورکیا نییــە، داوای ئــەوە لە حکومــەت بکەم ژینۆســایدی ئەرمەنەکان بســەلمێنن، حکومەتی ئێمە نەیسەلمێنێت، کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە، کێشەی ئیســماعیل بێشکچی نییە، داوا لەحکومەتەکــەی بکات مافی نەتەوەیەك لەبەرچاو بگرێت و وەڵامی نەداتەوە، کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە کێشــەی ڕۆشنبیرانی ئێران نییە، وەك سوهێلە وەحدەتی لە دژی توندوتیــژی و زیندە بەچاڵکردنی ئافرەت سایتی ســتۆن ئەبیج بکاتەوە و حکومەت وەڵامی نەداتەوە، کێشــەی ڕۆشنبیرانی ئێمــە کێشــەی ڕۆشــنبیرانی وڵاتانی عەرەبــی نییە، ڕۆشــنبیرانی وەك صادق جەلال ئەلعەزم و هیشام شەرابی و ئیدوارد سەعید و مەهدی عامل ودەیانی دیکە،یا وڵاتی خۆیان لــێ قەدەخەکرابێت، یانیش شەهید بکرێن .بۆیە کێشەی ڕۆشنبیرانی ئێمە جیــاوازە، حکومەت ئامادەیە ڕێز لە ئازادی ڕۆشنبیران و ئەهلی فیکر بگرێت، ئــا لەبەرئەوەیــە ناکرێت، ڕۆشــنبیران، وەڵامی حکومەت، یان دانانی حکومەت بەو هەڵە و کەموکووڕیانەی ڕۆشــنبیران دەستنیشــانی دەکەن، لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە نادیــدە بکرێــت، ئەگــەر وەڵامەکەی حکومەتیشــیان بــەدڵ نییە، پێویســتە، ئاڵتەرناتیڤــی دیکــە ئامادەبکــەن بۆ ئەوەی وەڵامی دیکــە وەربگرن، هەر بۆ نموونە، باشــترین وەڵام و بەدەنگەوەهاتنی حکومەت بــۆ ڕووبەڕووبوونەوە گەندەڵی، جیاکردنەوەی دەســەڵاتی دادوەرییە، وەك ستوونی سێیەمی دەسەڵات لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردســتان پرســیار ئەوەیە ئایا چۆن ڕۆشنبیران ئەم هەوڵە نادیدە دەگرن، با لانــی کەم دان بــەوەدا بنێــن، ئەمە هەنگاوێکی باشــە، بــەڵام ڕەخنەش لەوە بگرن، بەتەنها جیاکردنەوەی دەســەڵاتی دادوەری بەس نییە، دەبێت دەســتێوەردان و کاریگــەری لایەنــە سیاســییەکانیش نەمێنێت، ئەگەر حکومەتی کوردستان پێی لەسەر ئەوە داگرت،دەسەڵاتی دادوەری بێ کەموکورتیە، ئەوا ڕۆشنبیران هەقی خۆیانە چی خراپە بە حکومەتی خۆیانی بکات، بەڵام کاتێك حکومەتیش وەك ڕۆشــنبیران و ڕۆژنامەنووســان، ئامادەبێت ڕاستیەکان ببینێت و دانی پێدابنێــت، ئامادەش بێت بۆ چارەســەرکردنی، ئەوا دەبێت ڕۆشنبیر بەدوای هەڵەو کەموکورتی دیکە بگەڕێن، بەدوای چارەســەری دیکە بگەڕێن، نەك پێ دابگرن، لەبەرئەوەی سوێندی خواردووە دەســەڵاتی دادوەری لەکوردستاندا بوونی نییە، هەر دەبێت بیسەلمێنێت بوونی نییە، ڕۆشــنبیرانی ڕۆژئاوا کاتێــك ڕەخنە لە شارستانیەتی خۆیان دەگرن، بە ئاشکرا و بێ شەرم بە مرۆڤایەتی دەڵێن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، شارستانیەتی ئێمە لەهەموو شارســتانییەکان پێشــکەوتووترە، ئەوەی شارستانیەتی ئێمە پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، هیچ شارســتانیەتێك پێشکەشی نەکردووە، بەڵام هێشتا شارستانیەتی ئێمە و کۆمەڵگەی ئێمە بێ کەموکووڕی نییە، لەبەرئەوەی ئەقڵــی مرۆڤەکانی ئێمە لە گەشەکردن بەردەوامە، لەبەرئەوەی لەگەڵ چارەســەرکردنی هەر کێشــەیەك بەدوای دۆزینەوەی کێشــەیەکی دیکە دەگەڕێن، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کراوە ســەرتاپا کێشە و چارەسەرە.

**ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا کاتێک ڕەخنە لە شارستانیەتی خۆیان دەگرن، بە ئاشکرا و بێ شەرم بە مرۆڤایەتی دەڵێن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، شارستانیەتی ئێمە لەهەموو شارستانییەکان پێشکەوتووترە، ئەوەی شارستانیەتی ئێمە پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، هیچ شارستانیەتێک پێشکەشی نەکردووە، بەڵام هێشتا شارستانیەتی ئێمە و کۆمەڵگەی ئێمە بێ کەموکووڕی نییە**



**کۆمەڵگەی کراوە سەرتاپا کێشە و چارەسەرە.**

ئالان دیڤید فۆكس بۆ گوڵان:

# دەبێت فێری ئەوەبین بیروبۆچوونی جیاوازمان هەبێت بێ ئەوەی رق لە یەكتر هەڵگرین



**پرۆفیسۆر ئالان فوكس ئوستادی فەلسەفەیە لە زانكۆی دیلاوەر Delaware پسپۆر و تایبەتمەندە لە فەلسەفەی یۆنانی و چینی و هیندی، هەروەها تایبەتمەندە لە مێژووی فەلسەفە و رەوتی بەرەو پێشچوونی كۆمەڵگە جیاوازەكان، سەبارەت بە كاریگەرییەكانی سەر كۆمەڵگە و رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی كۆمەڵگە پرۆفیسۆر فۆكس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان، دەربڕی.**

تا خەڵكی ئاستی پەروەردەیان بەرزتر بێت، ئەوا تێڕوانینیان فراوانتر دەبێت

***كۆمەڵگەی عەقڵانی ئەوكۆمەڵگەیەیە كە بە چاوێكی رەخنەگرانەوە لە تێكڕای بوار و لایەنەكانی ژیان دەڕوانێت، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانین وا لە خەڵك بكەین تێڕوانینێكی رەخنەگرانەیان هەبێت و بێدەنگ نەبن؟**

- لە راستیدا ئەمە پتر پەیوەستە بە پەروەردەوە، لەبەر ئەوەی دەبێت تێكڕای بیروڕا و بیروبۆچوونەكان لە پرۆگرامەكانی سیستمی پەروەردەدا بووترێنەوە، هەر لە ئەدەبیاتەوە تاوەكو فەلسەفە و تاوەكو مێژوو، چونكە تاوەكو خەڵكی ئاستی پەروەردەیان بەرزتر بێت، ئەوا تێڕوانینیان فراوانتر دەبێت. راستە پەروەردە كاتێكی دوورودرێژ دەخایەنێت، بەڵام چارەسەرێكی خێرا و كورتخایەنیش بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئارادانی یە، گۆڕینی هزر و بیركردنەوەی خەڵك كاتێكی زۆری دەوێت.

*** دوو جۆر لە كۆمەڵگە لە ئارادان، كۆمەڵگەی مۆدێرن و كۆمەڵگەی دواكەوتوو، یان ناگەشەكردوو، جیاوازییەكی گەورەش لە نێوان ئەم دوو جۆر كۆمەڵگەیدا هەیە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نی یە كۆمەڵگەی مۆدێرنە بێ كێشە و گیروگرفتە، پرسیارەكە ئەوەیە جیاوازی كێشەكانی ئەم دوو كۆمەڵگەیە چین؟**

- سەرەتا من بەم كۆمەڵگانە ناڵێم دواكەوتووەكان، هەرچەندە من لەوە تێدەگەم كە ئێوە ئاماژەی پێدەكەن، بەڵام زۆرجار ئەوەی پێی دەوترێت كۆمەڵگەی دواكەوتوو كارێكی باشتر دەكات لە كۆمەڵگە پێشكەوتووەكان. راستە لە كۆمەڵگە ناگەشەكردووەكاندا كێشەی سەرچاوەكان هەیە، كێشەی تەندروستی هەیە، پێداویستییەكان خەڵك دابین نەكراون، بەڵام كاتێك كۆمەڵگە پێشكەوتووەكانیش ئەم كێشانەیان چارەسەركرد، كێشەی دیكەیان خوڵقاند، وەك پیسكردنی ژینگە، نایەكسانی ئابووری، كە زۆرجار لە كۆمەڵگە خێڵەكی و تەقلیدییەكاندا ئەم كەلێنە ئابوورییە گەورەیە لە ئارادانی یە. من پێم وایە پێغەمبەری ئیسلامیش(د.خ)، هەوڵیدەدا بایەخ بە چینی هەژاران و بێوەژن و مندااڵان بدات، بەڵام كێشەكە ئەوەیە لەگەڵ گەورەبوون و بە پیشەسازیبوونی شاردا ئەم بایەخپێدانە كەم دەبێتەوە بەم چین و توێژانە. هەموو كۆمەڵگەیەك كێشەی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاش هەندێ جار چینی ناوەڕاست بەرەو بچوكبوونەوە دەچێت، بەڵام ئەم كێشانە دێن و دەچن، هەندێ جار باش دەبن و هەندێ جار ئاڵۆزدەبن.

*** لە كۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەكاندا پشێوییەكی فیكری هەیە، هەرچەندە بیروباوەڕی جیاواز هەیە، بەڵام هەر لایەك هەوڵی سەپاندنی بیروبۆچوونەكانی خۆی دەدات بەسەر ئەوانی دیكەدا، لە كاتێكدا لە كۆمەڵگە پێشكەوتووەكاندا سەرەڕای بوونی بیروبۆچونی جیاواز، بەڵام یەكتری قبوڵكردن هەیە، كەواتە جیاوازی كەلتوری ئەم دوو كۆمەڵگەیە لە چیدایە؟**

- لە راستیدا من لە كۆمەڵگەیەكدا دەژیم كە بیروبۆچوونی جیاوازی تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو كەسێك مەیلی ئەوەی هەیە بیروبۆچونەكەی خۆی بە راست بزانێت، واتە لە هەموو كۆمەڵگەیەكدا كەسانی خاوەن بیركردنەوەی بەرتەسك بوونیان هەیە، هەرچەندە ئێمە لە جیهانێكداین كە راستی لەوە گەورەترە كە تاكەكەسێك یان تاكەلایەنێك بە تەنها بتوانێت گوزارشتی لێبكات.

*** هەندێك لە شارەزایان كۆمەڵگەی كراوە بە كرانەوەی رۆشنبیرییەوە گرێدەدەنەوە، ئایا چۆن رۆشنبیری دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە هێنانەدی كۆمەڵگەی كراوەدا؟**

- لە راستیدا ئەمە پێویستە بەلەبەرچاوگرتنی تێكڕای ئەگەرەكان

دەكات، پێویست بە ڕەچاوكردنی تەواو بیروبۆچونەكانی دیكە دەكات، هەرچەندە زۆرجار هەندێ تێڕوانینی خراپ لە سەر هەندێ لە گروپەكانی كۆمەڵگەكە دروست دەبێت، بۆ نموونە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ئەم تیڕوانینە لە ئاست ئەڵمانی یەكان لە جەنگی جیهانی دووەم، لە ئاست روسییەكان لە سەردەمی شەڕی سارددا و ئێستاش لە ئاست عەرەب و موسڵمانەكان دروست بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من پێم وایە ئەگەر بە ووردی و هۆشیارییەوە و لە نزیكەوە لە تێڕوانین و بیروبۆچونەكانی ئەوانی دیكە بڕوانین ئەوا دەتوانین زەمینەی هاوبەشی گفتوگۆ و گەیشتن بە ڕێككەوتن بدۆزینەوە، چونكە تاوەكو گروپەكان لێكدووربن، ئەوا سەرهەڵدانی ناكۆكی لە نێوانیاندا ئاسانتر دەبێت.

*** زۆرجار پارتە سیاسییە ئیسلامییەكان ئاین ئیستیغلال دەكەن و وەك ئایدۆلۆجیەتێك بەكاری دەهێنن، هەروەها خۆیان بە سەرچاوەی هەموو راستییەكان دەزانن و پێیان وایە ئەوانی دیكە لە سەر هەڵەن، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا هۆكاری داخرانی كۆمەڵگە ئیسلامییەكان بۆ بوونی ئەم پارتانە دەگەڕێتەوە؟**

- نەخێر، من باوەڕم بەوە نی یە ئەمە خەسڵەتی ئیسلام بێت، بۆ نموونە هەشت ساڵی حكومڕانێتی بۆش لەبەرچاوبگرە، كە جۆرج بۆش و دەستەی حكومڕانەكەی تەواو نالێبووردە بوون و تێڕوانینێكی بەرتەسكیان هەبوو، ئەمەش كێشەیەكی زۆری خولقاند. من پێم وایە كێشەكە ئەوەیە ئێمە كاتێ پێویست تەرخان ناكەین بۆ لەیەكتری تێگەیشتن، لە كاتێكدا بە بەردەوامی یەكتری تاوانبار دەكەین، چونكە ئەگەر گوێ بۆ یەكتری بگرین، ڕەنگە زەحمەت بێت بتوانین بە ئاسانی یەكتری تۆمەتبار بكەین. كەواتە لە هەموو كۆمەڵگەیەكدا كەسانی رادیكاڵ هەن، ئەمەش تەنها تایبەتمەندی ئیسلام نی یە. لە راستیدا من ئۆباڵەكە دەخەمە ئەستۆی ئەوانەی ئاین بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاردەهێنن، موسڵمان بن یان مەسیحی.

*** ئازادی لە كۆمەڵگەدا بوونی هەیە، ئێمە تەنها دەتوانین پارێزگاری لێبكەین، بۆ نموونە ئەگەر پارتێك هەوڵی پێناسەكردنی دا، ئەوا هەوڵی سەپاندنی بیروباوەڕی خۆی دەدات، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا دەبێت حكومەت تەنها ئەم ئازادییە بپارێزێت، یاخود هەوڵی باشتركردنیشی بدات؟**

- من پێم وایە گرنگترین مەسەلە ئەوەیە لە كاتی گفتوگۆكردندا ڕێگە بە بەرامبەر بدرێت و وشە و دەستەواژەكان بەو شێوەیە بەكاربهێنێت كە خۆی پێناسەی بۆ دەكات، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەر لە سەرەتاوە پێناسەیەكمان بەسەر ئەوی دیكەدا سەپاند، ئەوا ئەمە سەردەكێشێت بۆ بەهەڵە لێكتێگەیشتن. ئەوەی پەیوەست بێت بە حكومەتەوە، ئەوا من لەگەڵ ئەوەدانیم حكومەت پێناسەیەكی دیاری كراوی ئازادی بسەپێنێت، من پێم وایە باشترە خەڵك پێناسەی ئازادی بكەن، چونكە ئەگەر كویلەیەكمان هەبێت لەگەڵ خاوەنەكەیدا، ئەوا دەبێت كۆیلەكە پێناسەی ئازادی بكات، واتە دەبێت حكومەت گوێ لە خەڵك بگرێت، نەك شتیان بەسەردا بسەپێنێت.

*** چۆن دەتوانین كەلتور و رۆشنبیری كۆمەڵگە بگۆڕین بۆ كەلتور و رۆشنبیریەكی كراوە، ئایا تا چ رادەیەك راگەیاندن و رۆشنبیران دەتوان رۆڵێكی یارمەتیدەر ببینن لەم بوارەدا؟**

- یەكەم من پێم وانی یە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە كە چۆن دەتوانین ئەم كارە بكەین، ئەگەر بمزانیایە ئەوا خەڵاتی نۆبڵم وەردەگرت. خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێت رۆشنبیران و ئەوانەی لە پێگەیەكی باڵادان هەوڵی دروستكردنی دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی تێكڕای گروپەكانی چارەنوسی خۆیان دیاری بكەن.

*** دووا وتەت چیە؟**

ئەنجامدانی گفتوگۆ و ئاڵ و گۆڕكردنی بیروبۆچون گرنگە، دەبێت فێری ئەوەبین چۆن بیروبۆچونی جیاوازمان هەبێت و بێ ئەوەی رق و قینمان لە نێواندا بێت.

**كێشەكە ئەوەیە ئێمە كاتی پێویست تەرخان ناكەین بۆ لەیەكتری تێگەیشتن، لە كاتێكدا بە بەردەوامی یەكتری تاوانبار دەكەین**





لاۆری شارگی بۆ گوڵان:

# ئەو کۆمەڵگەیانەی دەرفەت بە ڕۆژنامەگەری ئازاد دەدەن دەتوانن پەرە بە کرانەوەیەک بدەن کە ببێتەهۆی تەحەدداکردنی بیروباوەڕە پێشوەختەکانی نەزانی و ترس

**خاتوو لاۆری شارگی ئوستادی فەلسەفەیە لە زانکۆی لە زانکۆی فلۆریدا و بەڕێوبەری دیراساتی ئافرەتانیشە لە هەمان زانکۆ و پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەسەر مێژووی سیاسیی فیمینیست، هەروەها دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بۆ قسەکردن لەسەر سیماکانی کۆمەڵگەی ئەقڵانی و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە خاتوو لاۆری بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

به پێی تیوری سیاسی ڕۆژئاوا، ئەو کۆمەڵگەیانەی بە ڕاستی دیموکراسی و ئازادن، گرنگە ڕێکخراوگەلێکی مەدەنیان هەبێت کە سەربەخۆبن لە دەوڵەت

*** ئایا چۆن بتوانین وا لە خەڵك بکەین تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیان هەبێت و بێدەنگ نەبن؟**

- بە پێی تیوری سیاسی ڕۆژئاوا، ئەو کۆمەڵگەیانەی بە ڕاستی دیموکراسی و ئازادن، گرنگە ڕێکخراوگەلێکی مەدەنیان هەبێت کە سەربەخۆبن لە دەوڵەت، بۆ نموونە گرنگ ڕۆژنامەگەرییەکی سەربەخۆ و ئازاد، پارتگەلێکی سیاسی، قەوارەگەلێکی بازرگانی و ڕێکخراوگەلێکی ئاینی سەربەخۆ و ئازاد لە ئارادابن، بە هەمان شێوە دامەزراوەگەلی هونەری و کەلتوور و زانکۆی سەربەخۆ و ئازاد و هتد.

*** ئەگەر باسی کێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە بکەین ئایا دەتوانین بڵێین کێشەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لە کێشەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان زیاترە؟**

- من هیچ کۆمەڵگەیەك بە «دواکەوتوو» وەسف ناکەم، بەڵام هەندێ کۆمەڵگە پتر پابەندن بە کەلتوورێکی نەگۆڕەوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەن کراوەن لە ئاست گۆڕاندا و بە کۆمەڵگەی «مۆدێرن» ناو دەبرێن، بەڵام تەقلیدییەت و مۆدێرنە هەردووکیان گرنگن. بە هەمان شێوە ڕێزگرتن لەو بەها و نەریتانەی بەشێکن لە ناسنامە کەلتوورییەکانمان. هەروەها گرنگە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە نەریت و کەلتووری هەمەچەشنی تێدایە، ئێمە دەبێت ڕێگاکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە بدۆزینەوە و لێبوردەبین لە ئاست کەلتوور و نەریتەکانی دیکەدا.

*** لە هەندێك کۆمەڵگەدا پشێوییەکی فیکری هەیە، هەر لایەك هەوڵی سەپاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەدات بەسەر ئەوانی دیکەدا، بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا سەرەڕای بوونی بیروبۆچوونی جیاواز، بەڵام یەکتری قبوڵکردن هەیە، کەواتە جیاوازی کەلتوری ئەم دوو کۆمەڵگەیە لە چیدایە؟**

- ئەو کۆمەڵگەیانەی فەزڵی بەها تەقلیدییەکانی خۆیان بەسەر ڕاستییە نوێیەکاندا دەدەن بە چەشنێك ئەو کەلتوور و بەها تەقیلدییانە دەچەسپێنن کە ڕەنگە بە شێوەیەکی توند و نالێبوردەییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بکەن کە پابەند نابن پێیانەوە، ئەمەش جێی داخە، کە ڕەنگە ببێتەهۆی خێراکردنی ڕەوتی ڕەتکردنەوەی ئەم بەها و کەلتوورە تەقلیدییانە. گرنگە ئەو کەسانەی بایەخ بە بەها تەقیلدییەکان دەدەن دەرفەت بە گفتوگۆ و مشتومڕێکی کراوە بدەن لە سەر ئەو بەها و نەریتانە، بۆ ئەوەی دواتر خەڵك خۆیان بڕیار بدەن چ نەریتێکی تەقلیدی گرنگە و دەبێت پارێزگاری لێبکرێت و چ نەریتێکیش دەبێت چاکسازی تێدابکرێت.

*** ئایا چۆن ڕۆشنبیری دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هێنانەدی کەلتووری کۆمەڵگەی کراوەدا؟**

- ئەو کۆمەڵگەیانەی دەرفەت بە ڕۆژنامەگەری ئازاد، ئازادی هونەری و ڕۆشنبیری، ئازادی گەڕان بە دوای زانیاری و کۆبوونەوە، لەگەڵ ئازادی ئاینی و ئازادی بێباوەڕبوون بە ئاین دەدەن، دەتوانن پەرە بە کرانەوەیەك بدەن کە ببێتەهۆی تەحەدداکردنی بیرباوەڕە پێشوەختەکان، نەزانی و ترس. بۆ نموونە، بیروباوەڕە زیانبەخشەکان کە لە قەدری ئافرەتان، یاخود کەمینەی ئاینی، ئیتنی یان ڕەگەزییەکان کەم دەکەنەوە ڕووبەڕووی تەحەددا دەبنەوە ئەگەر کۆمەڵگە ڕێگە بە ئاڵ و گۆڕی ئازادی بیروبۆچوونەکان بدات.

*** زۆرجار لە کۆمەڵگە ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتییەکاندا، پارتە سیاسییە ئیسلامییەکان خۆیان بە سەرچاوەی هەموو ڕاستییەکان دەزانن و پێیان وایە**

**ئەوانی دیکە لە ســەر هەڵەن، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هۆکاری داخرانی کۆمەڵگە ئیسلامی و عەرەبییەکان بۆ بوونی ئەم پارتانە دەگەڕێتەوە؟**

- لــە ئەمەریــکاش ئەو مەســیحییە دەمارگیــر و موحافیزکارانــە هــەن کــە پێیان وایــە ئینجیل ســەرچاوەی تێکڕای راســتییەکانە. ئەگەرچی ئێمە «پارتێکــی مەســیحی»مان نی یە، بەڵام دەتوانم بڵێــم پارتی کۆمارییەکان ئــەو پارتە بووە، کە لە دەیەی رابردوودا، مەســیحییە موحافیزکارەکان دەنگێکی بەهێز بوونە تێیدا. لە ئیسرائیل، جولەکە موحافیــزکار و دەمارگیرەکان لە چەند پارتێکی سیاســی ئەو وڵاتەدا خاوەنی دەنگێکی بەهێزن، هەروەها لە هیندستان، هیندۆسە دەمارگیرەکان بەدی دەکەین کە مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن. لەبــەر ئەوە لەو باوەڕەدانیم کە کۆمەڵگە عەرەبییەکان تەنها کۆمەڵگا بن کە گروپە ئاینییە موحافیزکارەکان دەستڕۆیشتوییان هەبێت لە پارتە سیاســییەکاندا. ئەوەی رەنگە جیاوازیێــت ئەوەیە کە لە زۆرێك لــە کۆمەڵگە عەرەبییەکانی ئێســتادا، ئــەم گروپە سیاســییانە دەســەڵاتیان بەدەستەوەیە.

*** هیچ ئایدلۆجیایەك ناتوانێت بە تەنها پێناســەی ئازادی بکات، لەبەر ئەوەی ئازادی لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، ئێمە تەنها دەتوانین پارێزگاری لێبکەین، ئایا چی روودەدا ئەگەر ئایدۆلۆجی هەوڵی پێناسەکردنی ئازادی بدات؟**

- لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، ئایدۆلۆجیای باڵادەست لە ئارادایە. لە ئەمەریکا، ئەو ئایدۆلۆجیایــە لە ئارادایــە کە باوەڕی بەوە هەیە بازاڕی ئازاد دەتوانێت هەموو کێشەیەك چارەســەربکات، هەروەها پێی وایە خەرجکردن و ئیستیهلاکی تایبەتی لە خەرجکردن و ئیســتیهلاکی گشتی باشــترە. بــەو پێیــە، هاوڵاتیانی ئێمە بەرهەڵســتی زۆرێك لە شــێوەکانی باج دەکەن، هەروەها ئێمە هێشتا سیستمێکی گشتی چاودێری تەندروستیمان نی یە، ئەگەرچی ئێمە بە شێوەیەك لە شێوەکان وڵاتێکی دەوڵەمەندین. لە دەرئەنجامدا، ئێمــە ژمارەیەکی زۆری خەڵکمان هەیە کە بێ ماڵ و حاڵن، هەروەها ژمارەیەکی گەورەی خەڵکمان هەیە کە بێ بەشن لە چاودێری تەندروستی. ئازادی بە تەنها نەبوونــی کۆت و بەند نــی یە، بەڵکو لە هەمان کاتــدا بریتیە لە دابینکردنی پێداویســتییە بنەڕەتییەکانــی ژیــان (شوێنی نیشــتەجێ بوون، تەندروستی، خواردن، ئاسایش)، بە چەشنێك بتوانین مومارەسەی مافەکانمان بکەین و سوود لە دەرفەتــەکان وەربگریــن. حکومەتە باشــەکان دەتوانن ئاسایش بۆ خەڵکانی خۆیان دابیــن بکەن، لە رووی ئازادبوون لە دەســتدرێژی، توندوتیژی، برسێتی و نەخۆشی.

*** بۆچی رۆشــنبیری کراوە یارمەتی داهێنان دەدا، لە کاتێکدا رۆشنبیری داخراو کۆمەڵگە بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە؟**

- تەکنەلۆجیــای نــوێ و پەیوەندییە ئابوورییەکان دەبنەهۆی هەرەســهێنانی ســنووره نیشــتیمانی و کەلتورییەکان. هەمــوو کۆمەڵگەیەك پێویســتی بەوە هەیە لە رووی ئابووری و سیاســییەوە بارودۆخی خۆی رێکبخاتەوە لە سەردەمی بە جیهانی بووندا. ئەو کۆمەڵگەیانەی کــە رێگە لــە گەیشــتنی هاوڵاتییان بە بــازاڕی جیهانییەکانــی کاڵاکان، خزمەتگوزارییــەکان و بیربــاوەڕەکان دەگرن، ناتوانــن بکەونــە ململانێیەوە لە کاتــی دامەزراندنــی پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕکردنەکانــدا بە چەشــنێك بە بەرژەوەنــدی هەردوولا بشــکێتەوە. لە کاتێکدا کۆمەڵگە بچوکەکان پێویستیان بەوەهەیــە کــە ســەرچاوەکانیان لــە ئیســتیغلالکردن بپارێزن لە لایەن وڵاتە بەهێزەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا گۆشــەگیربوونی ئابــووری و کەلتووری بە شــێوەیەکی گشتی مەترســیدارن و ستراتیجیەتێکی گرفت ئامێزن.

*** چۆن دەتوانین کەلتور و رۆشــنبیری کۆمەڵگــە بگۆڕیــن بــۆ کەلتــور و رۆشنبیرییەکی کراوە، ئایا تا چ رادەیەك راگەیاندن و رۆشــنبیران دەتوان رۆڵێکی یارمەتیدەر ببینن لەم بوارەدا؟**

- نووســەر، هونەرمەند و رۆشنبیرەکانی دیکە دەتوانن ببنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئەوانی دیکە بۆ ئەوەی داوای ئازادی و رێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بکەن، بــەڵام گۆڕانــی کۆمەڵایەتی درێژخایــەن دەبێت لە نــاو کۆمەڵگەوە هەڵبقولێت، لە رێکخســتنە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی نــاو کۆمەڵگەوە. کاتێك خەڵکی ئاســایی کۆمەڵگەکەی خۆیان رێکدەخەنەوە بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتــی کاریگەر بخولقێنن، ئەمە دەبێتە نیشــانەی ئەوەی کە بەرهەڵستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ سەرکوتکردن لە گەشەکردندایە.

*** ئایــا رۆڵی حکومــەت لە گۆڕینی کەلتــووری کۆمەڵگــەدا چــی یە ؟ ئایا باشــترە حکومەت تەنهــا هەوڵی پاراســتنی ئازادی بدات، یاخود هەوڵی هێنانەدی هەندێ گۆڕانکاری بدات بۆ بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون؟**


- لــە ئەزموونــی ژیانــی خۆمدا، بە دەگمەن بینیومە کە ســەرکردە سیاسییە هەڵبژێــردراوەکان چاکســازییان ئەنجام دابێــت. لــە ئەمەریکادا، هــۆکاری هەڵبژاردنــی باراك ئۆبامــا بوونی ئەو ناڕەزاییە بەرفراوانە بوو کە خەڵك لە ئاست حکومەتدا هەیبوو لە سەردەمی ئیدارەی بۆشدا. ئۆباما ســەرمایەیەکی سیاسی زۆری هەیــە تاوەکو بەکاری بهێنێت بۆ ئەوی وڵاتەکە بە ئاڕاســتەیەکی نوێدا ببات، بەڵام ئەم ئاڕاستەیە لە لێهاتووی سیاسی و رۆشنبیری ئۆباماوە نەهاتووە، بەڵکو ســەرچاوەکەی ئەو کۆدەنگیەیە کە لە نێو بڕیاربەدەســتانی سیاســی، کاربەدەســتە ئابوورییەکانــەوە هاتووە بەدیهاتــووە ئەوانەی لەم ســاتەوەختە مێژووییــەدا توانیویانــە دانپێدانــان و شەرعییەت بەدەست بهێنن . سەرکردایەتی ئۆباما بەتوانای ئەو تاقی دەکرێتەوە بۆ ئاڕاستەکردنی رەوتێکی پێشکەوتنخواز و رۆشــنگەر لــە چوارچێــوەی ئەو کۆدەنگییــەی بەدیهاتووە، هەر ئەمەش هــۆکاری ســەرکەوتنی کۆمەڵگەی دیموکراســییە (بــە پێچەوانــەی کۆمەڵگەیەکی شمولییەوە).

**گۆڕانی کۆمەڵایەتی درێژخایەن دەبێت لە ناو کۆمەڵگەوە هەڵبقولێت**

**لە ئەزموونی ژیانی خۆمدا، بە دەگمەن بینیومە کە سەرکردە سیاسییە هەڵبژێردراوەکان چاکسازییان ئەنجام دابێت**

**مالاچی هاكۆهین بۆ گوڵان:**

# ڕۆشنبیری کراوە ناچارمان دەکات شتێکی زۆر لە گفتوگۆ و ڕەخنەگرتنەوە فێربین



**پرۆفیسۆر مالاچی هاكۆین كە ئوستادی مێژووی فەلسەفەی سیاسییە لە زانكۆی دیوكDuke، پسپۆر و تایبەتمەندە لە مێژووی ڕۆشنگەری ئەوروپا و تیۆری سیسۆلۆژی و لەساڵانی ٢٠٠٢ خەڵاتی باشترین كتێبی پیدراوە كە لەسەر مێژووی ئەوروپا نووسیوویەتی، هەروەها خاوەنی كتێبی مێژووی ڕۆشنبیرانی هاوچەرخیشە لە ئەوروپا، پرۆفیسۆر هاكۆهین یەكێكە لە پیروانی پۆپەریزم و بایەخێكی زۆر بە تیۆری كۆمەڵگەی كراوە دەدات، بۆ قسەكردن لە سیما تایبەتییەكانی كۆمەڵگەی كراوە جیاوازی لە كۆمەڵگەی داخراوە، پرۆفیسۆر هاكۆهین بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**لە دیموكراسییە لیبراڵییەكاندا توانراوە بە تەواوەتی جیاوازی بیروبۆچوونەكان لە چوارچێوەی نیزامدا مومارەسە بكرێت**

*** لە كۆمەڵگەیەكدا ڕەخنە بوونی نەبێت، واتە ئەو كۆمەڵگەیە زیندوو نییە، ئایا چۆن دەتوانین وابكەین كۆمەڵگە بەردەوام ڕەخنە بەرهەم بهێنێت؟**

- ئەمە كارێكی ئاسان نی یە. بەڵام دەكرێت گریمانەكە ئەوەبێت كە زەمانەتەكانی ئازادییە مەدەنی یەكان و دابینكردنی ئاسایش، بە تایبەتی ئازادی ڕادەبڕین، دەرفەتی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە دەڕەخسێنن، كە ڕەنگە ئەمانەش بەس بن بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕەخنەبگیرێت.

*** ئایا ئەم هەنگاوانە دەبنە گەرەنتی بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگە و هەنگاو هەڵگرتن بۆ چارەسەركردنی كێشەكان؟**

- زۆرجار كۆمەڵگە مودێرنەكان كۆمەڵگەگەلێكی دەوڵەمەندن، لەم كۆمەڵگەیانەدا ژیان لە مەترسیدا نی یە. زۆرجار تەكنەلۆجیا ئەو ئەركانە ئەدا ئەكات كە لە كۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا بە دەست ئەنجام دەدرێن. بەو پێیە كار، بەرهەم و ئیستیهلاك تەحەددا گەلێكی دژوار دەخوڵقێنن. ئایا ئەمانە قابیلی ئەوەن گفتوگۆیەكی عەقڵانە لەبارەوە بكرێت؟ ئێمە ئومێدی ئەمە دەخوازین. ئایا مەرجە كۆمەڵگە مۆدێرنەكان ئازاددترین كە ڕێگە بە ڕەخنە و گفتوگۆكردن دەدات كە دژی بیروبۆچوونە تەقلیدییەكان بن؟ مەرج نی یە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجار كۆمەڵگە ئازادەكان كۆمەڵگەیەكی مۆدێرنن.

*** ئایا لە كۆمەڵگانەی پشێوی فیكری و یەكتری قبوڵ نەكردن هەیە،ئایا دكرێت بڵێین ئەمە سیمای كۆمەڵگەی دواكەوتووە؟**

- من لەگەڵ ئەم لێكدانەوەیەدا هاوڕانیم. مەرج نی یە كۆمەڵگە تەقلیدییەكان یان كۆمەڵگە مودێرنەكان كۆمەڵگەیەكی پڕ پشێوی یان نیزام باڵادەست بن تێیاندا. ئەوە ڕاستە كە ڕەنگە بوونی بیروبۆچوونی جیاواز بێ نیزامی لێبكەوێتەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە كە لە دیموكراسییە لیبراڵییەكاندا توانراوە بە تەواوەتی جیاوازی بیروبۆچوونەكان لە چوارچێوەی نیزامدا مومارەسە بكرێت. ڕەنگە جیاوازی نێوان ئەم دوو كۆمەڵگەیە لە هۆكار و شێوازەكانی پاراستنی نیزام و كۆنترۆڵكردنی گفتوگۆكردندا بێت.

*** كەواتە تۆ باسی كرانەوەی كەلتووری ڕۆشنبیری دەكەیت، ئایا ئەمە زەمینە دەرەخسینێت بۆ ئەوەی یەكتری قبوڵكردن بێتە ئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا، كرانەوەی ڕۆشنبیری-بە ڕووی خەڵكان و وڵاتانی دیكەدا پێوەرێكە بۆ كۆمەڵگەی كراوە. دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێت، پارێزگاریان لێدەكات، یارمەتیان دەدات لە بنیاتنانی كەلتورێكی زیندوودا.

*** بۆچی ڕۆشنبیری كراوە یارمەتی داهێنان دەدا، لە كاتێكدا ڕۆشنبیری داخراو كۆمەڵگە بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی ئێمە شتێكی زۆر لە گفتوگۆ و ڕەخنەگرتنەوە فێردەبین، هەروەها لەبەر ئەوەی دەرفەتی بەرەوپێشچوون بۆ ئێمە دەڕەخسێنن. ئەوا سنورداركردنیان پاڵنەرەكانی داهێنان و كەمكردنەوەی هەڵە كەم دەكاتەوە. بەو پێیە ئەمەش دەبێتەهۆی دواكەوتنی كۆمەڵگەكە.

*** چۆن دەتوانین كەلتوور و ڕۆشنبیری كۆمەڵگە بگۆڕین بۆ كەلتوور و ڕۆشنبیرییەكی كراوە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران دەتوان ڕۆڵێكی یارمەتیدەر ببینن لەمبوارەدا؟**

- ئەمە پرسیارێكی گرنگ و قورسیشە. دانانی چوارچێوەی یاسای و سیاسی

کە ئازادییە مەدەنی یەکان بپارێزێت و ئاسایش و سەلامەتی دابین بکەن، لەگەڵ دابینکردنی کەمترین ئاستی ژیان و گوزەران دەبنەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگە.

*** زۆر هەندێك ئایدۆلۆژییەت کە پارتە ئیسلامییەکان بانگێشەی بۆ دەکەن، بازنەیەکی داخراو دروست دەکەن، ئایا چۆن ئەو بازنەیە دەکرێتەوە؟**

- لە راستیدا ئایدۆلۆجیا و واقیع دەبنەهۆی بەهێزکردنی یەکتری، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم بازنە بەتاڵە بشکێنین: چۆن بتوانین قەناعەت بە لایەنە ئاینی یەکان بکەین بۆ ئەوەی بکرێنەوە بە رووی بیروبۆچونەکانی دیکەدا؟ یان باشتر لەوە، چۆن بتوانین ئەو هەلومەرجانە بخوڵقێنین کە چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی کە هانیان بدات بۆ ئەم کرانەوەیە؟

*** هیچ ئایدلۆجیایەك ناتوانێت بە تەنها پێناسەی ئازادی بکات، لەبەر ئەوەی ئازادی لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، ئێمە تەنها دەتوانین پارێزگاری لێبکەین، ئایا چی روودەدا ئەگەر ئایدۆلۆجی هەوڵی پێناسەکردنی ئازادی بدات؟**

- بە تیرِوانینی من ئێوە ئاماژە بەو جیاکردنەوە کۆنکرێتیە بە ناوبانگە دەکەن کە لە لایەن پێغەمبەر عوزێرەوە (د.خ) کراوە دەربارەی ئازادی سلبی—نەبوونی هیچ کۆت و بەندێك—لەگەڵ ئازادی ئیجابی، کە پێی وانی یە ئەمە بە هیچ شێوەیەك ئازادی بێت، کە ئەمەش ئەو ئازادیەیە کە هەوڵ دەدرێت ناوەرِۆکێکی دیاری کراوی پێ بدرێت، یاخود وەك ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن پێناسە کرابێت. کەواتە من بە حەزەرم لە ئاست هەر جۆرێك لە «ئازادی ئیجابی» و پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەم کە دەبێت وریابین لە بارەی ئەو کۆت و بەندانەی بەسەر ئازادی سلبیدا دەسەپێنرێن بە ناوی ئازادی ئیجابییەوە.

*** ئایا رۆڵی حکومەت لە گۆرِینی کەلتووری کۆمەڵگەدا چی یە ؟ ئایا باشترە حکومەت تەنها هەوڵی پاراستنی ئازادی بدات، یاخود هەوڵی هێنانەدی هەندێ گۆرِانکاری بدات بۆ بەدەستهێنانی بەرەوپێشچوون؟**


- دەبێت حکومەت رۆڵێکی پێشەنگ بگێرِێت لە دانانی چوارچێوەی یاسای و سیاسی بۆ حکومرِانیکردن و گفتوگۆکردن. ئەمەش هۆکارێکی گەورە دەبێت لە گۆرِینی کەلتوور. لە کاتی قەیرانەکاندا، رۆڵی زیاتری سەرکردەکان لە دەستنیشانکردنی رێگاچارەکاندا کارێکی گونجاوە. بەڵام دەبێت حکومەت وریابێت ئازادی سنوردار نەکات لە کاتی هەوڵدانیدا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان و دەبێت بە توندی پابەند بێت بە رێسا یاساییە و سیاسییەکانەوە.

**دەبێت حکومەت رۆڵێکی پێشەنگ بگێرِێت لە دانانی چوارچێوەی یاسای و سیاسی بۆ حکومرِانیکردن و گفتوگۆکردن. ئەمەش هۆکارێکی گەورە دەبێت لە گۆرِینی کولتوور**



**میناچین فیش بۆ گوڵان:**

# کۆمەڵگەی کراوە، کۆمەڵگەیەکە لە پرۆسەی فێربووندایە هەستێکی قووڵی هەیە کە هەموو شتێک نازانێت و هەموو راستییەکی لانی یە



**پرۆفیسۆر میناچین فیش ئوستادی مێژوو و فەلسەفەی زانستە لە زانکۆی تەلئەبیب و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر فەلسەفەی زانست و مێژووی فەلسەفە لە ئەوروپا، هەروەها پسپۆڕ تایبەتمەندیشە لەسەر تیۆری سیسۆلۆژی و کاریگەری ئایین لەسەر کۆمەڵگە، بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە گرنگەی کۆمەڵگە پرۆفیسۆ میناچین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> **تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا کێشەی هێنانەدی تەبایی و یەکگرتووی و هاوکاری لە کۆمەڵگەکەدا چارەسەرنەکراوە**

*** ئایا جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی ئەقڵانی و کۆمەڵگەی کراوە چی یە؟**

- لە راستیدا کە باس لە کۆمەڵگەی عەقڵانی دەکەین باس لە کۆمەڵگەی کراوە دەکەین، کە کۆمەڵگەی کراوەش بەخشینی ماف و ئازادییەکان لە خۆدەگرێت، بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەقڵانی بوون بکەین، دەبێت سەرەتا بۆ خودی مانای کۆمەڵگە بگەڕێینەوە، بۆ نموونە کۆمەڵگە جیاوازە لە گروپێك لە خەڵك، لەبەر ئەوەی گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دەبێت لە کۆمەڵگەدا، جا کۆمەڵگەیەکی ئیتنی بێت، یان نەتەوەی یان هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، گیانی هاوکاری و هاوبەشی، تەبایی و یەکگرتووی ناوخۆی هەبێت. راستە پێدانی ماف و ئازادییەکان و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوون و ئاین و کەلتور بەرامبەر، یاخود لێبوردەیی لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، مەرجێکی پێویستە، بەڵام رەنگە بەس نەبێت، لەبەر ئەوەی پێویستە لە کۆمەڵگەی راستەقینەدا تێکڕای پێکهاتەکان هەست بکەن لە بوارێکدا هاوبەشن، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن تێکڕای پێکهاتە و لایەنەکانی کۆمەڵگەی یەکگرتووی و تەبایی لە نێو خۆیاندا بنیات دەنێن، نەك تەنها مەسەلەکە بە پێدانی ماف و ئازادییەکان کۆتای پێ بێنن.

*** ئایا جیاوازی نێوان کێشەکانی کۆمەڵگە جیاوازەکان چیین؟**

- من پێم وایە تەنانەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشدا کێشەی هێنانەدی تەبایی و یەکگرتووی و هاوکاری لە کۆمەڵگەکەدا چارەسەرنەکراوە، من لەو باوەڕدام ئەو کۆمەڵگەیانەی ماف بە تێکڕای گروپ و تاکەکەسەکانیش دەدەن، دەبێت ئەو تێڕوانینەیان هەبێت کە دەکرێت کەم و کوڕی و کێشەیان هەبێت، دەکرێت دووچاری هەڵە ببنەوە، ئەمەش وایان لێدەکات کراوەبن لە ئاست رەخنەگرتندا، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، پابەندبوونێکی دۆگمای هەیە بە بەها و پێوەرەکانەوە، واتە ئەو تێڕوانینە لە ئارادایە کە هیچ کەموکوڕیەك لە بەهاکاندا نی یە، بەو پێیە ئامادەی قبوڵکردنی رەخنەش نابن.

*** لە کۆمەڵگە دواکەتووەکاندا پشێوییەکی فیکری هەیە، هەرچەندە بیروباوەڕی جیاواز هەیە، بەڵام هەر لایەك هەوڵی سەپاندنی بیروبۆچونەکانی خۆی دەدات بەسەر ئەوانی دیکەدا، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا سەرەڕای بوونی بیروبۆچوونی جیاواز، بەڵام یەکتری قبوڵکردن هەیە، کەواتە جیاوازی کەلتوری ئەم دوو کۆمەڵگەیە لە چیدایە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن راست و دروستە، لە راستیدا جیاوازی زۆر هەیە لە نێوانیاندا، زەقترین جیاوازی ئەوەیە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا تایبەتبوون یەکسان دەکاتەوە بە راستی بوون، واتە بیروباوەڕی تایبەتی خۆی بە تاکە بیروباوەڕی راست و دورست دادەنێت، کە ئەمەش بوار بۆ بیروبۆچوونە جیاوازەکان ناهێڵێتەوە، هەرچەندە من پێم وایە هەر سێ ئاینە یەکتاپەرستیەکە _یەهودیەت، مەسیحیەت و ئیسلام_لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکی جیددی فرەیین.

*** زۆرێك لە شارەزایان کۆمەڵگەی کراوە بە کرانەوەی رۆشنبیریەوە گرێدەدەنەوە، ئایا چۆن رۆشنبیری دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە هێنانەدی کۆمەڵگەی کراوەدا؟**

-لە راستیدا ئێوە ئاماژە بە بوارێکی زۆر گرنگ دەکەن، من پێم وایە کۆمەڵگەی کراوە، کۆمەڵگەیەکە لە پرۆسەی فێربوندایە، واتە هەستێکی قووڵی هەیە کە هەموو شتێك نازانێت و هەموو راستییەکی لا نی یە، بۆ نموونە ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی ئاینیدا، بە مانای ئەوەدێت دەبێت پتر دیراسەتی

بایبلْ بکەیـــن، زیاتـــر لێکۆڵینەوە لە تەلمود بکەین، شتی زیاتر لە قورئانەوە فێرببیـــن، بە پێچەوانـــەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوە کە هەوڵی سەپاندنی بیروباوەڕەکانیـــان دەدەن، لەبەر ئەوەی ئـــەو تێڕوانینەیـــان هەیە کـــە هەموو ڕاستیەکانیان لایە.

*** زۆرجـــار پارتـــە سیاســـییە ئیســـلامییەکان ئاین ئیستیغلال دەکەن و وەك ئایدۆلۆجیەتێك بەکاری دەهێنن، هەروەها خۆیان بە ســـەرچاوەی هەموو ڕاستییەکان دەزانن و پێیان وایە ئەوانی دیکە لە سەر هەڵەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایـــا هـــۆکاری داخرانـــی کۆمەڵگە ئیســـلامییەکان بۆ بوونی ئەم پارتانە دەگەڕێتەوە؟**

- نەخێـــر مـــن هۆکارەکـــە بـــۆ ئەوە ناگەڕێنمەوە، ئەم دیاردەیە لە تێکڕای کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتەکەی ئێمەشدا هەندێ لە گروپە ئاینیەکان دەسەڵات بگرنەدەست ئەوا جێی نیگەرانی و مەترســـییەکی گەورەدەبـــن، جەوهـــەری کێشـــەکە ئەوەیـــە لایەنێك پێی وابێـــت تێکڕای ڕاســـتییەکانی لایە، پێی وایە ڕاستی ئیلاهـــی لای ئەوە، بـــە پێچەوانەوەی کۆمەڵگەی کراوەوە کـــە بە چاوێکی ڕەخنەگرانـــەوە لـــە خـــۆی دەڕوانێت، کراوەیە لە ئاست پرسیار و گومانەکاندا. هەموو لایەك پێویســـتی بە ئایدۆلۆجیا هەیە، بـــەڵام ئایدۆلۆجیایەکی دۆگما نەبێت و هەوڵی خۆسەپاندن نەدات، بۆ نموونە جگە لە شێوە ئاینیەکان شێوەی دوگمای عەلمانیەتیشمان هەیە.

*** چۆن دەتوانین کەلتور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگـــە بگۆڕیـــن بـــۆ کەلتوور و ڕۆشنبیرییەکی کراوە، ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵێکی یارمەتیدەر ببینن لەم بوارەدا؟**

- ســـەرەتا دەبێـــت ئـــەوە بزانین ئەمە تەحەددایەکی گەورەیە، لە ڕاستیدا من باوەڕم وایە ناکرێت هەوڵی چاکسازی و گۆڕینی کۆمەڵگەیەك بدەین لەدەرەوە، بە دەربڕینێکـــی دیکە ناتوانین گۆڕان و چاکســـازی لـــە دەرەوە بســـەپێنین، دەبێت ســـەرچاوەی ئـــەم ئاڵوگۆڕە لە ناوخۆدا بێت، من پێم وایە دەستپێکردن لـــە چاککردن و گۆڕینی سیســـتمی پەروەردەوە کاریگـــەری دەبێت، من پێم وانی یە لە ڕێی گۆڕینی یاساکانەوە بتوانین بارودۆخەکـــە بگۆڕین، نابێت ئەزموونی خراپی هەندێ وڵاتی عەرەبی دووبارە بکەینەوە، کە هەوڵیانداوە لە ڕێی گۆڕینی یاساکانەوە بەرەنگاری هەندێ دیاردە ببنەوە، مەبەستم ئەوەیە ناتوانین بیرکردنەویەکـــی دیاری کراو بەســـەر کەلتوورێکدا بســـەپێنین و لە ڕاستیدا ئەمە زۆرجار دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێدەکەوێتەوە.

*** ئایـــا دەبێت حکومـــەت تەنها ئەم ئازادییـــە بپارێزێـــت، یاخـــود هەوڵی باشترکردنیشی بدات؟**


- من پێم وایە دەبێت ڕۆڵی حکومەت تا دوا ڕادە سنوردار بێت، بۆ نموونە دەبێت ڕۆڵی خولْقاندنی فرەیی و لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە یەکتری ببینێت، حکومەت دەبێت ڕێـــز لە چـــەژن و عورفەکانی تێکڕای گروپەکان بگرێت، ڕێز لە شوێنە پیرۆزەکانی تێکڕای ئاینەکان بگرێت. یاخود ئەگەر کێشە و گرژیەك لە نێوان ئەم گروپانەدا دروست بوو، ئەوا هەوڵی هێوکردنەوەی بدات لە ڕێی یاساوە.

ئەگەر لە وڵاتەکەی ئێمەشدا هەندێ لە گروپە ئاینیەکان دەسەڵات بگرنەدەست ئەوا جێی نیگەرانی و مەترسییەکی گەورەدەبن، جەوهەری کێشەکە ئەوەیە لایەنێک پێی وابێت تێکڕای ڕاستییەکانی لایە، پێی وایە ڕاستی ئیلاهی لای ئەوە



## کورتکردنەوەی دیموکراسی تەنها بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن

# ئایندەی ئازادی و سەروەری یاسا دەخاتە مەترسیەوە



بەکارهێنانی وشەی دیموکراسی بەتەنها لەرۆژئاوا، مانای دیموکراسی و ماف و سەروەری یاسایە، هەروەك چۆن بەکارهێنانی وشەی ماف لەفەلسەفەی (ماف)ی هیگڵدا بەمانای ئەرك و مافە. ئەم کورتکردنەوەیە وەك کورتکردنەوەی ناوە لە کوردیدا، بۆیە کاتێك بانگ دەکەیت «خولە» بەرامبەر تێدەگات مەبەستت «مەحمود»ە، بەڵام بۆ کەسێکی بیانی کە نەشارەزابێت بە کولتوور و دابونەریتی کوردی زۆر زەحمەتە لەوە تێبگات خولە دەکاتە مەحمود و هیچ جیاوازییەکیان نییە، ئێمەش لەبەرئەوەی وەك کابرای نابەڵەد بە خولە، ئێمەش نابەڵەد و نەشارەزاین بە دیموکراتی و بە ماف، بۆیە دەبێت، بەناچاری درێژدادڕی بکەین و بە خوێنەری خۆمان بڵێین،کە دەڵێین دیموکراتی تەنها مەبەستمان پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، کە دەشڵێین بە تەنها پرۆسەی هەڵبژاردن نییە، مەبەستمان ئەوە نییە کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە دیموکراتیدا بایەخی نییە، یان پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیموکراتی پێویست نییە، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە، دەبێت ئەو سندوقەی دەنگەکانی تێداکۆدەکرێتەوە، لەژێر چەتری سەروەری یاسادا بێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ناتوانرێت، دوای هەڵبژاردن بیر لە سەروەری یاسا بکرێتەوە، لە وەڵامدا دەڵێین، هیچ ئەزموونێك نییە ئاماژە بەوە بکات لەدوای جیاکردنەوەی دەنگەکان هەنگاو بۆ سەروەری یاسا هەڵگیرابێت، فەرید زەکەریا گوتەنی: ئاسانە لە لیبرالیزمەوە هەنگاو بۆ دیموکراتیەت هەڵبگیرێت، بەڵام زەحمەتە لە دیموکراسییەوە هەنگاو بۆ لیبرالیزم هەڵبگیرێت). بێگومان لیبرالی وەك وشە تەنها مانای ئازادی دەگەیەنێت، لە سیستەمی لیبرالیزمدا کۆمەڵێك ماف لەخۆی دەگرێت:

(ئازادی رادەربڕین، ئازادی چالاکی سیاسیی و پارتایەتی، ئازادی میدیا، مافی مولکایەتی، ئازادی تاك، سەروەری یاسا و.. هتد) کەواتە کە مانای لیبرالیزم لەناو سیستەمی لیبرالی شی دەکەینەوە دەبینین، ئەو داواکاریانەی کۆمەڵگەی دیموکراتی پێدەناسرێتەوە دەبێت بوونی هەبێت، پێش ئەوەی سندوقی دەنگدان دابنرێت، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستانی پێدەناسرێتەوە، ناومان ناوە ئەزموون واتە تاقیکردنەوەیەك یان هەوڵێك بۆ بونیادی دیموکراتی لەکوردستاندا.

## کولتوورو بەهای دیموکراتی دەبێت تیکەڵاوی مۆراڵی تاك بێت بەزۆرەملێ ناسە پێنرێت

سیستەمی دیموکراتی، ئەو سیستەمە حکومڕانییە بێ کەموکوڕییە نییە، کە مرۆڤایەتی بەتەواوەتی لێی رازی بێت، هەربۆیە ئەو رێکخستنەی حکومەت و دەوڵەتی دیموکراتی بۆ رێکخستنی ئازادی کۆمەڵگە دیگرنەبەر، لەکۆمەڵێك لایەنەوە نەك هەر رەخنەی لێدەگیرێت، بەڵکو وەك ئەنارشیزمەکان لە بناخەوە رەتدەکرێتەوە، بەڵام جوانی سیستەمی دیموکراتی (بێگومان مەبەستمان لیبراڵ-دیموکراتی یە) لەوەدایە، پێکهاتەی ئەم سیستەمە کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەخۆی دەگرێت، کە سیستەمە سیاسییەکانی دیکە بەرگەی ناگرن لەوانە:

١- لە سیستەمی دیموکراتیدا، دەسەڵات وادەی گۆڕانی خۆی دەزانێت، ئەوەشی لە دەسەڵات دەیگۆڕێت رێزی دەگرێت و دان بە شەرعیەتی رکابەرەکەی دەنێت، بەڵام لەسیستەمەکانی دیکە، واتە تۆتالیتارییەکان وادەی گۆڕانی خۆی نازانێت، گۆڕانی خۆشی بە مەحاڵ لە قەڵەمدەدات، بۆیە پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، دەگۆڕێت بۆ شۆڕش و کودەتا و توندوتیژی.

٢- لەسیستەمی دیموکراتیدا، گۆڕان واتە گۆڕینی کەسەکان نەك رووخان یان گۆڕینی دامەزراوەکان، چەند مانگێك لەمەوپێش پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتمان لە نێوان بوش و باراك ئۆباما بینی، کە چۆن باراك ئۆباما و بایدن، دیك چینی و بوش-یان لە کۆشکی سپی بەرێکرد. ئۆباما سوپاسی سەرۆك بوشی کرد کە لەماوەی ٢ خولی سەرۆکایەتی و لەسەردەمێکی زۆر هەستیاردا بەسەرکەوتوویی سەرکردایەتی ئەمریکای کردووە، بۆیە ئیدارەکەی خۆی بەتەواوکاری ئیدارەکەی بوش دەزانێت، بەڵام لە سیستەمەکانی دیکەدا، ماوەی سەرۆکایەتی پێشتر بە خیانەت لە گەل و بەخۆفرۆش و. هتد لەقەڵەم دەدرێت و سەرکردە تۆتالیتارییە تازەکە داوا لە گەلەکەی دەکات وەك پەیامبەر سەیری بکەن لەبەرئەوەی شەیتانی لە کۆڵکردوونەتەوە، بۆ تەسدیقی ئەم قسانەشی ئەگەر سەرکردەی پێشوو مابێت وەك شەیتان دادگایی دەکات.

٣- لە سیستەمی دیموکراتیدا، یاسا حکومەت هەڵدەسوڕێنێت، هاووڵاتیان دەزانن بەپێی یاسا حکومەت چۆن رەفتار دەکات و بڕیاری چی دەدات، بەڵام لە سیستەمی تۆتالیتاری و دیکتاتۆریدا، دیکتاتۆر یاسا هەڵدەسوڕێنیت و ئەگەر بواری ئەوەشی نەبوو یاسایەك دەربکات شەرعیەتی رەفتارە دیکتاتۆرییەکانی خۆی بسەلمێنیت، بڕیارەکانی هێزی قانوونیان دەبێت و، وەك قانوون کاری پێدەکرێت.

٤- سیستەمی دیموکراتی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی سەلماند هیچ گەلێك شەڕخواز نییە و هیچ گەلێك ناخوازێت گەلێکی دیکە بکاتە ژێردەستەی خۆی، بەڵکو ئەوەی گەلێك بە ئاراستەی چەوسانەوەی گەلێکی دیکە ئاراستە دەکات، ئەوا ئایدۆلۆژیەتی سەرکردەکانە و پەردەپۆشکردنی ئامانجە شەخسییەکانی سەرکردەکانە بەناوی گەلەوە، هەر بۆ نموونە، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، دەوڵەتانی رۆژئاوا بەیاسای ریشە هەڵکیشانی ئیمپریالیزم رازی بوون، زۆربەی زۆری ئەو دەوڵەتانەی کۆڵۆنیالی بوون سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. گەلی ئەمریکا وڵاتەکەی ناچار کرد لەڤێتنام بکشێتەوەو لە نەوەدەکان ناچاری کرد لە سۆماڵ بکشێتەوە، ئێستا ناچاری کردووە لە عێراق بکشێتەوە، گەلی ئیسپانیا رێگەی نەدا سوپای وڵاتەکەی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان لە عێراق بمێنێتەوە، گەلی بەریتانیا تۆنی بلێری ناچارکرد دەست لەکاربکێشێتەوە، بەڵام حکومەتی چین بەرگەی نارەزایەکی قوتابیانی وڵاتەکەی خۆی نەگرت و گۆڕەپانی (تیانامن)ی بەخوێنی قوتابییەکانی سوورکرد.

**سەرکردە تۆتالیتارییە تازەکە داوا لە گەلەکەی دەکات وەك پەیامبەر سەیری بکەن لەبەرئەوەی شەیتانی لە کۆڵکردوونەتەوە**

٥- لەسیستەمی دیموکراتیدا تاك ئازادە و مافی موڵکایەتی پارێزراوە، بەمافی موڵکایەتی فیکریشەوە، دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی هاندەرن بۆ داهێنان و کارکردن و بەرەو پێشەوەچوون، بۆیە تاك لەسیستمی دیموکراتیدا، نە لەکاتی سەرکەوتندا سوپاسی حکومەت دەکات، نە لەکاتی شکستیشدا ئۆباڵی شکستەکەی خۆی دەخاتە ئەستۆی حکومەت، هەلی کار لەبەردەم هەمووان کراوەیە و هەمووانیش لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن. بەڵام لەسیستمی تۆتالیتاریدا، هەموو شت موڵکی دەوڵەتە، تەنانەت بەرهەمی رۆشنبیر کە بەرهەمێکی فیکری رۆشنبیرە، وەك بەشێك لەمەکرەمە و دەستکەوتی دیکتاتۆر پێناسە دەکرێت، هەربۆیە کاتێك ئیرادەی تاك کاردانەوەی پێشێلکاری ئازادییەکانی وای لێدەکات هیچ شتێك بەموڵکی خۆی نەزانێت و دەزانێت کارکردن و کارنەکردن وەك یەك وایە، بۆیە ئەویش واز لەکاردەهێنێت، بەمەش داهێنان و پێشکەوتن رادەوەستێت، ئەمەیە جیاوازی نێوان کوبا و کۆستاریکا، کە دوو وڵاتی ئەمریکای لاتینین بەڵام لە کۆستاریکا تاك هەست بەبوونی خۆی دەکات و لەکوبا تاك خۆی بەکۆیلەی دەوڵەت دەزانێت، بۆیە دەبینین کۆستاریکا بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و کوباش رۆژ لەدوای رۆژ بۆ دواوە مل دەنێ.

٦- لەسیستەمی دیموکراتیدا، هەموو تاکێك بەمافی خۆی دەزانێت، رەخنە لەحکومەت بگرێت و هاوبەشیش لەگەڵ حکومەتی خۆی بکات بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات، میدیا خۆی بە چاودێر و پردی پێوەندی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت دەزانێت و دیوە شاراوەکەی یان دەنگە کپکراوەکانی هاووڵاتیان دەگەیەنێتە حکومەت، لایەنە شاراوەکانی بڕیارەکانی حکومەتیش بۆ هاووڵاتیان روونەکاتەوە و راستیەکانی پێدەگەیەنێت، ئەم پەیوەندییە هاوسەنگە راستگۆیی لەکۆمەڵگەدا کردۆتە ئاکار، بۆیە ئاکاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، کە رەنگدانەوەی دەستوور و سیستەمە سیاسیەکەیە، رێگا نادات میدیا وەك چاودێری راستیەکان، موڵکی هیچ لایەنێکی سیاسیی بێت، هاووڵاتیانیش هەست بەو پێویستییە دەکەن، کە دەبێت میدیا ئازادی و سەربەخۆیەکەی پارێزراو بێت، بۆیە چۆن باج دەدەن بەحکومەت، ئاواش بەکڕین و بەشداریکردنیان لەرۆژنامەکان ئەو باجە دەدەن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی میدیا بەردەوام چاودێری دەسەڵاتی حکومەت بکات، لەبەرئەوەی هاووڵاتیانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، رۆژنامە و میدیا بەپێویستی دەزانن کە بەیانیان پێش چوونە سەرکار بیخوێنەوە، دەبینین بزنسمانەکانیش پەنا بۆ رێکلامی نێو رۆژنامەکان دەبەن، ئەمەش دیسان داهاتێکی دیکە بۆ رۆژنامەکە دابین دەکات، لەسیستەمی دیموکراتیدا، رۆژنامەکان دەبنە سەرچاوەی درۆ و چەواشەکاری بۆیە هاووڵاتیان نەك ئامادەنین بەشێك لەداهاتی خۆیان وەك باجدان بۆ بەردەوامی رۆژنامەکە تەرخانبکەن، بەڵکو رۆژنامەکان بەبەلاشیش دابەشدەکرێن هاووڵاتی ئامادە نییە بیخوێنێتەوە.

٧- هەموو ئەو خاڵانەی لەپێشەوە



ئاماژەمان پێكردن، لەیەك خاڵدا چڕدەبنەوە، كە هاوڵاتی لە سیستمی دیموكراتیدا، لەبەرئەوەی هەستدەكات خۆی حكومڕانی خۆی دەكات، پێویستی بەوەیە حكومڕانی ببێتە بەشێك لەكەلچەری ڕۆژانەی و بزانێت مانای بەرپرسیاریەتی و حكومڕانی چییە، بەڵام لەسیستمی دیكتاتۆریدا، لەبەرئەوەی هاوڵاتی لە حكومڕانی جیادەكرێتەوە و مافی ئەوەی نییە بەشداری دەسەڵات و بڕیاری سیاسیی بكات، بۆیە حكومڕانیەكە بەشتێكی سەپێنراو دەزانێت، بە ئیرادەیەكی دەرەكی دەزانێت، كە هاتووە ئیرادەی ئەوی وەك تاك زەوتكردووە، دیكتاتۆر بەزۆریش هەوڵدەدات ئەو ئیرادەیەی بەسەردا بسەپێنێت، بۆیە دەبینین لەبری ئەوەی حكومڕانی تۆتالیتاریەكە ببێتە بەشێك لەمۆراڵی تاك، دەبینین ئەنتی تۆتالیتاریزم و ئەنتی دیكتاتۆرییەت دەبێتە بەشێك لەكەلچەری كۆمەڵگە و لەبچووكترین دەرفەتدا بەرووی دیكتاتۆریەتدا دەتەقنەوە.

## لەسیستمی دیموكراتیدا، جیاوازی پارتە سیاسییەكان ڕەنگدانەوەی جیاوازی بیروبۆچوونەكانی كۆمەڵگایە

لەوانەیە گەورەترین تەلیسم كە لایەنە ئیسلامی و پۆپۆلیستەكان لەبەرامبەر پارتی و یەكێتی دەستەوەستان دەكات، ئەو خاڵە بێت كە پارتی و یەكێتی سەیر دەكەن بزانن خەڵك گرنگی بەچی دەدات ئەوانیش گرنگی بەوە دەدەن و ئاسانكاری بۆ خواستەكانی خەڵك پێشكەش دەكەن، هەربۆیە كە هاووڵاتیان ڕەخنەی توند و نەرم لەو دوو حزبە دەگرن، هەست دەكەیت، ڕەخنەی هاووڵاتیان هیچ ناڕەحەتیەك بۆ پارتی و یەكێتی دروست ناكات، هەر بۆنموونە:

١- كاتێك خەڵك داوای ئەوە دەكات پێویستە ژمارەی قوتابخانەكان زیاد بكرێت، یەكەم/ بۆئەوەی دیاردەی ٣ دەوامی و ٢ دەوامی نەمێنێت. دووەم/ بۆئەوەی ژمارەی قوتابیەكانی ناو پۆلێك كەمبكرێتەوە، پارتی و یەكێتی ئەم داوایەی خەڵك بەمافی خەڵك و خۆیان بەكەمتەرخەم دەزانن، بۆیە ئەم شەرعیەتەی پارتی و یەكێتی بەم مافەی خەڵك میدیاكانی خۆی گرتۆتەوە، هەروەك بەرنامەی زووم ئین-ی ئەم هەفتەیەی تەلەفزیۆنی كوردستان، كە چۆن ناشیاوی قوتابخانەیەكی وەك دیاردەیەكی سەیر پیشانی هەموو لایەك دەدات، ئەم ئاراستەیە، لایەنەكانی بەرامبەر پارتی و یەكێتی ئیحراجكردووە، لەبەر ئەو هۆكارانەی پەنای بۆ دەبەن ناشرینكردنی پارتی و یەكێتی، دەبینن، میدیاكانی پارتی و یەكێتی پێش لایەنەكانی دیكە پیشانی دەدەن.

٢- لایەنێكی دیكەی پارتی و یەكێتی، كە نەیارانی ئەو دوو حزبە وەك خاڵی لاواز پیشانی دەدەن، دیاردەی ناڕازیبوونی خەڵكە، كە باسی ناڕازیبوونی خەڵك دەكەین، مرۆڤ، پێناسەی هاووڵاتی سەردەمی یۆنانی بیردەكەوێتەوە، بۆیە ئێمەش دەبێت وەك ڕۆبەرت داڵ ئەو پرسیارە بكەین، ئایا خەڵك كێ دەگرێتەوە؟ ئایا خەڵك مەبەست هاووڵاتیانی بێ لایەنی دەرەوەی پارتە سیاسیەكانی كوردستانە؟ ئایا خەڵك مەبەست ئەو خەڵكانەیە كە



ئەندامـــی پارتی و یەکێتـــی نین؟ ئایا خەڵك مەبەســـت هەمـــوو هاووڵاتیانی کوردستانە؟ ئێستا هەموو ئەو لایەنانەی خۆیان وەك رکەبـــاری یەکێتی و پارتی نمایش دەکەن، لەو نهێنیە تێناگەن، چۆن هیچ کەس بێ رەخنە نییە و هەموو هەر لەدەوری پارتی و یەکێتـــی کۆدەبنەوە. ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە خەریکە پارتی و یەکێتی، رەخنـــە و رازی نەبوون، بکەنە کەلچەری کۆمەڵگە و خواستی گۆڕان و نوێبوونـــەوە لەناخی هەر تاکێك بکەنە مۆراڵـــی تاك، ئەم حاڵەتە بۆ ئاســـتی تێگەیشتنی حزبێکی ئیسلامی یانحزبێك کە بـــە عەقڵییەتێکی ســـتالینیی دێتە بەرچاو زۆر زەحمەتە هەزم بکرێت، بۆیە کە ناتوانێت ئەم هاودژیەی رەفتارەکانی پارتـــی و یەکێتی لەنێوان ئایدۆلۆژیەتی ئەو پارت و تەیارە سیاســـیانە و خواستی گەلدا دروســـتی دەکات، ئەو لایەنانەی رووبـــەڕووی ئیحراجیەکـــی گـــەورە کردۆتەوە، چونکە گەلی هۆشیار بڕیاری هەڵە نادات، گەلێك قۆناخی ســـەختی ئەوتـــۆی بینیبێت، ئۆردوگای زۆرەملێی لێ نەبووبێت بەشـــاری هاوچەرخ، زۆر زەحمەتـــە مەترســـی ئـــەوەی لێبکرێت دیموکراتی بگۆڕێتـــەوە بەتۆتالیتاری و دیکتاتۆری.

ئەو خاڵانەی ئاماژەمـــان پێکردن. زۆر گرنگن شەفافانە هەموومان هەڵوەستەی لەســـەربکەین، دەبێت هەموو شـــانازی پێوەبکەین نەك لێی بترسین، بەپێچەوانەوە ئەوەی دەبێت لێی بترســـین ئەوەیە، ئەو کەڵچـــەرەی خەریکـــە لەکۆمەڵگـــەی ئێمـــە رەگ دادەکوتێـــت، ســـیمایەکی دیموکراتیانەی پێدەبەخشێت، بگەڕێتەوە بۆ کەڵچەری ستایشـــی تۆتالیتاریەت و دیکتاتۆریەت، بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەل کۆیلـــەی حکومەت بێت، نەك حکومەت فەرمانبـــەری گەل بێت. ئـــەم کەڵچەرە دەبێتـــە بناخەیـــەك بۆ ئەوە سیســـتەمی پارتایەتی لەکوردســـتان بەرەو ئاراستەی راســـت هەنـــگاو هەڵبگرێـــت، پارت و لایەنـــە سیاســـییەکان ناچاربن لەدەوری خواســـتی گەل کۆببنـــەوە و بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی خواســـتی گەل دابڕێژن، ئەمەیە ئـــەو ژینگەیەی کـــە هەنگاو بەهەنـــگاو کەڵچـــەری تۆتالیتـــاری و ئیسلامی سیاسیی و مۆدیلی ستالینی دووردەخاتـــەوە، پێشـــوازی لەکەڵچەری دیموکراتـــی دەکات و زەمینـــەی دروســـتبوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تەندروســـت دەرەخســـێنیت، بێگومـــان مەبەست لەکۆمەڵگەی مەدەنی تەندروست ئەوەیـــە واتە گۆڕینـــی مۆدێلی حزبی ستالینی و ئیسلامی سیاسیی میسری و ئەفغانســـتانی، بـــۆ دامەزراوەیەکی مەدەنی، کـــە دامەزراوەکە خۆی دەبێتە بەرهەمهێنـــەری رەخنە لە خودی حزب، ئینجـــا لـــە خـــودی حزبـــی بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن یان حزبی دەسەڵاتدار، بەڵام رەخنەیەك کە خواســـتی خەڵك لەخۆی بگرێت، نـــەك ئامانجی سیاســـیی ئەم ئایدۆلۆژیـــەت یـــان ئایدۆلۆژیەتێکی دیکە.

لێـــرەوە جێگەی خۆیەتـــی بگەڕێنەوە، سەر ئەو پرســـیارەی پێشتر وروژاندمان، ئایا پێناســـەی خەڵك چییـــە؟ ئایا ئەو خەڵکانـــەی رەخنە لەدەســـەڵات دەگرن کێن؟

ئێمـــە لـــەم راپۆرتە تەنها لـــەو خاڵەوە دەســـت پێدەکەین، کە لایەنە سیاســـییە بەنـــاو ئیســـلامییەکان و ئەوانەیش تا ئێستا هاوشێوەی ستالینیزم بیردەکەنەوەو بەخاڵـــی بەهێـــزی خۆیانـــی دەزانن، پێیاندەڵێیـــن لە هەموو سیســـتەمێکی دیموکراتی و لە هەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و کراوەدا رەخنە هەیە، رەخنە هەیە بۆ ئەوەی لە باشـــەوە بۆ باشـــتر هەنـــگاو بنرێ، چونکە ژیان بەردەوامە کەواتـــە داخوازییەکانیش بـــەردەوام لە

**لەسیستمی تۆتالیتاریدا، هەموو شت موڵکی دەوڵەتە، تەنانەت بەرهەمی رۆشنبیر کە بەرهەمێکی فیکری رۆشنبیرە، وەک بەشێک لەمەکرەمە و دەستکەوتی دیکتاتۆر پێناسە دەکرێت**



نوێبوونەوەدادەبن و بەر لەوەی خەڵکی بێ لایەنیش سەرنج و ڕەخنەی هەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی و یەکێتی ڕەخنەو گلەییەکانیان ناشارنەوە، ئەمەش مانای وایە پارتی ڕاستە دەسەڵاتدارە بەڵام بەرهەمهێنی ئازادی و دیموکراتیشە بۆیە بەر لە خەڵکی بێلایەن ئەندام و لایەنگیرانی دەنگ هەڵدەبڕن و پارتیش قەبوڵیەتی . لێرە پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا ئەگەر پارتی و یەکێتی خۆیان بوار بەڕەخنە نەدەن لەناو حزبەکانی خۆیاندا، ڕەخنە لەکوێوە بەرهەم دێت؟ خۆ لانی کەم پارتی و یەکێتی ئەگەر ئارەزوویان لێ بێت، ڕێگە نادەن، لەناو حزب و حکومەت و پەرلەمان ڕەخنە بوونی هەبێت، باشترین نموونەش، با حزبە ئیسلامییەکان کە خۆیان واپیشاندەدەن دڵیان بەم میللەتە دەسووتێت، وتارێکمان پیشان بدەن، لەبڵاوکراوەکان و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکانیان بڵاوکرابێتەوە و لایەنێکی سلبی پارتێکی ئیسلامی (دەڵێین حزبی ئیسلامی نەك ئیسلام) پیشاندابێت، بۆ نیانە؟ کەچی گوڵان دەیان ڕاپۆرتی هەیە ڕەخنە لە ئۆرگانەکانی پارتی دەگرێت و، بواریشی ڕەخساندووە، دەیان کەسایەتی ناوخۆ و جیهانی لەسەر لاپەڕەکانی گوڵان ڕەخنەی گرنگ و ستراتیژی (نەك ڕەخنەی هەڵخەڵەتێنەر) لەسیاسەتی پارتی بگرێت.

تەنانەت لەو کاتەی سوپای تورکیا سنووری هەرێمی کوردستانیشی بەزاندبوو، گوڵان ئیتکیی ڕۆژنامەوانی پێشێل نەکردبوو، نەیهێشت سۆز بەسەر کاری پرۆفیشناڵی ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوە گرنگە زاڵ بێت، لەیەك کاتدا بۆچوونی هەردوو لای لەیەك ڕاپۆرتە بڵاودەکردەوە. ئەمەش پرۆفیسۆر تۆم باڵمەر لەکاریگەری دامەزراوەکانی حکومەتی دیموکراتی باسی دەکات و دیاریکردنی سنووری کارەکانی حکومەت وەك خاڵێکی بەهێز دەستنیشاندەکات، خۆتێکەڵنەکردنی حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی بۆ سنووری ئازادیەکان و پاراستنی ئازادییەکان بەخاڵی بەهێز و گەوهەری حکومەتی دیموکراتی پێناسە دەکات، هەروەها وەك دانیاڵ کۆفمان بەڕێوەبەری تەنفیزی بانکی نێودەوڵەتی، سەبارەت بەحکومەتی دیموکراتی باسی دەکات و هەڵسوڕاوی دامەزراوەکانی حکومەت بەو سیحرە دادەنێت، کە هاوڵاتی نازانێت، چۆن داهاتی چەند بەرامبەر بووە، نازانێت، چۆن سیستەمی پەروەردە و تەندروستی گۆڕانی بەسەرهاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی کۆمەڵگەیەکی زیندووە و بەردەوام بەدوای خۆشگوزەرانی زیاتر دەگەڕێت، بۆیە هەرچی بکرێت، هێشتا هاووڵاتی هەر دەڵێت هیچ نەکراوە، مافی خۆیانە وابیر بکەنەوە و جێگای شانازییە هۆشیاری گەلی ئێمە بەو ئاستە بەرزبێت، هەموو شتێك بە شایستەی خۆی بزانێت و خواست و ئارەزووەکانی لەخاڵێکدا کۆتایی نەیەت.

ئەمە پێماندەڵێت بەهێزی پارتی و یەکێتی ئاستی پێشکەوتوو و بەرزی کۆمەڵگەیە، ئاستی بەرزی بەرهەمهێنانی ڕەخنە و لەخۆڕازینەبوونە، ئاستی خواستی گۆڕان و خۆنوێکردنەوەیە، بەڵام گۆڕان بەرەو ئاستی ستاندەری ئەقڵی مرۆڤایەتی نەك گەڕانەوە بۆ ئەقڵی ئەفغانستان و ئەو مۆدێلە حکومڕانیانەی سەردەمی ستالین، کە هێشتا پاشماوەکانیان لە چین و کوبا ماون و، جارێکی دیکە لەوڵاتی خۆمان کۆپی بکەینەوە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە میللەتی ئێمە بەفیکری لەنگەی سیاسیی ستالین و ئەفغانستان و میسر ڕازی نەبێت، هەروەك چۆن لەمۆدێلاتی جلوبەرگدا، بەمۆدێلاتی کۆنی پاشماوەی لەنگەی ئەوروپا ڕازی نابێت.

**کاتی ئەوە هاتووە میللەتی ئێمە بەفیکری لەنگەی سیاسیی ستالین و ئەفغانستان و میسر ڕازی نەبێت، هەروەک چۆن لەمۆدێلاتی جلوبەرگدا، بەمۆدێلاتی کۆنی پاشماوەی لەنگەی ئەوروپا ڕازی نابێت**



# لە ئەمەریكا دەرفەت بە پارتە فاشیستە نوێیەكان نادرێ بچنە چوارچێوەی ركابەرییەوە



**پرۆفیسۆر مایكل بوم ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆكی بەشی دیراساتی ئیسپانی و پورتوگالیە لە زانكۆی كۆنیكویتیك (Connecticut) و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بونیادی دیموكراتی لە ئیسپانیا و پورتوگال و ئەم دووو ئەزموونەش بە دووو ئەزموونی سەركەوتووی پێش دەسپێكی شەپۆلی سێیەمی دیموكراتی دادەنرێت، سەبارەت بەسەركەوتنی پرۆسەی دیموكراتی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، پرۆفیسۆر بوم بەمجۆر بۆ گوڵان دوا.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیستمی پەرلەمانی بەریتانیا، دەبینین لەو وڵاتەدا بەرهەڵستكاری حكومەت هەیە، بەڵام پێی دەوترێت بەرهەڵستكاری دڵسۆز

*** ململانێی پارتە سیاسییەكان سیمای دیاری سیستەمی دیموكراتییە، ئایا دیموكراتی بەبێ ململانێی پارتە سیاسییەكان بوونی هەیە؟**

- راستە تەنها لە سیستمی دیموكراسیدا پارتە سیاسییەكان لە ململانێدان و ئەمەش روالّەتی دیار و جیاكەرەوەی دیموكراسییە، واتە دەرفەت بە ركابەر و ململانێی دوو پارتی سیاسی یان زیاتر دەدات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات لە رێی هەڵبژاردنەوە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا ململانێیەكە لە نێوان پارتی كۆمار و دیموكراتەكاندایە، هەرچەندە زۆرجار لە جیهانی دەرەوەدا كاتێك لەم دوو پارتە دەڕوانن جیاوازییەكی كەم بەدی دەكەن لە نێوانیاندا. خاڵێكی دیكە هەیە كە ئەویش گرنگییەكی گەورەی هەیە و پەیوەستە بە سروشتی ئەو سیستمە دیموكراتییەوە كە كاری پێدەكرێت، یاخود بەو ئیختیارانەی لە بەردەم هاوڵاتیدان بۆ ئەوەی دەنگیان بۆ بدەن، بۆ نموونە لە ئەمەریكادا سیستمی هەڵبژاردن دەرفەت بە پارتەكانی پەیوەست بە ژینگەپارێزی، پارتی كار و پارتی فاشیستە نوێیەكان نادات بچنە چوارچێوەی ركابەرییەكەوە، هەندێ كەس پێیان وایە ئەمە كارێكی باشە، چونكە دەبێتەهۆی سەقامگیركردنی سیستمەكە و دووورخستنەوەی بیروباوەڕە توندڕەوەكان، هەندێكی دیكە لەگەڵ ئەوەدان كە پێویستە بوارەكە فراوانتر بكرێت.

*** لە سیستمی دیموكراسیدا، دووو جۆر پارتی سیاسیمان هەیە، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، لەگەڵ پارتە بەرهەڵستكارەكان، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانین هاوسەنگییەك لە نێوان ئەم دوو جۆر پارتەدا بهێنینەدی؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر باشە، ئەمە پەیوەستە بە سروشتی سیستمی هەڵبژاردنەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سیستمی پەرلەمانی بەریتانیا، دەبینین لەو وڵاتەدا بەرهەڵستكاری حكومەت هەیە، بەڵام پێی دەوترێت بەرهەڵستكاری دڵسۆز، لەبەر ئەوەی دەرفەتێكی باشی لە بەردەمدایە كە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، یاخود لە ٨ یان ١٠ ساڵی داهاتوودا دووباره دەسەڵات بگرێتەوە دەست، لەبەر ئەوە دڵسۆزی و وەلائی دەبێت بۆ سیستمە سیاسییەكە، بە پێچەوانەی ئەو بەرهەڵستكارانە كە هیچ دەرفەتێك بەدی ناكەن لە بەردەمیاندا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، هەر ئەمەش وادەكات، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، كە دەبێت لە دیموكراسیدا سیستمێكی حزبایەتی ململانێ ئامێز لە ئارادابێت.

*** لایەنێكی دیكەی كۆمەڵگەی دیموكراسی بوونی سەروەری یاسایە ئایا سەروەری یاسا تاچەند كاریگەری لەسەر ململانێی پارتە سیاسییەكان هەیە؟**

- ئەوە پرسیارێكی زۆر قورسە، بەڵام ئەوەی ئێوە دەیڵێن دروستە كە سەروەری یاسا سنووری بۆ رەفتار و كرداری پارتە سیاسییەكان داناوە، لەم سەردەمەشدا چەسپاندنی سەروەری یاسا بۆتە یەكێك لە مەسەلە گرنگ و بەپەلەكان كە كاتێكی زۆری دەخایەنێت. من لێكۆڵینەوەم لەسەر وڵاتانی ئیسپانیا، پورتوگال و یۆنان كردووە، لە پورتوگال بۆ ماوەی پەنجا ساڵی سەروەری یاسا لە ئارادانەبوو، دەسەڵاتێكی شمولی و دیكتاتۆری حكومڕانی دەكرد، كۆمەڵگەی مەدەنی لاواز بوو، بەڵام دواتر بە شۆڕشێكی كۆمەڵایەتیدا تێپەڕی، سەروەری یاسای بنیات نرا، سیستمێكی حزبایەتی ململانێ ئامێزی دامەزراند. هەروەها لە ئیسپانیاش لە ساڵی ١٩٨١دا هەوڵی كودەتایەكی سەربازی درا، بەڵام بەهۆی ئەوەی پاشای ئەو وڵاتە دەسەڵاتێكی شەرعی هەبوو توانیی هەوڵەكە شكست پێ بهێنێت. بە هەمان شێوە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و بەریتانیاش گەشەكردن و رەگداكوتینی سەروەری یاسا و ململانێی سیاس و حزبی لە ماوەی چەند سەد ساڵێكدا هاتەدی، لەبەر ئەوە ئەم پرۆسەیەكە كاتێكی زۆر دەخایەنێت و لە شەو و رۆژێكدا نایەتەدی.

*** لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا پارتەكان پێش**

**ئەوەی دان بە شەرعیەتی یەکدا بنێت ڕەخنە لە یەك دەگرن و حکومەت بە ناشـــەرعی دادەنێن، پرســـیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ئیدارەی میکانیزمەکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرهەڵستکاران بکرێت؟**

- یەکێك لە چارەسەر و ڕێگاچارەکان کە «ئایرۆن لایفـــەرت» ئاماژەی پێدەکات، دیموکراسیەتی تەوافوقییە، ئەو پێی وایە لـــەو کۆمەڵگەیانەی کە دابەشـــبونێکی قوڵ هەیـــە لە نێوان گروپـــە، ئیتنی و زمانەوانییەکانـــی وڵاتەکەدا، دەبێت پەنا ببردرێتەبەر دیموکراســـیەتی تەوافوقی، بە چەشـــنی ئەوەی لە وڵاتانی بەلجیکا و سویســـرادا پیادە دەکرێت، لە راســـتیدا ناتوانرێـــت لەم کۆمەڵگەیانـــەدا کار بە بنەمای زۆرینە بکرێت بۆ حکومڕانیکردن، لەبەر ئەوەی ئەمە دیکتاتۆریەتی زۆرینە دەخولقێنێت، چونکە ئەو گروپە کەمینانە هەرگیـــز دەرفەتـــی ســـەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ دروســـت نابێت، بەو پێیە دەبێـــت زەمانەتی نوێنەرایەتیکردنی ئـــەم کەمینانە بکرێت، بە چاوپۆشـــین لـــەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان چی دەبن، ئەمە بـــۆ وڵاتێکی وەکو عێراقیش راســـتە و جێبەجـــێ دەبێت، بـــۆ نموونە دەبێـــت زەمانەتی ئـــەوە بکرێت تێکرای گروپەکان بە کورد و ســـوننە و شـــیعە و گروپەکانی دیکەوە نوێنەرایەتیان هەبێت لە سیســـتمەکەدا، راســـتە ئێمە باس لە سیســـتمێکی حزبایەتی ململانێ ئامێز دەکەین، بەڵام دەبێت زەمانەتی نوێنەرایەتی گروپە کەمینەکانیش بکرێت. لە راستیدا ئەم حاڵەتـــە لە بەلجیکا و سویســـرا لە دامـــەزراوە ئیدارییەکان و لـــە ئیدارەی زانکۆکانیشدا پیادە دەکرێت.

*** ئێمە دەزانـــن هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆدا، چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت، یاخود بەڕێوەدەبردرێت؟**

- لـــە راســـتیدا ئەمە لـــە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکـــی دیکە دەگۆڕێـــت، بۆ نموونە لە ئەوروپادا پارتە سیاســـییەکان دەتوانن بگەنـــە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە ئازادەکان، کـــە کەمتریـــن کات بۆ ئـــەم پارتانەش لـــەم دەزگای ڕاگەیاندنانـــەدا تەرخـــان دەکرێـــت بۆ ئـــەم پارتانە. لە راســـتیدا زۆرجـــار ڕێســـاکە ئەوەیە ئـــەم کاتە بە پێـــی دەرئەنجامـــی هەڵبژاردنەکانـــی پێشـــوو تەرخان دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەو پارتانـــەی دەرئەنجامێکی باشـــیان بەدەستهێناوە کاتێکی زیاتریان پێدەدرێت، تا ئێستا لە ئەوروپادا بەمشێوەیە کارکراوە و مشتو مڕیشی  لەسەر دروست نەبووە. کە دەکرێـــت لەم رووەوە دەســـتەیەك یان دامەزراوەیەکی ســـەربەخۆ دابمەزرێت بۆ ئەوەی چاودێری ئەم پرۆســـەیە بکات و لەوە دڵنیا بێت کە هیچ پێشێلکارییەك لە ڕێساکانی گەمەدا نەکراوە، ئەمە ئەگەر ئەم گوزارشتە ڕاست بێت.

*** کاتێك پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە چەواشەکردنی رای گشتی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر هۆشیاری هاوڵاتییان؟**

- بـــە داخەوە ناتوانین لەم رووەوە کارێکی زۆرمان لەدەست بێت، بە تایبەتی ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنـــی لاوازبێت و ئەگەر کۆمەڵگەکـــە لە ئاســـتێکدا بێت لەلایەن ســـەرکردە پۆپۆلیســـتیەکانەوە چەواشەو ئیستیغلال بکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت کار و کۆششـــی جیـــددی بکەین بـــۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگـــەی مەدەنی و باشـــترکردنی ئـــەدای راگەیاندن بۆ ئەوەی بەرپرس و سیاسییەکان ڕوبەڕووی بەرپرســـیارێتیەکانی خۆیـــان بکەنەوە. لە راســـتیدا زۆرێك لەو دیموکراســـییە ســـەقامگیرەکانی ئێستادا بەم بارودۆخ و قۆناغەدا تێپەڕیون.

*** ئەگەر پارتە سیاسییەکان دیموکراسی لە ئەنجامدانـــی هەڵبژاردنەکاندا کورت بکەنـــەوە، ئایـــا ئەمە تـــا چ رادەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسی و ئایندەی ئەو وڵاتە؟**

- لە راستیدا ئەوە هەڵەیەکی جیددیە کە گریمانەی ئەوە بکەین کە دیموکراســـی تەنها لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانەکاندا کـــورت دەبێتـــەوە، لـــە پاڵ ســـازدانی هەڵبژاردنەکاندا پێویســـتمان بە سەروەری یاســـا، کۆمەڵگەیەکـــی مەدەنی بەهێز و ڕاگەیاندنێکی چالاك و هەڵســـوڕاو و هتـــد هەیە، من پێم وایە هەڵبژاردن تەنها لایەنی ڕواڵەتی یان ئەوەی پێی دەوترێت ئیجرائی دیموکراســـییە و دەبێت توخم و پێکهاتەکانی دیکەی دیموکراســـیش بە هەمان شێوە لەبەرچاو بگرین.

*** دووا وتەت چی یە؟**

- لە راســـتیدا کوردســـتانێکی وڵاتێکی جوانە هیوادارم بتوانم ڕۆژێکم ســـەردانی بکەم، مـــن ئومێدی ســـەرکەوتنتان بۆ دەخـــوازم لە کارەکانتانـــدا، لە بنیاتنانی دیموکراسیەتێکی زیندوودا.



**وایە لەو کۆمەڵگەیانەی کە دابەشبونێکی قوڵ هەیە لە نێوان گروپە، ئیتنی و زمانەوانییەکانی وڵاتەکەدا، دەبێت پەنا ببردرێتەبەر دیموکراسیەتی تەوافوقی، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتانی بەلجیکا و سویسرادا پیادە دەکرێت**

زیداس داسکالۆڤ بۆ گوڵان:

# دیموکراسی لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، چینی ناوەڕاست و دەزگای سەربەخۆ و ئازادی ڕاگەیاندن گەشەی کردووە



**پرۆفیسۆر زیداس داسکۆلاڤ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی سینترالْ یۆرپ و یەکێکە لە کارمەندانی UNDESA ڕێکخراوی ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان و سەقامگیری ئەوروپا لە بوارەکانی، پرۆفیسۆر زیدا خەڵکی مەکدۆنیایە و لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆسە بونیادی دیموکراتییەتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایە، سەبارەت بە بونیادی دیموکراتی و قۆناخی ڕاگواستنی ئەو وڵاتانە پرۆفیسۆر زیداس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئێمە دەزانین دیموکراسی بە مانای بوونی سیستمێکی سیاسی فرەیی کراوە دێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە شێوازی حکومڕانیکردن لەسەر بنەمای بیروبۆچوونی جیاواز بنیات دەنێت، هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنیتەوە، بۆچی تەنها دیموکراسی بەمشێوەیە کاردەکات؟**

- وەڵامەکە هەر لە پرسیارەکەوە دیارە، هۆکارەکە ئەوەیە کە لایەنی جیاکەرەوەی دیموکراسی ئەوەیە تێکڕای بیروبۆچوون و پێکهاتەکان لەبەرچاو دەگرێت، بە پێچەوانەی بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاکانی دیکەوە. کەواتە هۆکارەکە ئەوەیە ئایدلۆجیەتەکانی دیکە ئەم دەرفەتە نارەخسێنن.

*** لە سیستمی دیموکراسیدا، دووو جۆر پارتی سیاسیمان هەیە، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، لەگەڵ پارتە بەرهەڵستکارەکان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین هاوسەنگییەك لە نێوان ئەم دوو جۆر پارتەدا بهێنینەدی؟**

- لە ڕاستیدا هاوسەنگییەکە لە ڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە دەورییەکانەوە دێتەدی، بۆ نموونە دەکرێت پارتێك لەبەرەی بەرهەڵستکاریدا بێت، بەڵام لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکاندا ببێتە پارتی دەسەڵاتدار و بە پێچەوانەشەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی بوونی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی ئازاد و هاوڵاتی ئازاد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە، پارتی دەسەڵاتدار ناتوانێت پارتە بەرهەڵستکارەکان سەرکوت و دەمکوت بکات.

*** لە دیموکراسییە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوادا لەبەر بوونی سەروەری یاسا، پارتە حکومڕان و بەرهەڵستکارەکانیش سنوورەکانی خۆیان دەزانن، هەروەها ئەرکەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا ئەدا ئەکەن، لە کاتێکدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پارتە سیاسییەکان خۆیان بە بەرزتر لە یاسا دادەنێن و کارەکانیشیان باڵاترن لە یاسا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت لەم کۆمەڵگەیانەدا دیموکراسی بنیات بنرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە جۆری جیاوازی دیموکراسیمان هەیە، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتدا دیموکراسی ڕەگ و ڕیشەی دووردرێژی هەیە، بەڵام لە هەندێ وڵاتی دیکەدا تا ڕادەیەك نوێیە، وەك وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات. لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار درك بەو ڕاستییە دەکەن کە ئەوان یاسا پێشێل دەکەن، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت ئایا کاردانەوەیان چی دەبێت، ئایا هەوڵی ڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکانیان دەدەن یاخود خۆیان دوووچاری گۆشەگیری و دابڕان دەکەن لەگەڵ دەوروبەرەکەیاندا، لە لایەکی دیکەوە ئایا کاردانەوەی هاوڵاتییان چی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هاوڵاتییان ناچالاك بن و کاردانەوەیان نەبێت، ئەوا دەسەڵاتداران درێژە بە هەمان هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان دەدەن.

*** لە دیموکراسیەتی ڕۆژئاوادا پارتە حکومڕان و بەرهەڵستکارەکان دووای داننان بە شەرعیەتی یەکتریدا مشتومڕ لەسەر جیاوازییەکانی یەکتری دەکەنن و ڕەخنەی توند لە یەك دەگرن، واتە دووای ئەوەی بەرهەڵستکاران دان بە شەرعیەتی حکومەت و حکومەتیش دان بە شەرعیەتی ڕۆڵی بەرهەڵستکاراندا دەنێن، هەروەها هەردوولا پارێزگاری لە دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەن و زیانیان پێناگەیەنن. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا پارتەکان پێش ئەوەی دان بە شەرعیەتی یەکدا بنێت ڕەخنە لە یەك دەگرن و حکومەت بە ناشەرعی دادەنێن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ئیدارەی میکانیزمەکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بەرهەڵستکاران بکرێت؟**

- لە ڕووی مێژووییەوە دیموکراسی لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، چینی ناوەڕاست و دەزگای سەربەخۆ و ئازادی ڕاگەیاندن گەشەی کردووە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ڕەفتار و هەڵویستی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار مەسەلە

هاوسەنگییەکە لە ڕێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە دەورییەکانەوە دێتەدی، بۆ نموونە دەکرێت پارتێک لەبەرەی بەرهەڵستکاریدا بێت، بەڵام لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکاندا ببێتە پارتی دەسەڵاتدار و بە پێچەوانەشەوە

سـەرەکیەکەیە، بۆ نموونە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتـدا لە دووای گەشـەکردنی کۆمەڵگــەی مەدەنی و فشـــارکردنیان لە سـەر حکومەت ئـەم نوخبانە ڕازی بوون بــە هاوپەیمانێتی کـردن لەگەڵ سـەرکردە بەرهەڵسـتکارەکاندا، کەواتە ئەگەر دەسـەڵاتداران زانیان فشـاری خەڵـك و جەماوەرییان لەسـەرە ئەوا بە حەزەوە بڕیار لە سەر مەسەلە ئابووری و سیاسی و بوارەکانی دیکە دەدەن، بەڵام ئەگەر دڵنیابوون لە پێگە و دەسـەڵاتی خۆیان ئەوا خۆیان لە پێگەیەکدا نابیننەوە ناچاربن گۆڕانکاری ئەنجام بدەن.

*** ئێمە دەزانین هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆدا، چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت، یاخود بەڕێوەدەبردرێت؟**

- هەمان حاڵەت لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا لە ئارادابوو، کە ڕاگەیاندنی ئازاد بوونی نەبوو، پارتە بەرهەڵسـتکارەکان خەباتی نهێنیـان دەکـرد، ئەنجامدانی چالاکی ئاشکرا دووچاری مەترسی دەکردنەوە. بەڵام توانیـان بە خەبات و کۆششـی بـەردەوام پەرە بـە بیروباوەڕکانیان بدەن لە ناو خەڵکدا دەربارەی پێویسـتی ئازاد بوون لەو دەسەڵاتدار و حکومڕانانەی لە ئارادابـوون، هەرچەندە نەیان دەتوانی بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوەی ئەم هەڵمەتە ئەنجام بدەن. بەو پێیە چارەسەرێکی سادە و ئاسان بۆ ئەم حاڵەتە لە ئارادانی یە و دەبێت هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکی دۆخی تایبەتی خۆی لەبەرچاو بگرێت.

*** هۆشیاری گشتی هۆکارێکی گرنگە بۆ بەشـداری هاوڵاتییان و دەنگدانێکی ژیرانە لە هەڵبژاردنەکاندا، کە زۆرجـار هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆکارێـك بـۆ دروسـتبوونی ئـەم هۆشـیارییە، بـەڵام لـە وڵاتانـی عەرەبـی و ئیسلامییەکاندا، پارتە سیاسییەکان هەڵدەسـتن بـە چەواشـەکردنی ڕای گشـتی بۆ کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر، پرسـیارەکە ئەوەیــە ئایا ئەمــە تا چ ڕادەیەك کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر هۆشیاری هاوڵاتییان؟**

- لــە ڕاسـتیدا لــە هەمــوو ڕژێمە نادیموکراتییەکانــدا نوخبەی حکومڕان و دەسـەڵاتدار هەوڵــی کۆنترۆڵکردن و چەواشــەکردنی ڕای گشــتی دەدەن، هەروەهــا هەوڵــی کۆنترۆڵکردنــی ئەو ڕۆشـنبیرانەش دەدەن کــە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕای گشتی، جا ئەمە ڕژێمی کۆمۆنیستی چین بێت، یان هەندێ لە ڕژێمە تیرۆریستییەکانی ئەمەریکای لاتین بێت.

*** لە وڵاتە عەرەبی و ئیسـلامییەکاندا پارتــە ئیسـلامییەکان هۆکارێکــن بۆ مانەوەی ڕژێمی شـمولییەکان، هەروەها خودی ئەم پارتانە خۆیان هەڕەشــەن بۆ سـەر دیموکراسـی، بۆ نموونە وڵاتانی ڕۆژئاوا تەفزیلی پەوریز موشــەڕەفیان کرد بەسـەر هەر پارتێکی ئیسـلامیدا لە پاکسـتان، پرسـیارەکە ئەوەیە یەکەم هەنگاو لەم وڵاتانەدا دەبێت چی بێت بۆ چاککردنی ئەم بارودۆخە؟**

- لــە ڕاسـتیدا ئەمانــە کێشــەیەکی فــرە ڕەهەنــدن، هۆکاری پشـتگیری ئەمەریــکا، یان ئەورووپا بۆ کەسـێکی دیاریکــراو هۆکارەکــەی بەرژەوەندییە سـتراتیجییەکانە، نەك لەبەر ئەوەبێت کە ئەو کەسێکی دیموکرات و لیبراڵە و کار بۆ بەرژەوەندی خەڵك دەکات، هەرچەندە هەندێ جار پشتگیری لە بەرهەڵستکارە دیموکراتیەکانیـش دەکەن، بەڵام هەروەك ئامـاژەم پێکـرد ئـەوان بەرژەوەندی ستراتیجی خۆیان لەبەرچاو دەگرن، وەك نەوت و شەڕی دژە تیرۆر و شەڕی ئەل قاعیدە و باڵادەستی ناوچەیی هتد.

*** ئەگەر پارتە سیاسییەکان دیموکراسی لە ئەنجامدانــی هەڵبژاردنەکاندا کورت بکەنــەوە، ئایــا ئەمە تــا چ ڕادەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسی و ئایندەی ئەو وڵاتە؟**

- بــە دڵنیاییــەوە دیموکراســی تەنها ئەنجامدانــی هەڵبــژاردن نــی یــە، هەرچەندە ئەمە پێکهاتەیەکی سـەرەکی دیموکراسیشــە، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتـدا ئازادی ڕادەبڕین و ئازادی کاری ڕێکخراوەکانــی کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد بڕەخسێنرێت.



**لە ڕاستیدا لە هەموو ڕژێمە نادیموکراتییەکاندا نوخبەی حکومڕان و دەسەڵاتدار هەوڵی کۆنترۆڵکردن و چەواشەکردنی ڕای گشتی دەدەن، هەروەها هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕۆشنبیرانەش دەدەن کە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕای گشتی، جا ئەمە ڕژێمی کۆمۆنیستی چین بێت، یان هەندێ لە ڕژێمە تیرۆریستییەکانی ئەمەریکای لاتین بێت**

# قۆناخی ڕاگواستن و ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی ماس میدیا

# ویژدان و ئیتیکی ڕۆژنامەنووس دەبێتە هێزی دەسەڵاتی چوارەم



بەتەنها بوونی دامەزراوەی جیاواز و فرە مینەبەر بەس نییە، بۆ ئەوەی بانگێشەی ئەوە بکەین هاوشانی ٣ دەسەڵاتەکەی دیکە، دەسەڵاتی چوارەمیش بوونی هەیە، هەموو دەسەڵاتێك کۆمەڵێك پرانسیپ و بنەمای خۆی هەیە، ئەگەر ئەو پرانسیپ وبنەمایانە بوونیان نەبوو، ڕاستە دەمەزراوەیەك لە بینایەکدا بە ناوی میدیا بوونی هەیە، بەڵام ئەو دامەزراوە هیچ دەسەڵاتێکی نییە، هەروەك چۆن ئەگەر لە وڵاتێکدا یەکێك لە ٣ دامەزراوەکە (حکومەت،پەرلەمان،دادوەری) دەسەڵاتی نەبوو، ئەو سیستەمە سیاسیە، هەر ناوێکی هەبێت، ناوی سیستمی دیموکراتی نییە، بۆیە کە ئەم ٣ دەسەڵاتە هاوسەنگیان تێکچوو، ئەوا دەسەڵاتی چوارەمیش هاوسەنگی تێکدەچێت و ئیدی سەدان هۆکاری ماس

میدیا لەو وڵاتەبوونی هەبێت،دەسەڵاتێك نابێت پێی بگوترێت دەسەڵاتی چوارەم.

**تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی چوارەم**

تایبەتمەندیەکانی میدیای کاریگەر کە وەك دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵگە بوونی هەبێت، ئەو ئاڵۆزیانەیە کە لە بونیادی ئەم دەسەڵاتە رووبەرووی دەبینەوە، جیاوازیەکەشی لە ٣ دەسەڵاتەکەی دیکە ئەوەیە، هۆکاری یارمەتیدەر بۆ بونیادی ٣ دەسەڵاتەکەی دیکە لە هۆکارە یارمەتیدەرەکانی بونیادی دەسەڵاتی چوارەم ئاسانترە، ئەو خەڵکانەی ( رۆژنامەنووس یان میدیاکار) کە لەدەسەڵاتی چوارەم کاردەکەن،بێجگە لە توانا ولێهاتووی خۆیان، هێزێکی دیکە نییە، شوێنەکانیان بە گونجاوی پربکاتەوە، بۆیە ئەگەر پۆستێکی گشتی کەموکورتی هەبێت، ئەوا حزبە سیاسیەکان سەدان کەسی دیکەیان هەیە ئەو شوێنە پربکەنەوە، یان دەیان هۆکاری دیکەی وەك پێدانی دەسەڵاتی زیاتر لەبەر دەستن بۆ ئەوەی کەموکورتیەکانی ئەو دەسەڵاتە بشارنەوە، کاری میدیا وەك دەسەڵاتی میدیا زۆر لە دەسەڵاتی دادوەری هەستیارترە، هەربۆنموونە، لەوانەیە کەموکورتیەکانی دەسەڵاتی دادوەری بە چەند خاڵێك دەستنیشان بکرێت و بە دابینکردنی چەند رێوشوێنێکی پێویست،ئەم دەسەڵاتە وەك پێویست تەفعیل بکرێتەوە، بەڵام دەسەڵاتی چوارەم لەبەر ئەوەی بێجگە لە ویژدان وئیتیکی رۆژنامەنووس، سانسۆرێکی دیکەی لەسەر نییە، گرتنەبەری هیچ رێوشوێنێك،، ناتوانێت ئەم دەسەڵاتە وەك پێویست تەفعیل بکات، ئەگەر خودی رۆژنامەنووس پابەند نەبێت و بڕوای بە ویژدان وئیتیکی رۆژنامەنووسی نەبێت، کەواتە لێرە تایبەتمەندیە ئاڵۆزەکانی دەسەڵاتی چوارەم دەستپێدەکات، کە بەچەند خاڵێك دەسنیشانیان دەکات:

١- لە وڵاتانی دیموکراتی میدیا واتە چاوە ئێشگرەکانی ئازادی، بەڵام ئەم چاوە ئێشگرانە نە فەرمانیان پێکراوە، ئێشگر بن بۆ ئازادیەکانی خەڵك، نە ئەگەر لە ئێشکگرتنەکەشیان کەمتەر خەم بوون، یاسایەك هەیە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، ئەمەش واتە، میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم، تەنها دەسەڵاتە بەبێ دیاریکردنی ماف،ئێشککردنی ئازادیەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێت، هەر بۆ نموونە، ئەگەر لە شارێکدا،دیاردەیەکی دزی رویدا پۆلیس وەك پێویست لێی ئاگادار نەبوو، لە کاتێ پێویستدا،لەسەر رووداوەکە ئامادەنەبوو. ئەوا ئەرکی سەرشانی فەرماندەی پۆلیسە، بەپێی کەمتەرخەمیەکە، پۆلیسەکە سزابدات، تەنانەت لە کارەکەشی دەریبکات، بەڵام ئەگەر هیچ هۆکارێکی میدیا لەو رووداوە ئامادەنەبن، بێجگە لە ویژدانی رۆژنامەنووسەکە، دەسەڵاتێکی دیکە نییە، لێپرسینەوە لەگەڵ میدیا و میدیاکاران بکات،هەر بۆیە کاتێك رۆژنامەنووس میدیا کار زۆر جار پێش پۆلیس لە سەر رووداوەکە ئامادەبن، یان پێش ئەوەی پۆلیس ئاگادار بێت، دەزگاکانی راگەیاندن،هاوڵاتیان هۆشیار دەکەنەوە کەمەترسی رووداوێك لە ئارادایە، ئەمە مانای ئەوەیە، زیندوویتی ویژدان وئیتیکی رۆژنامەنووسی،لە هێزی ئەو یاسایە بەهێزترە، کە پۆلیسێك ناچار دەکات ئێشکگری ئازادی هاوڵاتیان بێت،کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت،هێزی دەسەڵاتی چوارەم زیندووی ویژدان وئیتیکی رۆژنامەنووسانە، ئەو هێزەشە کە لە کەمتەرخەمی رۆژنامەنووسان دەپێچێتەوە وسزای مەعنەویان بەسەردا دەسەپێنێت.

٢- ئاڵۆزیەکی دیکەی دەسەڵاتی چوارەم، متمانەی هاوڵاتیانە بە ماس میدیا، دەزگاکانی ماس میدیا، پارتە سیاسیەکان نیین،هەر چوار ساڵ جارێك، متمانە لەگەڵ هاوڵاتیان تازە بکەنەوە وئەگەر لەم خولە متمانەیان وەرنەگرت، لە خولێکی دیکەدا متمانە وەربگرنەوە.،بەڵکو متمانە پێدانی هاوڵاتیان بە ماس میدیاکان متمانەیەکی رۆژانەیە، هەموو رۆژێك هاوڵاتیان پێش ئەوەی بچنە سەرکارەکانیان، متمانەی خۆیان لەگەڵ ماس میدیاکان تازەدەکەنەوە، هەر بۆنموونە، ئەگەر بەرێز باراك ئۆباما کە ئێستا سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی جیهانەو بریارەکانی کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەیە، ئەگەر ئەمرۆ بڵێت،لەمرۆ بەدواوە ئەمریکا سیاسەتێکی توندتر بەرامبەر دەوڵەتانی شەڕ دەگرینە بەر، سەرچاوەی داهاتی تیرۆریستان وشکدەکەینەوە، بەڵام بۆ رۆژی دواتر سەردانی سوریا، یان کۆریای باکوور بکات،دەبینین، هاوڵاتیان بێجگە لەوەی وەك تاکتیکی سیاسیی دەیخوێننەوە هیچ هەڵوێستێکی سیاسیی لەبارەوە وەرناگرن، بەڵام ئەگەر رۆژنامەی واشنتۆن پۆست، هەواڵێك بەگەورەیی لە لاپەرەی یەکەم بلاوبکاتەوە بڵێت،ستراتیژیەتی ئیدارەی ئۆباما لێدانی دەوڵەتانی تەوەرەی شەڕە و هیچ دیالۆگێك لە نێوان کۆشکی سپی و، وڵاتانی دەوڵەتانی تەوەرەی شەر نییە و، بۆ رۆژی دوایی ئۆباما سەردانی یەکێك لە دەوڵەتانی تەوەرەی شەر بکات، دەبینن،رای گشتی ئەمریکا لەیەك رۆژدا بەرامبەر بە واشنتۆن پۆست دەگۆرێت،هیچ پاکانەیەکیش نییە، بۆئەوەی رای گشتی ئەمریکا لە بریاری خۆی پەشێمان بکاتەوە، ئەمە فێرمان دەکات دەنگدانی متمانەی هاوڵاتیان بۆ ماس میدیاکان رۆژانەیە، بۆیە هەموو رۆژێك ماس میدیاکان لەبەردەم هەڵمەتی هەڵبژاردن، دەبێت هەموو رۆژێك بە دوای راستی تازە بکەوێت بۆ ئەوەی متمانەی هاوڵاتیان تازە بکاتەوە.

٣- ماس میدیای راستگۆ، گرەو لەسەر تیراژ ناکات، بەڵام گرنگی تیراژیش وەك متمانەی هاوڵاتی بە رۆژنامەکە فەرامۆش ناکات، هەر بۆ نموونە، رۆژنامەیەکی وەك گاردیان یان ئیندپێندتی بەریتانی، یان لۆمۆندی فەرەنسی، یان نیویۆرك تایمزی ئەمریکی، تیراژیان تارادەیەکی زۆر جێگیرە، واتە متمانەی هاوڵاتیان بەو رۆژنامەیە رۆژانە لە ئاستێکی شێوە جێگیردایە، هاوڵاتیان پێویستیان بەو رۆژنامانە هەیە،کە رۆژانە بیخوێننەوە، بەڵام رۆژنامەی دیکەش هەیە، بۆنموونە لەباری نائاسایی وەك شەری عێراق، قەیرانی ئابووری جیهانی،تیراژی زۆر دەکەوێتە سەروو ئەو رۆژنامانەی کە ئاماژەمان پێکردن،بەڵام ئەم زیادبوونی تیراژە جێگەی متمانەی هاوڵاتیان ناگرێتەوە، بەڵکو نیشانەی عەودالی هاوڵاتیانە بۆ ئەو هەواڵە وروژێنەرانەی ئەو جۆرە میدیایانە لەکەشە ئاڵۆزەکاندا بلاویدەکەنەوە، هاوڵاتیان ئەو هەواڵە وروژێنەرانە، وەك راستی سەیر ناکات، بەڵکو بۆ ئەوە بەدوایدا دەچن، بۆئەوەی پرسیاری ئەوە بکەن، بۆچی ئەم هەواڵە لە واشنتۆن پۆست یان نیویۆرك تایمز بلاو نەکراونەتەوە، لەشەری عێراقدا،هەموو چاودێران، لە کەناڵی CNN بێزاردەبووین، کەناڵەکەمان دەگۆری بۆ سەر FOX NEWS، لەگەڵ ئەوەی هەموو دەمانزانی هەواڵەکانی CNNلەهەواڵەکانی FOX NEWS راسترن،ئێمەش عەودالی هەواڵ بووین، کاتێك لە FOX NEWS هەواڵەکەمان دەبینی، دەگەراینەوە بۆ CNN، ئەگەر CNNو هەواڵەکەی پشتراستنەکردایەوە، نەماندەتوانی لە رۆژنامەکانی کوردستان بلاویبکەینەوە، بۆیە بەپێی هەموو ئامارەکان کە لەشەری ساڵی ٢٠٠٣ کراون، ژمارەی

**میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم، تەنها دەسەڵاتە بەبێ دیاریکردنی ماف، ئێشککردنی ئازادیەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێت**

**دەزگاکانی ماس میدیا، پارتە سیاسیەکان نین، هەر چوار ساڵ جارێک، متمانە لەگەڵ هاوڵاتیان تازە بکەنەوە وئەگەر لەم خلە متمانەیان وەرنەگرت، لە خولێکی دیکەدا متمانە وەربگرنەوە.، بەڵکو متمانە پێدانی هاوڵاتیان بە ماس میدیاکان متمانەیەکی رۆژانەیە**

**میدیای راستگۆ، گرەو لەسەر تیراژ ناکات، بەڵام گرنگی تیراژیش وەک متمانەی هاوڵاتی بە رۆژنامەکە فەرامۆش ناکات**

**ئایا رێگەی تێدەچێت، سەرۆک نیکسۆن کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، دەسەڵاتیک بداتە واشنتۆن پۆست بۆ ئەوەی ناچاری بکات دەست لە کاربکێشێتەوە، ئایا دەسەڵاتی کۆریای باشور ئەو دەسەڵاتە دادەتە میدیایەک. کوری لی کوان بخاتە بەندیخانەوە ؟**



**دەوڵەتی سەرکوتکار چەند مەترسیە بۆسەر ئازادی و ئیرادەی تاک، میدیای نابەرپرسیش هێندە مەترسیە بۆ دیموکراتی و ئایندەی ئازادی وڵات**

بینەرانی FOXNEWS لە ژمارە بینەرانی CNNزیاتر بووە، متمانە و ریزی CNNنەك لەسەر ئاستی رای گشتی ئەمریکا بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش، ئەو لوتکەیەیە کە هەرگیز نەك FOX NEWS، بەڵکو هیچ کەناڵێکی دیکەش پێی ناگات، ئەوە ئەو پەری شانازیە بۆ کەناڵێکی وەك CNN، کاتێك سەرمایەدارێکی جیهانی ئەو ئۆتومبیلە هامەرەی پەیامنێرانی CNN بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکان سواری بوون، چەند جارێکیش ئەو ئۆتومبێلە پێکراوە،بەڵام بە زیادکردنی ئاشکرا بە ملیۆنێك ودووسەد هەزار دۆلار دەکرێت، لە کاتێکدا نرخی ئەو ئۆتومبێلە لە کۆمپانیای هامەر لە باشترین حاڵەتدا، لە ٥٠-٧٠ هەزار دۆلار تێپەر ناکات، کەواتە ئەو سەرمایەدارە ئۆتومبیل ناکرێت، بەڵکو رێز لە راستگۆیی ئەو پەیامنێرانەی CNN،کە لە کاتی رووماڵکردنی هەواڵەکاندا متمانەی خۆی نەدۆڕاندووە، بۆیە نەك رۆژنامەنووسەکان، بەڵکو ئەو ئۆتومبیلەش بە پیرۆز دەزانن، کە پەیامنێرانی راستی هەواڵەکانیان بەراستی پێ رووماڵکردووە، پرسیار ئەوەیە، ئایا هیچ سەرمایەدارێك هەیە، ئۆتومبیلەکەی بۆش بەو پارەیە بکرێت؟

٤- رۆژنامە کاتێك دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، گەورەترین دەسەڵاتی وڵات دەخاتە ژێر چاودێری خۆیە، سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەت ناچار دەکات دەست لە کاربکێشێتەوە( وەك سەرۆك نیکسۆن)، بەهێزترین سەمایەدار راپێچی دادگا دەکات و لەسەر گەندەڵی ریسوا دەکات،( وەك کورەکەی لی کوان) سەرۆکی کۆمپانیای سامسۆنگ کەیەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و زیاتر لە ٧٥٠ هەزار کارمەندی هەیە و لە ٥٨ وڵاتی جیهانیش لقی هەیە،ئەمە بێجگە لەوەی لی کوان هاوشانی پارك چانگی سەرۆکی کۆریا، خاوەنی گەورەترین مێژووە، لە بونیادنانەوەی کۆریای باشور،پرسیار ئەوەیە کێ ئەم دەسەڵاتەی داوەتە میدیا، ئایا رێگەی تێدەچێت، سەرۆك نیکسۆن کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە، دەسەڵاتیك بداتە واشنتۆن پۆست بۆ ئەوەی ناچاری بکات دەست لە کاربکێشێتەوە، ئایا دەسەڵاتی کۆریای باشور ئەو دەسەڵاتە دادەتە میدیایەك. کوری لی کوان بخاتە بەندیخانەوە ؟، بۆیە دەسەڵاتی میدیا دەسەڵاتێك نییە حکومەت بیبەخشێت، یان پەرلەمان بە یاسایەك ئەو دەسەڵاتەی بۆ دیاری بکات،یان دەسەڵاتی داوەری پشتگیری لێ بکات، بەپێچەوانەوە زۆر جار هەر ٣ دەسەڵاتەکە لە دژی دەسەڵاتی میدیا یەکدەگرن، هەموو دەزانین، وەزیری دادی ئەمریکا چۆن قسەی بێ مانای بەرامبەر سەرنوسەری واشنتۆن پۆست دەکرد و بەگێل وەسفی دەکرد و، زانیاریەکانی بە بێ بنەما دەختە روو، بەڵام دەرکەوت زانیاریەکانی واشنتۆن پۆست بێ بنەمابوون، سەرنووسەری واشنتۆن پۆست گێل بوو، یان سەرۆك نیکسۆن، کە لە پێناوی گەیشتن بەدەسەڵات، بە جۆرێك دەستووری ئەمریکای پێشێلکردبوو، خەریك بوو ئایندەی ئازادی نەتەوەیەك بخاتە مەترسیەوە، .ئەمەیە ئەو ئالۆزیانەی کە لە بونیادی دەسەڵاتی میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم بەشدار دەبن،ئەم دەسەڵاتە، تەنها راستگۆیی و وردبینی رۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی ویژدان و ئیتکی کاری رۆژنامەنووسیەوە دروستی دەکات، بۆیە تەمەنی ئەم دەسەڵاتە پەیوەستە بە تەمەنی راستگۆییەوە، هەتا راستگۆیی رۆژنامەنووسان بەردەوام بێت رۆژ لەدوای رۆژ هاوڵاتیان متمانەی بۆ تازەدەکەنەوە، بەڵام تەمەنی هیچ دەسەڵاتێکیش هێندەی،تەمەنی دەسەڵاتی چوارەم کورت نییە، ئەو کاتەی دەستبەرداری راستگۆیی بوو، هەر ئەو کاتە بریار لەسەر کۆتایی دەسەڵاتەکەی خۆی دەدات.

## پێویستی دیموکراسی بە دەسەڵاتی چوارەم وەک پێویستی ماسی بۆ ئاو وایە

دەوڵەت چەند گرنگە بۆ ئەوەی ئیرادەی تاك تیایدا رەنگبداتەوە، میدیای ئازادیش هێندە بۆ دیموکراتی گرنگە ئازادی تاکەکان تیایدا رەنگبداتەوە، دەوڵەتی سەرکوتکار چەند مەترسیە بۆسەر ئازادی و ئیرادەی تاك.، میدیای نابەرپرسیش هێندە مەترسیە بۆ دیموکراتی و ئایندەی ئازادی وڵات، دەشێت لە وڵاتێکدا میدیای ئازاد نەبێت، یاسا جێبەجێ بکرێت، بەڵام سەروەری یاسا بوونی نابێت، ئەو یاسایانەی بەبێ بوونی دەسەڵاتی چوارەم جێبەجێ دەکرێت، هیچ گەرەنتیەك بۆیەکسانی هەموان لە بەردەمی یاسا بوونی نابێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا، دەسەڵات بە یاسایەك سوڵتانی خۆی بەسەر هاوڵاتیاندا دەسەپێنێت، یان یاسایەك هەبێت، سوڵتانی هێزی دەسەڵات لەسەر هاوڵاتیان سنور دار بکات، ئەمەش واتە لە وڵاتێکدا میدیای ئازاد بوونی نەبێت،واتە دەسەڵات لەسەروو یاسایەوەیە، نەك یاسا لەسەروو دەسەڵاتەوە، کەواتە دەسەڵاتی چوارەم دەبێت خۆبەخشانە بۆ ئەوە دروست بێت،هەر ٣ دەسەڵاتەکە بخاتە ژێر چاودێریەوە، ئەم خواستە خواستی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەم دەسەڵاتە بودجەی خۆی لە داهاتی هاوڵاتیان دابین دەکات، هاوڵاتیان باج نادەن بە میدیاکان، بەڵکو بەرهەمی راستگۆیی میدیاکان بە نرخی باجدان زیاتر دەکرن، بۆ ئەوەی بودجەی ئەم دەسەڵاتەی نوێنەرایەتی راستگۆیی و چاودێری مافی هاوڵاتیان دەکات، لە هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی وڵات دەوڵەمەندتر بەهێز تربێت،ئەم دەسەڵاتە کە بە راستگۆیی لەگەڵ متمانەی گەل مامەڵە بکات، هیچ دەرگایەکی دەسەڵات بەرووی رۆژنامەنووساندا ناتوانرێت دابخرێت، رۆژنامەنووسان بچنە بەردەم هەر دەرگایەك دەسەڵات ناچار دەبێت بیکاتەوە، کردنەوەی دەرگا پەیوەندی بە خواستی بەرپرسانەوە نییە، هەموو بەرپرسێك دەخوازێت، ئەگەر بۆی بکرێت، دەرگاکەی بەرووی رۆژنامەنووساندا دابخات، بەڵام ئەوەی ناچاری دەکات دەرگا بکاتەوە هێزی دەسەڵاتی چوارەمە،کە لە هێزی دەسەڵاتەکەی ئەو بەهێزترە، ئەمە بۆ دەسەڵاتی پۆلیسیش راستە، لە وڵاتێکدا دەزگای پۆلیس کارامە ولێهاتوو بێت، دزی وخراپەکاری بوونی نییە، ئەوکاتە دزی و خراپەکاری بوونی دەبێت، کە دەسەڵاتی پۆلیس تەنها ناوی هەبێت وکرداری نەبێت، بۆیە خەڵك ئەگەر کێشەیەکیشی هەبێت روو لە دەزگاکانی پۆلیس ناکات، بەڵکو خۆی لە ماڵی خۆیدا دەبێتە پۆلیس و پارێزگاری لە ئازادی خۆی دەکات، هەر خۆشی تاوانباران سزا دەدات، ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە پۆلیس دەسەڵاتی نەما،کۆمەڵگەی مەدەنیش بریاری مردنی خۆی دەدات، بەڵام کە دەسەڵاتی پۆلیس دەسەڵاتێکی زیندوو بوو. واتە کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، واتە گرێبەستێك لە نێوان هاوڵاتیان ودەسەڵات هەیە، واتە کەس مافی نییە دوای تاوانباران بکەوێت پۆلیس نەبێت، دەسەڵاتی چوارەمیش وەك ئێشکگری ئازادیەکانی خەڵك کە دەسەڵاتی هەبوو، کێ دەتوانێت لە پۆلیس بەرزتر سەیری نەکات، کام دەزگای پۆلیس دەتوانێت،رێگری لە کاری رۆژنامەنووس بکات، کەواتە دەوڵەت و دیموکراتی ویاساو میدیا، ئەو کاتە بوونیان هەیە کە خاوەنی دەسەڵات بن و راستگۆیانە دەسەڵاتی خۆیان بەکار بهێنن،بەڵام هەرکام لەمانە دەسەڵاتی خۆی بە خراپ بەکارهێنا، ئەوا ئەو دامەزراوانە هەشبن، وەك ئەوان نەبن،

لەبەر ئەوەی هاوڵاتیان پێویستی پێیان نەما، هاوڵاتیانیش پێویستی پێیان نەما، بوون و نەبوونیان وەک یەکی لێ دێت، وەک ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، دەوڵەت و دیموکراسی و یاسا و پۆلیس هەیە، بەڵام هاووڵاتیان پێویستیان بە هیچیان نییە، بۆیە بە ئاشکرا دوای سەرکردەی پۆپۆلیستی دەکەون و نوێژ بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت دەکەن.

## چۆن دەسەڵاتی چوارەم ڕێکدەخرێت

یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراتی بریتییە لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵام چ لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و چ لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئاماژە بۆ دەسەڵاتێك ناکرێت،کە ناوی دەسەڵاتی چوارەم بێت، پرسیار ئەوەیە کە لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەیەك بۆ دەسەڵاتی چوارەم نەبێت ئایا چۆن ئەم دەسەڵاتە دروست دەبێت لە کاتێکدا لە بونیادنانەوەی دامەزراوەکانی دەسەڵات، دەسەڵاتی چوارەمی تێدا نییە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناخەی هەر دەوڵەتیك پیایدا تێدەپەڕێت و، ئاماژە بەوە دەکەین،کە لەهەموو دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا دەسەڵاتی چوارەم دوای ٣ دەسەڵاتەکەی دیکە دروست دەبێت، دەبێت دەسەڵاتەکان دابەش بن بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی دیکەش هەبێت چاودێری ٣ دەسەڵاتەکەی دیکە بکات کە ئەویش دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، بۆیە زۆر گرنگە لەسەر ڕێکخستنەوەی میدیا و بایەخدان بە میدیا، واقیع وئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسیی لەبەر چاو بگیرێت، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- ماس میدیا لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، وەك تێکرای دامەزراوەکانی دیکەی وڵات لە قۆناخی دروستبووندایە، ئەگەر پێشتر لەو وڵاتە دامەزراوەی ماس میدیاش هەبووبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵات هەمووی لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی دیکە وەردەچەرخێت، بۆیە دامەزراوەکانی میدیاش بە هەمان ئاراستە وەردەچەرخێت،لەم حاڵەتەدا گرنگە حکومەت چۆن بەیاسا ئابووری بازار ڕێکدەخات، دەبێت بە یاسایەکیش ماس میدیا ڕێکبخات، یاساکە دەبێت هاندەر بێت بۆ کاری ماس میدیای ئازاد،نەك میدیای حزبی، هەروەك چۆن یاسای وەبەرهێنان هاندەرە بۆ ئابووری بازار نەك ئابووری دەوڵەت.

٢- زۆر جار میدیای حزبی ئازادی سیاسیی دەگۆڕێت بۆ بانگێشەی ئایدۆلۆژی حزبی، کە ئازادی بیروڕای سیاسیش گۆڕا بۆ ئازادی ئایدۆلۆژیای حزبی، ئەوا تێکرای ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان، تاکەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتری و بۆ عینادی و سووربوون لەسەر هەڵەکان ئامادەدەکات،نەك ڕەخنەگرتن لە هەڵەکان خۆ ئامادەکردن بۆ چارەسەرکردنیان، لەم حاڵەتەدا، کە بەداخەوە ئێستا ئەم ئاراستەیە لە کوردستان هەستی پێدەکرێت، خەریکە ئێمەش وەك بەشێك لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، بایەخی میدیای ئازادمان بەرچاو بکەوێت.

٣- گرنگترین پێش مەرج بۆ کاری میدیای ئازاد لە قۆناخی ڕاگواستندا،بریتیە لە چۆنیەتی کاری میدیا و ئەو خزمەتەی پێشکەشی دیموکراتی و ئابووری بازاری دەکات، بۆیە گرنگ نییە میدیا چۆن داهاتی خۆی دابین دەکات، ئەوەی گرنگە چۆنیەتی کاری میدیای ئازادە، ڕێکخراوەNGOsکانی رۆژئاوا لە بایەخ وگرنگی میدیای ئازاد تێدەگەن، بۆیە یارمەتیدانی میدیای ئازاد بە هاریکاری بڵاوبوونەوەی دیموکراتی لە قەڵەمدەدەن، بەڵام جێگەی داخە، کە ئەمە بەتەنها کێشەی ئێمە نییە، بەڵکو کێشەی زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتووە، ئەو NGOsیانە وەك پێویست باردۆخی ئەو وڵاتانە لەبەر چاو ناگرن، ئاستی کارکردنی میدیای ئەو وڵاتانە بە ئاراستەیەك قورس دەکەن، کە هاودژی لەگەڵ باردۆخی واقیعی ئەو وڵاتانە دروست بکات، بۆیە گرنگە دەسەڵاتی سیاسیی وڵات ئەم خاڵە گرنگەی لەبەر چاو بێت، یارمەتی میدیای ئازاد بەپێی چۆنیەتی کاری میدیا بۆ خزمەتی دیموکراتی دابین بکات،لەبەر ئەوەی ئەگەر میدیا ناچار بێت بۆ دابینکردنی داهاتی خۆی وبەردەوامی رۆژنامەکەی پشت بە داهاتی NGOsکان ببەستێت، ئەوا چۆنیەتی کاری میدیای ئازاد بۆ خزمەتی دیموکراتی کومکورتی ئەو تۆی تێدەکەوێت، کە پاشان بەدیان قاتی ئەو پارەیەی کە NGOs کان دەیدەن، هەڵەکانمان پێ ڕاستناکرێتەوە.

٤- سەندیکای رۆژنامەنووسان وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی رۆژنامەنووسان دەبێت چاودێری بەرزڕاگرتنی پیشەی رۆژنامەوانی بێت، نەك زیادبوونی ڕێژەی ئەندامانی سەندیکاکەیی و کۆکردنەوەی ئابوونەکەی، هەر بۆ نموونە بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، زیاتر لە ٢٠٠٠ رۆژنامەنووسی کارا و پیشەگەرمان هەیە، ئایا دەبێت لە وڵاتێکدا، کە دانیشتوانەکەی تەنها ٤ ملیۆنە زیاتر لە ٢٠٠٠ رۆژنامەنووسی پیشەگەر هەبێت ودەسەڵاتێکیش نەبێت بە ناوی دەسەڵاتی چوارەم ؟، بۆیە دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە تەنها ڕێکخراوە،ناسنامەی رۆژنامەنووسی دابەش دەکات، بەو پێوەرانە بچێتەوە، کە ئەندامیەتی رۆژنامەنووسان لەو سەندیکا بەڕێژە دیاری دەکات، با ژمارەیەك رۆژنامەنووس، بەتایبەتی ئەوانەی ساڵانێکی دوور ودرێژ پێش دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسان لە میدیاکان کاریانکردووە،با ئەوان ئێستیسنا بن، بەڵام خۆ دەبێت، ئەندامانی دوای دامەزراندنی سەندیکا لە بێژەنگ بدرێن هەندێك پێوەر هەیە لەبەر چاو بگیرێن، بەتایبەتی وەك ئەوەی دەرچووی پەیمانگا وکۆلێژەکانی ڕاگەیاندن بن، یان لانی کەم بروانامەیەکی ئەوتۆیان هەبێت لە ئاستی پەیمانگاو کۆلێژ کەمتر نەبێت، کاری رۆژنامەگەری پیشەیەکی هونەری وزانستیە و بەرپرسیاریەتیە، چۆن دەبێت ئاستی زانستی ڕەچاو نەکرێت، بۆیە ئەمەش ئەرکێکی دیکەی گرنگە،دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسان ڕۆڵی تیا بگێڕێت.لەم وڵاتە سەرنووسەر هەبووە کە کردوویانە بە سەرنووسەر خاوەنی دوو دێڕ نووسین نەبووە، ئایا ئەم برادەرە رۆژنامەنووسە یا سەرنووسەریش بوویێت ؟ ئێستا زیاتر لە (٧٥٠) گۆڤارو رۆژنامە لە کوردستانی ئازاد دەردەچن، کەواتە زیاتر لە (٧٥٠) سەرنووسەر لەم کوردستانە بچکۆلەیەدا هەن، ئەمە تەنها بێ سەروبەر نەبێ چیدیکەیە؟

٥- خاڵیکی دیکەی گرنگ کە ئەویش هەر دەچێتە چوارچێوەی کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانەوە، پێویستە،سەندیکا ڕاپۆرتی وەرزی هەبێت لە کاری رۆژنامەوانی کوردستان، هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن، کۆپییەکی ئەو ڕاپۆرتەی لابێت، لەسەر بنەمای میتۆدی ئیتیکی رۆژنامەوانی ڕەخنە لە کاری رۆژنامەنووسان بگرێت، بۆئەوەی رۆژنامەنوسان ئاگاداربینەوە وهۆشیاربن بە بنەماکانی ئیتیکی رۆژنامەگەر، مەرج نییە، هەموو کارێکی رۆژنامەوانی بە یاسا یەکلایی بکرێتەوە، بەڵکو بەرچاو ڕوونی و هۆشیارکردنەوەی رۆژنامەنووس لەسەر ئەو کارانەی لە وەرزێکدا ئەنجامیدات، وادەکات یاسای رۆژنامەوانی ببێتە، بەشێك لە ئیتیکی رۆژنامەوانی.

**لە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، دەوڵەت و دیموکراسی و یاسا و پۆلیس هەیە، بەڵام هاووڵاتیان پێویستیان بە هیچیان نییە، بۆیە بە ئاشکرا دوای سەرکردەی پۆپۆلیستی دەکەون و نوێژ بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت دەکەن**



**ئایا دەبێت لە وڵاتێکدا، کە دانیشتوانەکەی تەنها ٤ ملیۆنە زیاتر لە ٢٠٠٠ رۆژنامەنووسی پیشەگەر هەبێت ودەسەڵاتێکیش نەبێت بە ناوی دەسەڵاتی چوارەم ؟**

**هۆمی کاراس بۆ گوڵان:**

# سەربەخۆیی ڕاگەیاندن پێویستی بەوەیە لەلایەن هاووڵاتیانەوە پشتگیری لێبکرێت نابێت لەلایەن کۆمەکبەخشە دەرەکیەکان و حکومەتەوە بەرنامەی ڕەسمی بۆ دابنرێت

**پرۆفیسـۆر هۆمی کاراس یەکێکە لەگەورە تۆژەرەکانی ئامۆژگای بە ناوبانگی برۆکینگز، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر گەشەپێدان و ڕۆڵی میدیا لەبواری گەشـەپێدان لە وڵاتانی تازە پێگەیشـتوو و قۆناخی ڕاگوزاریدا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بوارە و کاریگەرەی ڕۆڵی میدیا لەسەر کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر کاراس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

دەکرێت لەوڵاتە تازەگەشە کردوەکانیشدا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن ببێتە کار و پرۆژەیەکی بازرگانی، چونکە لەم وڵاتانەشدا هاوڵاتیان بەدوای هەواڵ و زانیاریدا دەگەڕێن

*** ڕاگەیانـدن ڕۆڵێکـی کاریگـەر لەکۆمەڵگـەدا دەگێڕێـت، ئایا ئەو زەمینەیە چۆن دەڕەخسـێت بۆ ئەوەی میدیا ئەو ڕۆڵە گرنگە ڕاڤە بکات؟**

- لە ڕاسـتیدا ڕاگەیاندن دەبێت ئەو زانیاریانـە بدات بـە هاووڵاتیان کە پێویسـتیان پێیەتی، ئەمـەش ئەوە دەخوازێت کە پێویسـتە ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی سـەربەخۆ کاربکات، بەو پێیـە نابێت لە لایەن کۆمەکبەخشـە دەرەکیەکان و حکومەتەوە بەرنامەیەکی ڕەسمی بۆ ڕاگەیاندن دابنرێت، کەواتە سـەربەخۆی ڕاگەیاندن پێویست بەوە دەکات کـە لـە لایـەن هاوڵاتیانەوە پشتگیری لێبکرێت.

*** لە وڵاتانی تازە پێگەیشـتوو، یان ئەو وڵاتانەی بە قۆناخی ڕاگوزاری تێدەپـەڕن، هەموو شـت لەقۆناخی بونیادناندایە، ئایا چۆن بتوانیین ماس میدیایەکـی کاریگـەر بەهاریکاری ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان بونیاد بنێن؟**

- دەکرێـت یارمەتی و هاوکاریەکانی ئـەم ڕێکخراوانـە سـوودبەخش بن، بەڵام پێویسـتە ڕاگەیاندن هەڵبستێت بـە پێدانـی زانیـاری پێویسـت بـە هاوڵاتیـان و لـە ئاسـت ئەم بەرپرسـیارێتیەدا بێت، دەستێوەردانی دەرەکی، جـا لەلایەن حکومەتەوەبێت، یـان لە لایـەن ڕێکخراوەکانـەوە بە



شێوەیەکی حەتمی دەبێتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی بیروبۆچونی کۆمەکبەخشـە داراییـەکان بێـت و مەوزوعیانە کارەکانـی ئەدا نەکات، ئەمەش دۆخێکی مەترسیدارە.

*** بەڵام زۆرجار مەرجی پێشـوەختی ڕێکخـراوە بیانییـەکان، هۆکاریکە بۆ لەدەسـتدانی متمانـەی جەماوەر بەمیدیا، پرسیار ئەوەیە ئەو ڕێکخراوانە بۆ بارودۆخی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەبەرچاو ناگرن؟**

- لە ڕاسـتیدا زۆرجـار ئەوەی پێی دەگوترێت مـەرج بریتیە لەو تەکنیک و شـێوازانەی کە بەهۆیـەوە دەکرێت لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری ئەنجام بدرێـت و ڕۆژنامەنوسـان فێـری ئەوەببـن چۆن ئاکاری پیشـەکەیان دەپارێزن و چۆن دەتوانن بە شێوەیەکی پیشـەگەرانە ڕاپۆرت ئامادەبکەن و زانیـاری هاوسـەنگ و مەوزوعی بخەنەڕوو، واتە لـەم ڕووەوە دەکرێت وڵاتە تازەگەشـەکردوەکان سوودێکی زۆر لـە ئەزموونە سـەرکەوتوەکانی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگرن.

*** ڕاگەیاندن پیشـە و بازرگانییە و دەبێت داهاتی خۆی بەدی بهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لەوڵاتانی تازەگەشـەکردوودا بەدی ناکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین یارمەتی خولقاندنی ڕاگەیاندنی ئازاد بدەین؟**

-دەکرێتلەوڵاتەتازەگەشەکردوەکانیشدا ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن ببێتە کار و پرۆژەیەکی بازرگانی، لەبەرئەوەی لەم وڵاتانەشـدا هاوڵاتیـان بەدوای هەواڵ و زانیاریدا دەگەڕێت و پەرۆشی بەدەستهێنانیانن، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی چ مۆدێلێکی کاری ڕاگەیاندن دەگرینەبەر، ئایـا داهاتەکان لە ڕێی بانگەشـە بازرگانیەکانەوە بەدەسـت دەهێنرێن یاخود بە شێوازێکی دیکە.

*** لەوڵاتـە تازە گەشـەکردوەکاندا،**

**ڕاگەیاندن لە لایەن یاساکانەوە ڕێکدەخرێت، لە کاتێکدا لەوڵاتانی گەشەکردوو لەڕێی ئاکاری ڕۆژنامەوانییەوە، هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- لە وڵاتە گەشەکردووەکانیشدا ئەگەر ڕۆژنامەکان هەندێ سنوور و هێڵ ببەزێنن، بۆ نموونە لەکەدارکردن و شێواندنی سومعەی شەخسی، ئەوا ڕووبەڕووی دادگاییکردن و غەرامەکردن دەبنەوە، بەداخەوە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دادگاکان ئەوەندە بەهێزنین بتوانن ئەم جۆری سزایە بسەپێنن، لەبەرئەوەی پەنا بۆ سزای دیکە دەبەن، کەواتە هەر وڵاتە و دۆخێکی تایبەتی خۆی هەیە لەم ڕووەوە.

*** لە وڵاتانی پۆست کۆمۆنیست، حکومەت ڕاگەیاندن بەوە تۆمەتبار دەکات کە بارودۆخی قۆناخی ڕاگوزاری لەبەرچاو ناگرێت، ڕاگەیاندنیش حکومەت بە سنووردارکردنی ئازادی تۆمەتبار دەکات، ئایا چۆن دەتوانرێت هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا بهێنرێتەدی؟**

- هەمیشە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان ڕاگەیاندن و حکومەتدا دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن ڕۆڵی چاودێریکردنی حکومەت دەبینێت و هەمیشە حکومەت ڕووبەڕووی بە ر پر سیا ر یتیە کا ن دەکاتەوە، هیچ حکومەتێکیش خوازیاری ئەوەنییە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ئاشکرابکرێن، بەو پێیە دەبێت ئەم پرۆسەی ئاشکراکردن و لێکۆڵینەوەیە لەکارەکانی حکومەت بە شێوەیەکی هاوسەنگ و عادیلانە ئەنجام بدرێت.

*** ئێمە دەزانین کە ڕاگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ناتوانێت پشت بەداهاتی ڕێکلامەکان ببەستێت بۆ بەردەوام بوون، ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێت پشت بە یارمەتی حکومەت و کەرتی تایبەت ببەستێت، ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن بێلایەن نەبێت و ببێتە سەرچاوەی گەندڵی؟**

- ئەمە بارودۆخێکی دژوارە لەم وڵاتانەدا، لەبەرئەوەی زۆرجار حکومەتەکان دارایی بۆ ئەم دەزگایانە دابین دەکەن، بەو پێیە ڕۆژنامە و ڕادیۆی حکومیمان دەبێت، لەم حاڵەتەشدا ڕاگەیاندن ناتوانێت وەك پێویست بە دوای بەڵگە و ڕاستی و زانیارییەکاندا بگەڕێت و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر بەها و متما نە ی خەڵك بەم دەزگایانە. لەم دۆخەشدا ڕاگەیاندن ناتوانێت ئازاد بێت و مەوزوعیانە کاربکات.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا زۆربەی یان تێکڕای ڕاگەیاندن لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵکراوون، ئایا ئەمە نابێتە هۆی دروستنەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئایا لەم هەل و مەرجەدا چۆن دەتوانین ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ بنیات بنێین؟**

- لێرەدا دەبێت ڕاگەیاندن جیاوازی بکات لەنێوان بڵاوکردنەوەی بیروبۆچون لەگەڵ ڕاپۆرت و هەواڵەکاندا، بۆ نموونە دەتوانێت لەسەرووتاردا، یاخود لە لاپەڕەی بیروبۆچونەکاندا پشتگیری لەلایەنێکی دیاریکراوبکات، بەڵام لە ڕاپۆرت و هەواڵەکاندا دەربارەی پاڵێوراوەکان دەبێت هاوسەنگ بپارێزێت لە تەغتیەکردنەکانیدا.

*** دوا وتەت چیە؟**

ڕاگەیاندن پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە پرۆسەی گەشەپێداندا و کەناڵێکی گرنگی نێوان هاووڵاتیان و سەرکردایەتییە و ئەمەش ڕۆڵێکی بنەڕەتییە کە ڕاگەیاندن ببینێت بە تایبەتی لەخستنەڕووی زانیارییە ڕاست و دروستەکاندا.



ڕاگەیاندن پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە پرۆسەی گەشەپێداندا و کەناڵێکی گرنگی نێوان هاووڵاتیان و سەرکردایەتییە

رۆژنامەنووس سۆنی ئەلبرادۆ بۆ گوڵان:

# لە ئەمریکا دەستوور مافی ئازادی رۆژنامەگەری دابینکردووە و پەیوەندیی بە حکومەتەوە نییە

**رۆژنامەنووس سۆنی ئەلبرادۆ ئەندامی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵی جیهانییە(SPJ) و ماوەی ٣٠ ساڵە کاری رۆژنامەنووسی دەکات و لەچەندین شوێنی جیهان رووماڵی هەواڵە ئابورییەکانی کردووە و سەبارەت بەچۆنیەتی رێکخستنی کاری میدیا و ئازادی رۆژنامەوانی پەیوەندیمان بەرۆژنامەنووس ئەلبرادۆ کرد و بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**


*** لە قۆناخی ڕاگوزاریدا، هەموو شتێك لەسەرەتای گەشەکردنن و بنیاتناندایە، بە هەمان شێوە ڕاگەیاندنیش پێویستی بە گەشەپێدان و بەڕێوبردن دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا میکانیزمەکانی گەشەپێدانی ڕاگەیاندن چین؟**

- دەتوانرێت لەڕێی پەرەپێدانی هۆکارەکانی پەیوەندی هاوچەرخ وەك ئەنتەرنێت و تەلەڤزیۆن و.. هتد بتوانین گەشە بە چۆنیەتی گەیاندنی پەیامی ڕاگەیاندن بدەین.

*** ئایا دەکرێت لەڕێی دابینکردنی ماف و ئازادییەوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەم دەزگایانە زەمینەی ئەم کارە خۆش بکرێت؟**

- لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا دەستوور مافی ڕۆژنامەگەری ئازادی دابین کردووە و حکومەت لەم ڕووەوە ڕۆڵی نییە لەپێدانی ماف و ئازادیدا، بەڵام حاڵەتە میسالیەکە ئەوەیە هەموو حکومەتێك بوار بۆ ڕادەبڕینی ئازاد بڕەخسێنێت.

*** ڕاگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەرەپێدانی وڵاتەکەدا، زۆرجار ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ڕۆژئاواش یارمەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتانە دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك یارمەتی دانی ئەم ڕێکخراوانە سەرکەوتوو بووە لە پاڵپشتی کردنی ڕاگەیاندن لەم وڵاتەدا؟**



- لە ڕاستیدا من هیچ ئەزمونێکم نیە لەم ڕووەوە و ناتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە چۆن دەتوانین هاوکاری ئەم ڕێکخراوانە بۆ پەرەپێدانی ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا بەکاربهێنرێت.

*** هەندێ لەشارەزا سیاسییەکان پێیانوایە هاوکاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتە تازەگەشەکردوەکان کاریگەری خراپی دەبێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕێکخراوانە مەرجیان هەیە بۆ ئەو یارمەتیەی پێشکەشی دەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی خەڵك لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەر ئەوەی پێیانوایە بەپێی مەرجەکانی ئەوان کاردەکەن، هۆکاری دانانی ئەم مەرجانە لەلایەن ئەم ڕێکخراوانەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من پێموایە هۆکارەکە ئەوەیە ئەم ڕێکخراوانە یاسا و ڕێسای خۆیان هەیە بۆ چۆنیەتی بەخشینی ئەو کۆمەك و یارمەتیانە و ڕەنگە دانانی ئەم مەرجانەش لەم چوارچێوەیەدا بخوێنرێتەوە.

*** ڕاگەیاندن پیشە و بازرگانییە و دەبێت داهاتی خۆی بەدی بهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لەوڵاتانی تازەگەشەکردوودا بەدی ناکرێت، بۆ نموونە کەرتی گشتیش ناتوانێت ئەم کارە بۆ ڕاگەیاندن بکات. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین یارمەتی خولقاندنی ڕاگەیاندنی ئازاد بدەین؟**

- من دڵنیانیم لەوەڵامی ئەم پرسیارە، بۆ نمونە گۆڤارێکی هەفتانەی وەك گۆڤارەکەی ئێوە دەبێت داهاتی بانگەشە بازرگانیەکان و سەرچاوەی دیکەی دارایی بەدەستبهێنێت بۆ پەرەپێدانی پەیامەکەی و بۆ بەڕێوبردنی ئیش و کارەکانی، هەروەها دەبێت ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە بتوانن گۆڤارەکە بکڕن و ئیشتراك بکەن، بەڵام چۆن دەتوانن ئەم کارە بکەن، من دڵنیانیم. بەڵام من لە گۆڤارێکدا کار

دەبێت ڕاگەیاندن هۆکارێک بێت بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی نەک خۆی ببێتە سەرچاوەی گەندەڵی

دەکەم کە توانیمانە بەم شێوەیە داهاتی خۆمان دابین بکەین، ئەمەش کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئەوەی ئێمەی ئەنجامی دەدەین کارێکی ڕۆژنامەوانیە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەك پرۆژەیەکی کار و بازرگانیش وایە.

*** ئێمە دەزانین کە ڕاگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ناتوانێت پشت بەداهاتی ڕیکلامەکان ببەستێت بۆ بەردەوام بوون، ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێت پشت بەیارمەتی حکومەت و کەرتی تایبەت ببەستێت، ئایا ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندن بێلایەن نەبێت و ببێتە سەرچاوەی گەندەڵی؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ڕاگەیاندن هۆکارێك بێت بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵی نەك خۆی ببێتە سەرچاوەی گەندەڵی، من لەوە تێدەگەم کە دەکرێت لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا ڕاگەیاندن ببێتە بەشێك لە حکومەت، بەڵام من لەوە دڵنیانیم کە چۆن ئێوە دەتوانن خۆتان لە ڕودانی ئەم حاڵەتە لابدەن، ئەمە تەحەددایەکی قورسە.

*** لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، ڕاگەیاندن لەلایەن یاساکانەوە ڕێکدەخرێت، لە کاتێکدا لەوڵاتانی گەشەکردوو لەڕێی ئاکاری ڕۆژنامەوانیەوە، هۆکاری ئەم جیاوازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- دۆخەکە لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بناخەیەکی دیموکراتی و دامەزراوەگەلێك هەبن کە دەرفەت بە ئاڵ و گۆڕکردنی ئازادانەی بیروڕاکان بدەن بێ ئەوەی حکومەت دەستێوەردان بکات.

*** لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا ڕاگەیاندن ڕۆڵی چاودێری دەبینێت لەسەر حکومەت، لەکاتێکدا لەوڵاتانی تازەگەشەکردوودا بەهەڵە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوانیاندا، حکومەت ڕاگەیاندن بەوە تۆمەتبار دەکات کە بارودۆخی قۆناخی ڕاگوزەری لەبەرچاو ناگرێت، ڕاگەیاندنیش حکومەت بە سنووردارکردنی ئازادی تۆمەتبار دەکات، ئایا چۆن دەتوانرێت هاوسەنگیەك لەنێوانیاندا بهێنرێتەدی؟ ئایا زەمانەتی ئەوە چییە لەحاڵەتی یارمەتیدانی ڕاگەیاندن لەلایەن حکومەتەوە ڕاگەیاندن بەئازادی و سەربەخۆیی بمێنێتەوە؟**

- ئەمە هاوسەنگیەکی قورسە بۆ ئەوەی بهێنرێتەدی کە پێویستە حکومەت و ڕاگەیاندن کاری لەسەر بکەن. لە ڕاستیدا هیچ زەمانەتێك نییە و زۆرجار یارمەتیدانی ڕاگەیاندن لەلایەن حکومەتەوە کارێکی مەترسیدارە، لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا حکومەت ڕۆڵی دەبێت لە دیاریکردنی کار و پەیامی ڕاگەیاندندا. کەواتە هیچ زەمانەتێك نییە، بەڵام زۆرجار حکومەت تەنها سەرچاوەی دابینکردنی داراییە بۆ ڕاگەیاندن، بۆ نموونە لە سەرەتاوە حکومەتی بەریتانی دارایی بۆ BBC دابین دەکرد، دواتر بو بە کەناڵێکی تایبەت، هەروەها ڕادیۆی گشتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن حکومەتەوە داهاتی بۆ دەستەبەر دەکرا، بەڵام ئێستا حکومەت ڕۆڵێکی زۆر کەم دەبینێت تێیدا.

*** لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا زۆربەی یان تێکرایی ڕاگەیاندن لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە کۆنترۆڵکراوون، ئایا ئەمە نابێتە هۆی دروستنەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئایا لەم هەلومەرجەدا چۆن دەتوانین ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ بنیات بنێین؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی نۆزدە لە ئەمەریکا، لەسەرەتاوە پارتە سیاسیەکان کۆنترۆڵی ڕۆژنامەکانیان دەکرد، دواتر گەشەی کرد بۆ ئەوەی ببنە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی سەربەخۆ و ئازاد، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵکردنی ڕۆژنامەکان لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە شتێکی نائاسایی نیە و دەکرێت وەك بەشێك لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ڕاگەیاندنی دابنێین.

**لە ئەمەریکا، لەسەرەتاوە پارتە سیاسیەکان کۆنترۆڵی ڕۆژنامەکانیان دەکرد، دواتر گەشەی کرد بۆ ئەوەی ببنە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەی سەربەخۆ و ئازاد**



### ڕۆژنامەنووس وادیک جۆزیف بۆ گوڵان:

# لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کەناڵی BBC هەمیشە ڕاستیەکانی پەخش دەکرد، تەنانەت ئەگەر باسی شکستی بەریتانیەکانیش بوایە

**ڕۆژنامەنووس وادیك جۆزیف سەرۆکی بەشی گەیاندن لەزانکۆی ئەمریکی لەپاریس و پسپۆر و تایبەتمەند لەبواری ڕێکخستنی کاری میدیا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و چۆنیەتی ڕێخستنی کاری میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم، پرۆ فیسۆر جۆزیف بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئایا میکانیزمەکانی گەشەپێدانی ڕاگەیاندن لەقۆناخی ڕاگوزاریدا چین؟**

- لەڕێی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە، دواتر شێوە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن پشت بەجۆر و شێوەی سیستمە سیاسیەکە دەبەستن، چونکە ڕاگەیاندن پێویستی بە دارایی هەیە و داراییش پشت بە بونیادە سیاسیەکە دەبەستێت، بۆ نموونە لە وڵاتانی وەك بەریتانیا، ئەڵمانیا و دانیمارکدا، ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە لە ئارادایە کە پێی دەڵێین ڕاگەیاندنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، یاخود مۆدێلی «BBC» کە تێیدا دارایی ئەم دەزگایانە لە ڕێی باجەوە دابین دەکرێت، واتە هەر کەسێك خوازیاری ئەوەبێت پەخشی ئەم کەناڵانە وەربگرێت، ئەوا دەبێت باج بدات و ئەم باجەش بۆ ئەم دەزگایانە دەگەڕێنەوە. هەروەها مۆدێلێکی دیکە هەیە کە پشت بە داهاتی ڕێکلامەکان دەبەستێت بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بەدی دەکەین، ئەم دو جۆر مۆدێلە سەربەخۆن و دەتوانن ڕەخنە لە حکومەت بگرن. جۆری سێیەم ئەو ڕاگەیاندنانەیە کە لە وڵاتانی عەرەبیدا هەن کە وەزارەتی ڕۆشنبیری داراییان بۆ دابین دەکات و کۆنترۆڵیان دەکات.

> **یەکێك لەکێشەکانی ئیدارەی بۆش ئەوەبوو پێی وابوو دەکرێت بە ئاسانی دیموکراسی هەناردەی دەرەوە بکرێت، لەکاتێدا پەرەپێدانی دیموکراسی دەبێت لە چوارچێوەی کولتوور و بونیادی کۆمەڵگەکەدا بێت**

*** بەڵام زۆرجار ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ڕۆژئاوا یارمەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتانە دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك یارمەتی دانی ئەم ڕێکخراوانە سەرکەوتوو بووە لەپاڵپشتی کردنی ڕاگەیاندن لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا؟**

- هەندێ جار سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و هەندێ جاری دیکەش تێگەیشتنێکی



باشیان لادروست نەبووە لە بارەی سروشتی ئەو کۆمەڵگایەی یارمەتیان دەدەن، بۆ نموونە تێڕوانینێکی دروستیان لا گەڵاڵە نەبووە لە سەر پەیوەندیە خێڵەکیەکان یان پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی خێزان لەم کۆمەڵگەیاندا، لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵی دروستکردنی دەزگاگەلێکی بێلایەن بدەن، یاخود دەرفەتی ڕادەبڕین بۆ تێکرای گروپەکان بڕەخسێنن، کە زۆرجار ئەمش زەحمەتە لەبەر ئەو دابەشبوونە ئاینی و ئێتنیانە لەم وڵاتانەدا هەیە، بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکەین.

*** هەندێك شارەزا پێیانوایە یارمەتی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بارودۆخی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەبەرچاو ناگرن، ئەمەش دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی خەڵك لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەرئەوەی پێیانوایە بەپێی مەرجەکانی ئەوان کاردەکەن، هۆکاری دانانی ئەم مەرجانە لەلایەن ئەم ڕێکخراوانەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- یەکێك لەکێشەکانی ئیدارەی بۆش ئەوەبوو پێی وابوو دەکرێت بە ئاسانی دیموکراسی هەناردەی دەرەوە بکرێت، لەکاتێدا پەرەپێدانی دیموکراسی دەبێت لە چوارچێوەی کولتوور و بونیادی کۆمەڵگەکەدا بێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری دیموکراسیەتی فەرەنسا، ئەڵمانیا یاخود بەریتانیا بکەیت، ئەوا زۆر جیاوازن لە دیموکراسیەتی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی کەلتوور و بونیادی جیاواز، پەیوەندیەگەلی جیاواز دەخوڵقێنن. لە لایەکی دیکەوە گرنگە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵی بێلایەن بوون و مەوزوعی بوون بدەن و دەرفەتی یەکسان بۆ تێکرای گروپەکان بڕەخسێنن بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن.

*** ئایا چۆن بتوانین یارمەتی خوڵقاندنی ڕاگەیاندنی ئازاد بدەین؟**

- لەڕاستیدا دەتوانین ئاماژە بە مۆدێلی هیندستان بکەین کە زۆرجار هاوکارییە دەرەکییەکان بۆ وێستگەکانی ڕادیۆ بەکاردەهێنرێن بۆ بەرچاوڕوونکردنەوەی خەڵك دەربارەی چۆنیەتی دارشتنی پلان لەلایەن خێزانەکانەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانیان و مەسەلەکانی دیکەی پەیوەست بەم بوارەوە، واتە مەرج نییە هەمیشە ڕاگەیاندن باس لە سیاسەت بکات، بەڵکو زۆرجار هەڵدەستێت بە بایەخدان بە پێشخستنی کۆمەڵگە بە ڕێگە و شێوازەکانی دیکە. لەلایەکی دیکەوە مۆدێلێکی وەك «BBC» لەئارادایە کە

ڕۆڵی ڕۆشنبیرکردن و پەروەردە دەبینێت، ئەمەش پێویستی بە خەڵکانی بێلایەن و مەوزوعی هەیە، کە زۆرجار دۆزینەوەی ئەم خەڵکانە زەحمەتە، بۆ نموونە لە عێراقدا بەهۆی بوونی ئاین و ئیتنی جیاوازەوە، ئەوا بێلایەن بوون پێویستە لەم بوارەدا، بێلایەن بوونیش ئەوەیە لە لایەن تێکڕای گروپەکانەوە ڕێزی لێبگیرێت.

*** لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا، ڕاگەیاندن لەلایەن یاساکانەوە ڕێکدەخرێت، لەکاتێکدا لەوڵاتانی گەشەکردوو لەڕێی ئاکاری ڕۆژنامەوانییەوە، هۆکاری ئەم جیاوازیە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- ڕاستە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ئاکاری ڕۆژنامەوانی هەڵسوڕێنەری ڕاگەیاندنە، لەبەرئەوەی ڕاگەیاندن پشت بە ڕێکلام و داهاتەکانی خۆی دەبەستێت، بەڵام لەوڵاتانی وەك فەڕەنسا و ئەڵمانیادا یاسا هەیە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن، بۆ نموونە لە فەڕەنسا کۆمیسیۆنی باڵای ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە حاڵەتی هاندانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری.

*** لەوڵاتانی تازەگەشەکردودا بە هەڵە تێگەیشتنێك هەیە لەنێوان حکومەت و میدیادا، حکومەت ڕاگەیاندن بەوە تۆمەتبار دەکات کە بارودۆخی قۆناخی ڕاگوزەری لەبەرچاو ناگرێت، ڕاگەیاندنیش حکومەت بەسنووردارکردنی ئازادی تۆمەتبار دەکات، ئایا چۆن دەتوانرێت هاوسەنگیەك لەنێوانیاندا بهێنرێتەدی؟**

- لە ڕاستیدا حاڵەتەکە لەتیکڕایی وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا وەك یەك نییە، بۆ نموونە لە کینیا ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەبوو، حکومەتی هەوڵی داخستن و دەمکوتکردنی دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لە هیندستان ڕاگەیاندن ڕۆڵی ڕەخنەگرتن لە حکومەت دەبینێت،لەکەمبۆدیا ڕاگەیاندن نەیتوانیوە لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بێت. بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەی لەقۆناخی راگوزاریدان زەمینەی گفتوگۆیەکی ئەقڵانی و بێلایەنانە بڕەخسێنێت.

*** ئێمە دەزانین کە ڕاگەیاندن لەوڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا ناتوانێت پشت بە داهاتی ڕێکلامەکان ببەستێت بۆ بەردەوام بوون، ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێت پشت بە یارمەتی حکومەت و کەرتی تایبەت ببەستێت، ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن بێلایەن نەبێت و ببێتە سەرچاوەی گەندەڵی؟**

- ڕاستە ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا ناتوانێت پشت بە داهاتی بانگەشە بازرگانیەکان ببەستێت، هەروەها ڕەنگە پشت بەستن بە حکومەت و کەرتی تایبەت بێلایەنی ڕاگەیاندن بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام دەکرێت نمونەی «BBC» بگرینەبەر کە بریتیە لە سەپاندنی باجێکی ڕاستەوخۆ بەسەر بەکارهێنەرانی ئەم کەناڵانەدا، کە ئەم باجەش لە لایەن دەستەیەکی سەربەخۆوە کۆدەکرێتەوە، ئەمە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکانیشدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت ئەگەر هەوڵی گرتنەبەری بدرێت.

*** لەوڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا زۆربەی ڕاگەیاندن لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە کۆنترۆڵکراون، ئایا ئەمە نابێتە هۆی دروستنەبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئایا لەم هەلومەرجەدا چۆن دەتوانین ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ بنیاتبنێین؟**

- ئەمە دۆخێکی دژوارە، ئەم حاڵەتە لە هەشتاکاندا لە ئیتالیا بەدی دەکرا، بەڵام ئەرکی ڕاگەیاندن تەنها ئەرکێکی سیاسی نییە، بەڵکو زۆرجار دەبێت ڕۆڵی ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردنیش ببینێت، واتە تەنها لە بواری سیاسیدا کورت نەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بە خەڵکانی بێلایەن هەیە و ئەرکێکی قورسیشە، بەڵام دەبێت هەوڵی بۆ بدەین. هەروەها زۆرجار ڕاگەیاندنی پێویستی بە یاسا هەیە بۆ ئەوەی بەرەو پشێوی بچێت، بۆ نموونە تاوەکو ساڵی ١٩٨٤یش لە ئەمەریکادا ئەو یاسایە هەبوو کە ئەگەر لە کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ڕەخنە لە کەسێك بگیرایە دەبوو دەرفەتی وەڵامدانەوە بە کەسە ڕەخنەلێگیراوەکە بدرێت، دواتر هەڵوەشایەوە و ڕاگەیاندن پتر ئاڕاستەیەکی بازرگانی وەرگرت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لەڕاستیدا پێویستمان بەوە هەیە کە لە سیستمی پەروەردا مناڵان فێری بیرکردنەوەی سەربەخۆ بکرێن، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا هاوڵاتیانی ئازاد دروست ببێت کە گرنگن بۆ دروستبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد. لە لایەکی دیکەوە پێویستە ئەو متمانەیە بە ڕاگەیاندن دروست بێت کە هەمشە ڕاستیەکان دەگوازێتەوە، بۆ نموونە لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کەناڵی BBC هەمیشە ڕاستیەکان پەخش دەکرد، تەنانەت ئەگەر باسی شکستی بەریتانیەکانیش بوایە، لە کاتێکدا ڕاگەیاندنی ئەڵمانیا هەمیشە باسی سەرکەوتنی دەکرد ئەگەرچی ڕاستیش نەبوایە.

**گرنگ ئەوەیە ڕاگەیاندن لەو وڵاتانەی لەقۆناخی راگوزاریدان زەمینەی گفتوگۆیەکی ئەقڵانی و بێلایەنانە بڕەخسێنێت**

